پڕۆژەی تێکستە فەلسەفییەکان (5)

# ئەفلاتون

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

ئاوات ئەحمەد

2005

www.pertwk.com

www.pertwk.com


- ناوی کتێب : ئەفلاتون
- ناوی نوسەر : تۆماس بریکهاوس .. نیکۆلاس دی سمیس.. کۆراب کارپۆفیچ
- ناوی وەرگێڕ : ئاوات ئەحمەد
- ساڵی چاپ : 2005
- نۆرەی چاپ : یەکەم
- ژمارەی سپاردن 86 ی ساڵی 2005 ی دراوەتێ.
- تیراژ : 1000 دانە
- چاپخانەی سیما.



- هەموو مافەکان پارێزراون بۆ وەرگێڕ.

www.pertwk.com

# ناوەڕۆك


| | | |
|---|---|---|
| پێشەکی | ئاوات ئەحمەد | 6 |
| ئەفلاتون | تۆماس بریکهاوس | 19 |
| سەرەتا | | 12 |
| ژیننامەی ئەفلاتون | | 13 |
| خێزان | | 14 |
| سەفەرو گەڕان و دامەزراندنی ئەکادیمیا | | 15 |
| سەفەرەکانی دواتر | | 18 |
| ئەوانەی کاریگەرییان لەسەر ئەفلاتون هەبووە | | 20 |
| نوسینەکانی ئەفلاتون | | 22 |
| ریزکردنی دیالۆگەکان بە پێی کات | | 24 |
| گوێزانەوەی کارەکانی ئەفلاتون | | 27 |
| ئەو کارانەی دراونەتە پاڵی ئەفلاتون | | 27 |
| بەکارهێنانی کاراکتەری سۆکرات | | 32 |
| هەڵوێستی ئاکاری لە دیالۆگەکانی سەرەتادا | | 35 |
| هەڵوێستی سایکۆلۆژی لە دیالۆگەکانی سەرەتادا | | 36 |
| هەڵوێستی ئاینی لە دیالۆگەکانی سەرەتادا | | 36 |
| هەڵوێستیمیتۆدی ئەپستمۆلۆژی لە دیالۆگەکانی سەرەتادا | | 37 |
| دیالۆگەکانی ناوەڕاست | | 39 |
| تیوریی فۆرمەکان | | 41 |
| نەمری و زیندووبوونەوە | | 42 |
| سایکۆلۆژیای ئاکاریی | | 43 |
| رەخنەگرتن لە هونەرەکان | | 44 |
| خۆشەویستی ئەفلاتونی | | 45 |
| دیالۆگەکانی گوێزانەوەو کۆتایی | | 46 |
| میتۆدۆلۆژیای فەلسەفی | | 46 |
| رەخنەگرتن لە تیوریی فۆرمەکان | | 47 |

www.pertwk.com


| | | |
|---|---|---|
| ئاوابوونی سۆكرات | | 49 |
| ئەفسانەی ئەتلانتێس | | 49 |
| ئەفراندنی گەردون | | 49 |
| یاساكان | | 50 |
| سەرچاوەكان | | 51 |
| فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتون | دەبلیو جەی گۆراب كاربۆفیچ | 55 |
| ژیانی ئەفلاتون لە گۆشەنیگای فەلسەفەی سیاسییەوە | | 57 |
| ئەركی سێ لایەنەی فەلسەفەی سیاسی | | 61 |
| پرسیاری داد پەروەریی لە كۆماردا | | 62 |
| باشترین سیستمی سیاسی | | 68 |
| حكومەتی فەرمانڕەوا فەیلەسوفەكان | | 72 |
| سیاسەت و رۆح | | 80 |
| دەسكەوتەكانی ئەفلاتون | | 85 |
| ئەفلاتون و دیالۆگەكانی | ریچارد كراوت | 89 |
| پێڕوی سێنتەریی ئەفلاتون | | 92 |
| مەتەڵی ئەفلاتون | | 93 |
| دیالۆگ..شوێن..كاراكتەر | | 95 |
| سۆكرات | | 97 |
| ناڕاستەوخۆیی ئەفلاتون | | 99 |
| ئایا دەتوانین هزری ئەفلاتون بناسینەوە | | 100 |
| سۆكرات وەك قسەكەرێكی بالادەست | | 104 |
| پێوەستی نێوانی دیالۆگەكان | | 105 |
| ئایا ئەفلاتون بۆچوونی خۆی دەربارەی فۆرمەكان دەگۆڕێت؟ | | 107 |
| ئایا ئەفلاتون بیری خۆی دەربارەی سیاسەت دەگۆڕێت؟ | | 109 |
| سۆكراتی مێژوویی | | 112 |
| سەرچاوەو ژێدەرەكان | | 125 |

## پێشەکی

پڕۆژەیەکی سەختو گرانی وەك وەرگێڕانی کارەکانی ئەفلاتون، بۆ کەلتورێکی نائامادەو پڕ لە کەلێنی وەکو ئەم کەلتورە، تووشی ناڕەحەتی و قۆرتو تەگەرەی زۆرو چاوەڕواننەکراو دەبێت. هەر لە سەرەتای پڕۆژەکەوە، قۆرتی کەمی سەرچاوەی نوێو نەبوونی چاوگو سەرچاوەی شیکاریی بۆ کارەکانی ئەم فەیلەسوفە مەزنە، قۆرتێکی تا رادەیەك بێ چارەسەرو نائومێدکەر بووە. کاتی خۆشی لە پێشەکی چاپی یەکەمی داکۆکیدا ئاماژەمان دا بەوەی دکتۆر فاروق رەفیق لە دواهەمین سەردانەوەیدا بۆ کوردستان، تێکستێکی نوێی کارەکانی ئەفلاتونی لەبەردەستدا بوو، بەڵام لەبەر هەندێك هۆ کە پەیوەندییان بە خۆیەوە هەبوو، نەیتوانی دەسبەرداری ببێتو بۆمان جێبهێڵێت.

وەلێ دواتر کتێبخانەی رێکخراوە دیموکراسییەکانی سلێمانی کۆپییەکی فارسی کارەکانی ئەفلاتونی خستە بەردەستمان، لە زنجیرەکانی رابردودا گەلێك سودمان لێ وەرگرتووەو لە شوێنی خۆشیدا ئاماژەمان پێداوە. هەر لەو ماوەیەشدا, وەزیری رۆشنبیری سلێمانی، کاك فەتاح زاخۆیی دوو سەرچاوەی گرنگی خستە بەردەستمان، ئەوانیش سودێکی زۆریان پێگەیاندین بۆ تێگەیشتنو لێکدانەوەی چەمکە فەلسەفییەکانو تێگەیشتنی کەش و هەوا یۆنانییەکەی ئەم هزرە مەزنە.

لە سەرەتای هاوینی رابردوودا، هاوڕێی دێرینمان ستار کوردە کۆپییەکی نایابی لە نوێترین چاپی سەرجەمی کارەکانی ئەفلاتونی لە ئەمریکاوە گەیاندە دەستمانو دوای چەند مانگێك هەر هەمان ئەو بەڕێزە لە شامەوە کۆپییەکی عەرەبیشی بۆ هێناین. بە گەیشتنی ئەم دیارییە بە نرخانە بۆشاییەکی گەورە پڕ بووەوە، بەڵام گرفتێکی دیکە سەری هەڵدا:

هەروەك لە جێگای خۆیدا بە خوێنەرمان راگەیاندووە، پێشتر لە ئینتەرنێتەوە کۆپییەکی سەرجەمی کارەکانی ئەفلاتونمان دەستکەوتبوو، ئەو تێکستە لە لایەنی بنیامین جۆوێتی قەشەوە کراوە بە زمانی ئینگلیزی. بەڵام چەند خاڵێکی لاوازی هەبوو، لەوانە:

1. کۆپییەکی کۆنەو ماوەیەکی زۆر بەسەر ئامادەکردنیدا تێپەڕیوە.

2. هەندێك لە دایالۆگەکانی ژمارەبەند نەکردووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی بەراوردکردنیان بە تێکستە عەرەبیو فارسییەکان زۆر ناڕەحەت ببێت.

3. لە میانی گەڕانو پشکنیندا کەوتین بەسەر هەندێك رەخنەو تێبینی لێکۆڵەرە ئەفلاتونییەکاندا دەربارەی تێکستەکەی جۆویت کە پێیان وایە وەرگێڕانەکەی زۆر ئەمین نیەو زیاتر بەشێوەیەکی ئەدەبی ئامادەی کردووەو لە گەلێك شوێندا پێوەست نەبووە بە تێکستە ئەسڵییەکەوە.

پێشتر بۆ کەمکردنەوەی مەودای ئەو لاوازییانە، هانامان بردبووە بەر کۆپییە فارسیو عەرەبییەکانو بەراوردکردنی چەندبارەی هەموویان بە یەکتریی.

بۆیە دەسکەوتنی تێکستێکی ئاوەها تازە کە چەندان پسپۆڕو شارەزای ئەفلاتون بەشدارییان لە ئامادەکردنیدا کردووە، پێویستی بەوە هەبوو بە وردی بخوێندرێتەوەو لەگەڵ تێکستەکانی دیکەدا بەراورد بکرێتو ئەو کارەی تا ئێستا ئەنجامدراوە، هەڵبسەنگێندرێت، ئەمەش کاتێکی باشی دەوێت.

ئەم کارە سەختە هەموو هاوینو پاییزی رابردووی خایاند. گەرچی چەند بەشێکی دیکەی پرۆژەکە پێشتر ئامادە ببوون، بەڵام هەموویمان راوەستاند. سەرەنجام گەیشتینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

1. تێکستە عەرەبییەکە (لە ئیگلیزییەوە وەرگێڕدراوەو شەوقی تەمراز لە شەش بەرگدا ئامادەی کردووە کە هەموویان بەسەر یەکەوە 2900 لاپەڕە دەبێتو ساڵی 1994 لە لوبنان بەچاپ گەیەندراوە).. تێکستێکی مامناوەندییەو زۆر یاریدەدەرمان نابێت. چونکە لە لایەکەوە وەرگێڕ ئاماژەی نەکردووە بۆ ئەوەی کام کۆپییە ئینگلیزییەی کردووە بەسەرچاوە، هەروەها تێکستەکەشی ژمارەبەند نەکردووە، جگە لەوەی وەکو نەریتە عەرەبییە باوەکەی خۆیان، زۆر خۆی بە لایەنی زمانەوانییەوە خەریك کردووەو تێکستێکی عەرەبی ئامادەکردووە، رەنگە لێکدانەوەی وشەو دەستەواژەکانی ئەو تێکستە کارێکی ناڕەحەتو درێژخایەن بێت. ئەوەشی لەگەڵدا بێت کە پشتی بە ریزبەندیی باوی دایالۆگەکان نەبەستووەو یەکسەر بە کۆمار دەستپێدەکاتو ئەوانیتریشی بە بێ نەخشەیەکی راگەیەندراو بەناو بەرگەکانی تردا بڵاو کردۆتەوە.

2. تێکستە ئینگلیزییەکە (لە ساڵی 1997 دا لە ئەمریکا چاپ کراوەو جۆن ئێم کووپەر سەرپەرشتی کردووەو سیو چوار پسپۆڕی شارەزای ئەفلاتونناس بەشدارییان لە ئامادەکردنیدا کردووە و بە قەبارەی 1800 لاپەڕە بەچاپ گەیەندراوە) وەڵامی هەموو پێداویستییەکانی ئێمە دەداتەوەو ڕزگارمان دەکات لە تێکستە جیاجیاکانی تر کە پڕن لە جیاوازیو هەندێجاریش ناتەبایی (وەك لە زۆر جێگادا ئاماژەمان بۆ کردوون)، هەروەها لە کتێبە پەرتو بڵاوەکانی تر قوتارمان دەکات، ئەمە جگە لەوەی کە لە کۆتایی کتێبەکەدا فەرهەنگۆکێکی بچووك ئامادەکراوە بۆ زاراوە ئەفلاتونییەکانو شیکردنەوەو لێکدانەوەی ماناکانیان. بە بوونی ئەم کتێبە ئیتر زەحمەتە پێویستیمان بە سەرچاوەکانی تر ببێت. بۆیە لێرە بەدواوە بە تەنها پشت بەمیان دەبەستینو ناگەڕێینەوە سەر هیچکام لە سەرچاوەکانی تر، مەگەر لە جێگایەکدا کە نەتوانین مانای دەستەواژەیەك یان زاراوەیەك لێکبدەینەوە، یاخود ڕستەیەکمان بە باشی بۆ شیی نەکرێتەوە. لە هەموو ئەو جێگایانەشدا، ئاماژە بە سەرچاوەی دووهەم یان سێهەم دەدەین.

3. دوای بەراوردکردنی زنجیرەکانی پێشووتری پڕۆژەکە بەم سەرچاوە نوێیە، بۆمان دەرکەوت ماندبوونەکەمان بەهەدەر نەچووەو تێکستە کوردییەکان (ئەگەر چاو لە هەندێك کەموکورتی بچووك بپۆشین) شایستەی متمانە پێکردنن (هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بۆ هەر تێکستێك چەندان تێکستی دیکەمان بەراورد کردووە).

ئیتر لێرە بە دواوە پشت بە ڕیزبەندیی تێکستە ئینگلیزییەکە دەبەستینو لە بری ئەوەی وەك بەڵێنمان دابوو سیاسەتمەدار بخەینە بەردەستی خوێنەر، کراتیلۆسی پێشکەش دەکەین. کراتیلۆس دیالۆگێکی زۆر تایبەتمەندەو لە هەندێك مەسەلەی قورسی وەك ڕێزمانو بونیادی زمان دەکۆڵێتەوەو زۆر نزیکە لە کاری بونیادگەراکان یان هەڵوەشاندنەوەگەراکانو بگرە تەنانەت شێوازی کارکردنی هێرمینۆتیکییانەشی تێدا دەبینرێتەوە.

جێگای ئاماژە پێدانە، لە ماوەی سەرقاڵیماندا بەم پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنەوەوە، ژمارەیەك لە خوێنەران پەیوەندییان پێوە کردووینو هەواڵی زنجیرەی نوێیان پرسیوەو ناو بەناویش هەندێکیان گازاندەیان لە ناڕەحەتیو گرانی

www.pertwk.com

تێکستەکان کردووەو پێیان لەوە ناوە کە بە ئاسانی ناتوانن هاوشانییان بکەن. گەرچی ئەمە خۆی سروشتی تێکستی فەلسەفییەو هەرگیز بە سانایی خۆی نادات بەدەستەوەو پێویستە خوێنەر لایەنێکی کاراو پرسیارکەربێت بۆ ئەوەی پرۆژەی فەلسەفی بچێتە سەر، بەلاّم هەر بیرمان لە چارەسەرێك کردەوە بۆ ئەم گرفتە, سەرەنجام بڕیارماندا لە بری ئەوەی لە هەمان ئەو شوێنەوە دەستپێبکەینەوە کە لێی راوەستابووین، کتێبێکی راڤەکارو لێکدەرەوە لەسەر ئەفلاتون‌و هزری ئەفلاتون‌و کارەکانی پێشکەشی خوێنەران بکەین. بڕیاریشماندا ئەمە بکەین بە نەریت‌و لەدوای بلاّو بوونەوەی هەر چوار بەش، زنجیرەیەك تەرخان بکەین بۆ ئەم کارە. ئەمەش یەکەمین هەنگاوی پیادە کردنی ئەو بیرۆکەیەیەو بە نیازیشین زنجیرەی دەهەم تەرخان بکەین بۆ سۆکرات‌و لەوانەشە پازدەهەم تەرخان بکەین بۆ گۆرگیاس‌و پاشان پرۆتاگۆراس‌و دواتر فەلسەفەی یۆنانی دێرین‌و فەلسەفەی پێش سۆکراتی‌و ئەگەر بواریش ببێت دەستوری ئەسینایییەکان، کە یەکێکە لە نوسراوە بەهادارەکانی ئەرەستۆ، ئەویش دەخەینە ریزەوە .. هتد. سەرنجی خوێنەری بەڕێز رادەکێشین کە لە ژمارەی مانگی شوباتی گۆڤاری سەردەمدا بەشێك لە کتێبی "رۆژێك لە ئەسینای دێرین – ولیەم داڤیز"مان بلاّو کردۆتەوەو بە نیازیشین بەردەوام ببین، ئەو کتێبەش هاریکارییەکی باشیان دەکات. لە لایەکی تریشەوە کتێبێکمان ئامادە کردووە لەسەر یۆنانی دێرین و تەرخانمان کردووە بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە نێوانی (12–16) سالّیدایە، ئەویش بەم نزیکانە بەر دەست دەکەوێت.

ماوەتەوە ئەوەی بلّێین کە بۆ ئامادەکردنی پەراوێزەکان، لە پالّ ئەو سەرچاوانەی لە زنجیرەی چوارەمدا ئاماژەمان پێداون، سودمان لەم سەرچاوانەش وەرگرتووە:

1. Oxford dictionary of philosophy
By: Simon Blackburn 1996.

2. الموسوعة الفلسفية د. عبدالمنعم الحفني (بەرواری چاپی پێوە نیە).

پێویستە ئەوەش بلّێین کە لێرەدا هەموو ئەو پەراوێزانەمان تۆمار کردووە، کە بە پێویستمان زانیون. بەلاّم لە زنجیرەکانی داهاتوودا، تەنها پەراوێز بۆ ئەو زاراوانە پێشکەش دەکەین، کە پێشتردا کارمان تێدا نەکردوون، ئەمەش بە مەبەستی دووبارە نەبوونەوە...

بەهاری 2005

www.pertwk.com

# ئەفلاتون

تۆماس بریكهاوس ..

# سەرەتا

ئەفلاتون یەکێکە لە هەرە نێودارترین‌و خوێندراوەترین‌و لێکۆڵراوەترین فەیلەسوفەکانی جیهان. قوتابی سۆکرات‌و مامۆستای ئەرەستۆیە. لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی پێش زایینەوە دەستی کردووە بە نوسین, کارەکانی ئەو بە گرنگترین سەرچاوەی جیهانی دێرین دادەنرێن دەربارەی ژیان‌و بیرکردنەوەی سۆکراتی مامۆستای. کارەکانی دواتری کە یەکێکیان "کۆمار"ە نێودارەکەیەتی, سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی فەلسەفەی سیاسی‌و ئاکاری, سایکۆلۆژیای ئاکاریی, ئەپستمۆلۆژیا• و میتافیزیاشن•, هەموویانی لە سیستمێکی تۆکمەی پێکەوە بەستراوی فەلسەفیدا کۆکردۆتەوە. گرنگترینی ئەو شتانەی لە ئەفلاتونەوە بۆ ئێمە جێماون, تیوری فۆرمەکانە, بە پێی ئەم تیورە، ئەم جیهانەی لە ڕێگای هەستەکانمانەوە پێی ئاشنا بووین، لاساییکردنەوەی جیهانی پوخت و سێنتەریی‌و نەگۆڕاوی فۆرمەکانە. کارەکانی ئەفلاتون ڕەگوریشەی ئەو جۆش‌و خرۆشە ناسراوەشیان تێدایە کە دواتر هونەر بە سۆزێکی ئاگرینەوە پێوەی خەریک بووە: ئایدیای خۆشەویستی ئەفلاتونی‌و ئەفسانەی ئەتلانتیک.

---

• ئەپستمۆلۆژی Epistemology لە وشەی یۆنانی ئەپستیم واتە زانین, هەروەها لۆگۆس, واتە تیوری, گەردانکراوە. بە واتای تیوری زانین. لقێکە لە فەلسەفە, سەرقاڵی ئەو گرفتە فەلسەفییانەیە کە لە تیوریی زانیندا دەردەکەون. ئەپستمۆلۆژی بایەخ دەدات بە پێناسەکردنی زانین و ئەو چەمکانەی پەیوەندییان بە زانینەوە هەیە, سەرچاوەو پێوانەکانی زانین, چەشنە شیاوەکانی زانین, لەگەڵ پلەی هەریەکێکیاندا, هەروەها ئەو پەیوەندییەی لە نێوانی ئەوەدا کە دەزانێت و ئەو بابەتەشدا هەیە کە زانراوە.

• میتافیزیا Metaphysics لقێکی فەلسەفەیە, بایەخ دەدات بە پشتەوەی واقیع. دەبێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە: ئەنتۆلۆژیا, کە بایەخ دەدات بەوەی چۆن چەشنە جیاجیاکانی هەبوون, لە گەردووندا دەردەکەون. لەگەڵ میتافیزیای بنەڕەتیدا کە بایەخدەدات بە خەسڵەتە گشتییەکانی هەقیقەت.

# ژیننامەی ئەفلاتون

## لە دایك بوون

**بە شێوەیەك لە شێوەکان هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەفلاتونی فەیلەسوف ئەسینا, لە ساڵی 428 یان 427 ی پێش زاییندا لە دایك بووەو لە تەمەنی هەشتا یان هەشتاو یەك ساڵیدا مردووە, واتە 348 یان 347 ی پێش زایین. بەڵام هێشتا ئەم بەروارانە زۆر دڵنیاکەر نین, چونکە بە پێی دایۆژینێسی لایرتیۆسی, کە شوێن پێی کرۆنۆلۆژیاکەی ئەپۆلۆدۆرۆسی• هەڵگرتووە, ئەفلاتون لەو ساڵەدا لە دایك بووە کە پێریکلێس مردووە, شەش ساڵ لە ئایسۆکریتس• منداڵترەو لە تەمەنی هەشتاو چوار ساڵیشدا مردووە (303 یان 302). ئەگەر بەرواری مردنی ئەفلاتون ئەوە بێت کە ئەپۆلۆدۆرۆس دەڵێت, ئەوا دەبێت لە ساڵی 431 یان 430دا لە دایك بووبێت. دایۆژینییس دەڵێت ئەفلاتون لە ساڵی مردنی پێریکلێسدا لە دایك بووە, ئەو ساڵەش بە ساڵی 429 دادەنێت. بەڵام دواتر دەڵێت کاتێك لە ساڵی 399 دا**

---

• ئەپۆلۆدۆرۆسی ئەسینایی Apollodorus of Athens بیریارێکی یۆنانی فرە لایەنە، لە دەوروبەری ساڵی 140 ی پیش زاییندا ژیاوە. زیاتر بە هۆی کتێبی کرۆنۆلۆژیای مێژووی یۆنانییەوە ناسراوە. قوتابی ئەریستارخۆسی فەیلەسوفە، لە دەوروبەری ساڵی 146 دا ئەسکەندەرییەی جێهێشتووە و چووە بۆ پریگاموم و سەرەنجام لە ئەسینا نیشتەجێ بووە. کرۆنۆلۆژیاکەی لە شێوەی هۆنراوەی سێینەدا نوسیوەو شێوازی کۆمیدییانەی یۆنانی بەکارهێناوەو ماوەیەك دەگرێتەوە کە لە رمانی تەروادەوە(1184) درێژ دەبێتەوە بۆ ساڵی 144 ی پێش زایین و پاشان دوای خۆی تەواو کراوەو گەیەندراوەتە ساڵی 119. هەندێك لە نوسینەکانی تری بریتین لە چەند تێزێك دەربارەی خواوەندەکان، نوسینی رەخنەیی و رێزمانیشی هەیە.

• ئایسۆکریتس Isocrates (436-338 BC) مامۆستاو رەوانبێژێکی ئەسینایی‌یە، نوسینەکانی دەربارەی سیاسەت و پەروەردە بەهادارو دەرکەوتوون. لە ئەسینا لە خێزانێکی دەوڵەمەنددا لە دایك بووە. قوتابی و شوێنکەوتووی سۆکرات و ئەفلاتونە، لە دیالۆگی فایدروسدا کاراکتەرێکی لاوی مژدەبەخشە. لە ماوەی فەرمانرەوایی سیاتیتۆس: ستەمکارەکەی ئەسینادا لە دورگەی کەییەس قوتابخانەیەکی رەوانبێژیی دامەزراندووەو پاشان لە دەوروبەری ساڵی 403 دا گەڕاوەتەوە بۆ ئەسینا. وتارە یاساییەکانی کلایەنتس ئەم نوسیونی. لە ساڵی 392 دا قوتابخانەیەکی کردۆتەوەو وانەی بە لاوانی یۆنان وتۆتەوەو فێری نوسینی وتار و رەوانبێژیی و سیاسەتی دەکردن. ئایسۆکریتس 21 وتار و 9 نامەی نوسیوە.

سۆكرات دەرمانخوارد كرا, ئەفلاتون 28 ساڵان بوو, ئەمەش وا دەكات ساڵی لە دایكبوونی 427 بێت. سەرەڕای ئەم ئاڵۆزییە, ئەو بەروارانەی لە سەرەوە تۆمار كران, كە لەسەر بنەمای بەراوردكردنی ساڵنامەكان‌و كۆكردنەوەو لێدەركردن دانراون, هەموویان تا رادەیەك بە پەسەند و دروست لە قەڵەم دراون.

## خێزان

شتێكی زۆر كەم دەربارەی ژیانی منداڵی ئەفلاتون زانراوە. بە پێی دایۆژینێس• (نوسینەكانی تا رادەیەكی زۆر جێگای متمانە نین) باوك‌و دایكی ئەفلاتون ناویان ئەریستۆن‌و پێریكشنی (یان پۆتۆنی) بووە. دایۆژینێس دەڵێت لە هەردوو لای خێزانەكەیەوە قسەوباسی ئەوە هەیە كە رەچەڵەكیان دەچێتەوە سەر پۆسایدۆن•. لە لایەكی تریشەوە دەڵێت ئەریستۆن بە زۆر لاقەی پێریكشنی كردووەو سكی پڕ كردووەو ئەفلاتونی لێ بووە, ئەمەش خۆی نیشانەیەكە بۆ بێسەرەوبەرەیی ئەو زانیارییانەی دایۆژینێس هەر لە خۆیەوەو بێ وردبوونەوە كۆی كردوونەتەوە. دەتوانین دڵنیا بین لەوەی ئەفلاتون لە هەمان دایك‌و باوك دوو برای لە خۆی گەورەتری هەبووە: گلاوكۆن‌و ئەدیمانتۆس, خوشكێكیشی هەبووە ناوی پۆتۆنی بووە. دەبلیو كەی سی گەسری لە "مێژووی فەلسەفەی یۆنانی" دا بەرگی 4, بەشی10, لاپەڕە 4, پێ دادەگرێت كە گلاوكۆن‌و ئەدیمانتۆس خزمی ئەفلاتونن. دوای مردنی ئەریستۆن, پیرلامپێسی مامی ئەفلاتون دایكی مارە دەكاتەوە (لە خارمیدێسدا پێمان دەوترێت كە پیرلامپێس مامی خارمیدێسە, خارمیدێسیش برای دایكی ئەفلاتون بووە), كە لەویش كوڕێكی تری بوو, ناوی ئەنتیفۆنەو زڕبرای ئەفلاتونە (بڕوانە ئەفلاتون, پارمێنیدێس (126a-b).

---

• دایۆجینێسی لایرتیۆسی Diogenes Laërtius (lived AD 3rd century?) نوسەرێكی یۆنانییە، شۆرەتەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كتێبەی دەربارەی مێژووی فەلسەفەی یۆنانی نوسیویێتی، كە تاقە كتێبی لەو بابەتەیە لە جیهانی دێرینەوە بۆ ئێمە مابێتەوە، بەشێكی كەمی لێ فەوتاوەو سەرچاوەیەكی زۆر گرنگە بۆ زانینی ئێمە دەربارەی فەلسەفەی یۆنانی.

• پۆسایدۆن Poseidon لە میتۆلۆژیای یۆنانییدا, خوداوەندی دەریایە, كوڕی كرۆنۆس و رییایە, هەروەها برای زیۆس و هادێسە.

ئەفلاتون لە ناو خێزانێکی زۆر دەوڵەمەندو سیاسەتمەداری ئەسینادا لەدایك بووە. بەڵام مێژوونووسان بایەخێکی ئەوتۆیان بەم لایەنە نەداوە. خارمیدێسی مامی یەکێك بووە لە سی ستەمکارە نێودارەکان•, ئەوانەی لە ساڵی 404 ی پێش زایيندا سیستمە دیموکراسییەکەی ئەسینایان رووخاند. کریتیاسی مامی خارمدێسیش سەرکردەی سی ستەمکارەکە بووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا, ئەفلاتون پەیوەندییەکی بەتینی بە بەرەی ئۆلیگارشیەکانی• ئەسیناوە نەبووە. دەڵێن پیرلامپێسی زڕباوکی هاورێیەکی نزیکی پێریکلێس بووە, ئەم هاورێیەتییەش رێك لەو کاتەدا بووە  کە پێریکلێس سەرکردەی بەرەی دیموکراسی بووە.

ناوی راستەقینەی ئەفلاتون ئەریستۆکلێس بووەو بە ناوی باپیرەیەوە ناونراوە. دواتر ئەفلاتون بووە بە نازناوی و ئیتر ناوە ئەسڵییەکەی کوێر بۆتەوە. ناوی ئەفلاتون لە وشەی  (پلاتۆس) واتە "کەتە"وە هاتووە, رەنگە مامۆستای زۆرانبازیو وەرزش ئەو ناوەی لێ نابێت, چونکە خاوەنی جەستەیەکی زۆر کەتەو چوارشانە بووە, یان لەوانەیە تەنها لەبەر پانی ناوشانی وای پێ وترابێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی بە خاك سپاردنیدا هەر بە ئەریستۆکلێس نێوزەد کراوە.

---

• سی ستەمکارەکەی ئەسینا The Thirty Tyrants سی پیاوی ئۆلیگارشی بوون، لە 404- 403 ی پێش زایيندا دوای بەزینی ئەسینا لە جەنگی پیلۆپۆنیشیاندا, دژی سیستمی دیموکراسی راپەڕین و رماندیان و فەرمانڕەوایی ئەسینایان گرتە دەست. ئەمانە هەواداری سپارتە بوون. نەیارەکانیان ئەم ناوەیان لێناون.

• ئۆلیگارشی Oligarchy لە فەلسەفەی سیاسییدا, فۆرمێکی تایبەتی حکومەتە، تێیدا دەسەڵاتی باڵا بە دەستی چەند نەفەرێکی کەمەوە دەبێت. نوسەرانی سیاسەتی دێرینی یۆنان ئەم وشەیەیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی جیای بکەنەوە لە فۆمی ئەریستۆکراسی, یاخود حکومەتێك کە دەستەبژێرێکی بچووك لە دانیشتوانەکەی بەرێوەی دەبەن. لە ئۆلیگارشیدا , دەستەیەك حکومەت بەرێوە دەبەن کە ئیش بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان دەکەن و دانیشتوانی حکومەتەکە لە خێرو چاکە بێبەش دەکەن.

## سەفەر و گەڕان و دامەزراندنی ئەکادیمیا

دوای مردنی سۆکرات, ئەفلاتون ئەسینای جێهێشت, سەرەتا لە مێگارا• مایەوە, پاشان رووی کردە چەند جێگایەکی تر, هەندێك لەوانە سیرین• , ئیتالیا , سێسیلی, تەنانەت سەردانی میسریشی کردووە. سترابۆ• باسی ئەوە دەکات کە لە ماوەی سەردانیدا بۆ هیلیپاپۆلیس• لە میسر ئەو شوێنەی بینیوە کە ئەفلاتون لە ماوەی

---

• مێگارا Megara شارێکی مێژووییە لە باشوری یۆنان، ئێستاش هەر ئاوەدانە. ماوەیەك کێبەرکێکەری ئەسینا بووە لەسەر دەسەلآت. ئەم شارە دەکەوێتە سەر کەنداوی سارۆتیکۆس کۆلپۆس و لە نێوانی ئاتیکاو کۆرینسدا دابەشکراوە.

• سیرین Cyrene شارێکی دێرینە لە باکوری ئەفریقیا, دەکەوێتە ئەو ناوچەیەوە کە ئێستا پێی دەڵێن شەحاتە لە لیبیا. شەش کیلۆمەتر لە بەندەری ئەپۆلۆنیاوە (ئێستا پێی دەڵێن سوسە) دوورە. لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا لە لایەنی باتۆسی یەکەم و هاوەڵە یۆنانییەکانییەوە دروست کراوە, باتۆس کردوویەتی بە پایتەختی شانشینی سیرینایکا. نەوەکانی باتۆس ناوچەکەیان بەڕێوەبردووە هەتا لە دەوروبەری ساڵی 450 ی پێش زاییندا بووە بە کۆمار. لە دەوروبەری ساڵی 331 ی پێش زاییندا خراوەتە سەر قەڵەمڕەوەکەی ئەسکەندەری گەورە. پاشان خێزانی پتۆلیماك داگیری کردووە. پادشا پتۆلیمی یەکەم ( 323– 285) دەستوری بۆ داناوە, پاشان کەوتۆتە ژێر دەسەلآتی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانییەوە. لە سایەی ئیمپراتۆرییەکەشدا تایبەتمەندێتی ئیداریی خۆی پاراستووە. سیرینا ناوچەیەکی بە پیت بووەو هەر لە سەرەتاوە دەستی کردووە بە گەشەکردن. بە شێوەیەکی تایبەتی بە مێگەل و رەشەوڵاخ ناسراوەو ئەسپی ئەم ناوچەیە زۆر بەناوبانگ بووە, هەروەها چەند رووەکێکی پزیشکیش بە تەنیا لێرە دەستکەوتوون. هەروەها جۆرەها مادەو کانی بەنرخی لێبووەو دراوی خۆیانیان لێ دروستکردووە. پینداری شاعیری یۆنان لە یارییە دێرینەکانی یۆناندا سەربوردەی فەرمانڕەواکانی سیرینای گێڕاوەتەوە, هەروەها لە گۆرانییەکانی ئەریستۆسی کوڕی پەری دەریا سیریناو ئەپۆڵی خوداوەند, ناویان هاتووە. سیرینا قوتابخانەی فەلسەفیی تایبەت بە خۆی هەبووە.

• سترابۆ Strabo (63?BC- AD24?) جوگرافیاناس و مێژوونووسێکی یۆنانییە، لە ئەماسیا لەدایك بووە (ئێستا دەکەوێتە تورکیاوە). لەگەڵ دەستەیەکی کەشفکردنی رۆمانیدا بە روباری نیلدا هەڵگەڕاوەو دواتریش چەند ساڵێك لە رۆما ماوەتەوە. دەربارەی ژیانی شتێکی ئەوتۆ نەزانراوە، بەڵام دەڵێن گەشتێکی درێژی کردووە لە ئەرمینیاوە لە خۆرەڵات تا ساردینیا لە خۆراوا، هەروەها لە باکورەوە دەریای رەشەوە گەیشتۆتە کەنارەکانی باکوری ئەسیوپیا لە باشور. 43 کتێبی دەربارەی مێژوو نوسیوەو تەنها چەند پەرەگرافێکی بەدەستی ئێمەگەیشتووە. 17 کتێبی لەسەر جوگرافیای جیهانی دێرین نوسیوە.

• هیلیپاپۆلیس Heliopolis شارێکە لە باکوری خۆرەلآتی میسری دێرین، دەکەوێتە ناو قاهیرەی ئێستاوە لەسەر دەلتای نیل. پەرستگا مەزنەکانی سێنتەری پەرستنی خواوەندی هەتاو بوون و لەسەدەی 13 ی پێش زاییندا زۆر دیارو ئاوەدان بووە.

www.pertwk.com

مانەوەیدا لێی ژیاوە. خودی ئەفلاتونیش لە کارەکانیدا چەند جارێك باسی میسری کردووە, بەڵام ئەو باسکردنانە لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ هەڵناگرن (بۆ نمونە بڕوانە فایدروس (274c-275b), فیلیبوس (19b).

سەبارەت بە سەردانەکانی بۆ ئیتالیاو سێسیلی بەڵگەی باشترمان بەدەستەوەیە ، بە تایبەتی نامەی حەوتەم. بە پێی ئەو قسانەی لەو نامەیەدا کراون, ئەفلاتون یەکەمجار لە تەمەنی دەوروبەری چلساڵیدا چووە بۆ ئیتالیاو سێسیلی (324a). کاتێك لە سیراکیوسا• ماوەتەوە, بووە بە راوێژکاری دیۆن, زاوای دایۆنیسیۆسی یەکەمی• ستەمکار. بە پێی چەند گێڕانەوەیەکی گوماناویی دواتر. لەو سەردانەدا دایۆنیسیۆس لە ئەفلاتون تووڕە بووەو ئامادەکاریی کردووە تا وەکو کۆیلە بیفرۆشێت.

سەرەنجام ئەفلاتون گەڕاوەتەوە بۆ ئەسیناو قوتابخانەیەکی دامەزراندووە، قوتابخانەکە بە ناوی ئەکادیمیاوە• ناسراوە (لە ناوی شوێنەکەوە هاتووە کە

---

• سیراکیوسا (ئێستا پێی دەوترێت سیراکیوس) Syracuse (Italy) or Siracusa (ancient *Syracusa*) شارێك و بەندەرێکی دێرینە لە ئیتالیا دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی دورگەی سێسیلییەوە. لە ساڵی 734 دا، خەڵکی کۆرینس دروستیان کردووە. شارە کۆنەکە لەسەر دورگەی ئۆرتیگا دروستکرابوو، کەناڵێکی ئاویی لە خاکە سەرەکییەکەی جیادەکردەوە، دانیشتوانەکەی راوە ماسییان دەکرد شارەکەیان سێنتەرێکی بازرگانی و بەرهەمی کشتوکاڵی بوو، بەشێوەیەکی تایبەتی زەیتی زەیتون و مزرەمەنییان بەرهەم دەهێنا. کاتی خۆی گەورەترین و بەدەسەڵاتترین شاری هەرێمی سێسیلی بووە. شوێنەواری شانۆیەکی یۆنانی لێماوە. لە ساڵی 1999 دا ژمارەی دانیشتوانەکەی 126.721 کەس بووە.

• دایۆنیسیۆسی بچووك Dionysius the Younger (circa 397-343 BC) ستەمکاری سیراکیوسایە کوڕی دایۆنیسیۆسی یەکەمە. سەرەتا لەژێر سەرپەرشتی دیۆنی مامیدا بوو، کە فەیلەسوفێکی ناسراو بوو، لەم ماوەیەدا بەسەر داوای دیۆن ئەفلاتون دەچێتە لای بۆ ئەوەی فێری هونەری پادشایەتی نمونەیی بکات. بەڵام مێژوونوسی چاوچنۆکی یۆنانی فیلیستۆس دڵی دایۆنیسیۆس لە دیۆن رەش دەکات و ئەویش لە ساڵی 366 دا رەوانەی تاراوگەی دەکات, لە ساڵی 357 دا دیۆن هەڵمەت دەباتە دایۆنیسیۆس و دەیبەزێنێت و ئەو رەوانەی تاراوگە دەکات. دوای هەشت ساڵ دیۆن تیرۆر دەکرێت و دایۆنیسیۆسیش دەگەڕێتەوە بۆ سیراکیوسا و ماوەیەکی پشێویی و بەرەڵایی دەستپێدەکات. دواتر خەڵکی شار پێشوازی لە تیمۆلیۆنی ژەنراڵی رۆمانی دەکەن و ئەویش لە ساڵی 344 دا دایۆنیسیۆس پەلبەست دەکات و رەوانەی تاراوگەی دەکات و خۆی حکومەتێکی ئۆلیگارشی لە شاردا دامەزراند.

• ئەکادیمیا Academy پێش ئەوەی ئەفلاتون قوتابخانەکەی خۆی لێ دابمەزرێنێت بێستانێکی زەیتون بووە لە دەرەوەی ئەسینادا سەوز بووە، بێستانەکە بەناوی ئەکادیمۆسی پاڵەوانەوە

بێستانێکی داروودرەخت بووەو تایبەت بووە بە ئەکادیمۆس یان هێکادیمۆس, نزیکەی میلێك یان کەمێك زیاتر لە دەرەوەی شورای ئەسینا, تا ئێستاش شوێنەواری ماوەو خەڵکی سەردانی دەکەن. ئیتر جگە لە یەك دوو سەردانی تر بۆ سێسیلی, ئەفلاتون بەشی زۆری ژیانی دواتری لەناو ئاکادیمیادا بەسەر بردووە.

## سەفەرەکانی دواتر بۆ سێسیلی و پاشان مردن

دایۆنیسیۆسی یەکەم مرد و کیۆنیسیۆسی دووهەمی کوڕی تاجەکەی بۆ مایەوە. دیۆنی مام و زاوای خۆی قایلی کرد تا ئەفلاتون بانگهێشت بکات بۆ ئەوەی یاریدەی بدات تا ببێت بە فەرمانڕەوایەکی فەیلەسوف وەك ئەوەی ئەفلاتون لە کۆمارەکەیدا باسی کردووە. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەفلاتون گەیشتبووە تەمەنی شەست ساڵی, بڕوای تەواویشی بە شیاویی ئەو کارە نەبوو (نامەی حەوتەم 328b-c), بەڵام رازی بوو بچێت. ئەم سەفەرەش وەك ئەوەی پێشوو باش سەری نەگرت، دوای چەند مانگێك دیۆن بە تۆمەتی خیانەت رەوانەی تاراوگە کرا (نامەی حەوتەم 329c ، نامەی سێهەم 314c-d)، ئیتر ئەفلاتون لە میوانخانە تایبەتییەکەی ستەمکاردا، خرایە ژێر نیشتەجێی زۆرەملێوە (نامەی حەوتەم 329c-330b).

سەرەنجام توانی روخسەت بخوازێت و بگەڕێتەوە بۆ ئەسینا (نامەی حەوتەم 338a)، ئیتر لەگەڵ دیۆندا پێکەوە گەڕانەوە بۆ ئەکادیمیا. دوای جەنگ (رەنگە جەنگی لوکانیان بێت لە ساڵی 365 دا) دایۆنیسیۆس ئامادەیی دەربڕی بۆ گەڕانەوەی ئەفلاتون و دیۆن بۆ سیراکیوسا. بەڵام هەردوکیان چوار ساڵی دوای ئەوەش هەر لە ئەسینا مانەوە (361-365) ئینجا دایۆنیسیۆس نادی بەدوای ئەفلاتوندا، بەڵام پێشنیاری کرد دیۆن لە ئەسینا بمێنێتەوە. دیۆن پێشنیارەکەی پەسەند کردو هانی ئەفلاتونیشی دا بچێت، بەڵام ئەفلاتون بانگهێشتەکەی رەت کردەوە، چونکە رقی هەستابوو. هێشتا ساڵێك تێنەپەڕیبوو کە دایۆنیسیۆس

---

ناونراوە. لە ساڵی 387 بەدواوە، ئەفلاتون وانەی لێ وتۆتەوە. دواتر قوتابییەکانی بوون بە دووبەشەوەو بەشێکیان روویان کردۆتە قوتابخانەکەی ئەرەستۆ. ئەکادیمیا ماوەی 900 ساڵ بەردەوام وانەی تێدا خوێندراوە، هەتا لە ساڵی 529 ی زاینیدا جوستانیانی ئیمپراتۆری رۆمان لەگەڵ هەموو قوتابخانە فەلسەفییەکانی دیکەدا دایخستوون. دوای ئەفلاتون سپیسیۆس، زینۆکراتێس، پۆلیمۆن، کراتێس و هی تریش وانەیان تێدا وتۆتەوە.

ئەرخەمێدسی هاوڕێی ئەفلاتون, کە سەر بە قوتابخانەی فیساگۆرییەکان بوو, یاریدەدەری ئارخیتاس• بوو، بە کەشتییەکەوە دەنێرێت بۆ ئەوەی تکا لە ئەفلاتون بکات تا بچێتەوە بۆ سیراکیوسا. ئیتر لەبەر تکاو پەرۆشی دیۆنیش, ئەفلاتون جارێکی تریش رووی کردەوە سیراکیوسا. دیسانەوە, ئەفلاتون دڵی بە سیراکیوسا خۆش نەبوو، دواتر هەرئەوەندەی لەدەست هات لە دەستی ئەو هاوڕێ بێئەمەکانەی هەڵبێت.

دواجار دیۆن سوپایەکی لە سەربازی کرێگرتە پێکهێناو زێدی خۆی داگیر کرد. بەلاّم سەرکەوتنەکەی کورتخایەن بوو، زۆری پێنەچوو تیرۆر کراو سێسیلی• تووشی پشێویی بوو. لێرە بەدواوە ئەفلاتون بە تەواویی دەسبەرداری سیاسەت بوو, گەڕایەوە بۆ ئەکادیمیا ئازیزەکەی، لانیکەم سیانزە ساڵی تریش لەوێ ژیا. بە پێی دایۆژینێس، هەر لە قوتابخانەکەی خۆیدا ئەسپەردەی خاک کراوە. وەلێ هەتا ئەمڕۆش شوێنەوارناسان گۆڕەکەیان نەدۆزیوەتەوە.

---

• ئارخیتاسی تارێنتۆم Archytas of Tarentum لە دەوروبەری 400 – 350 ی پێش زایندا ژیاوە. زاناو فەیلەسوفێکی یۆنانییەو فیساگۆرییەکی دەرکەوتوو بووە، هەندێجار بە دامەزرێنەری میکانیکی ماتماتیکی دادەنرێت. هاوڕێیەکی نزیکی ئەفلاتون بووەو سودێکی زۆری پێگەیاندووە لە بواری ماتماتیکدا. بەڵگە هەیە کە یۆکلیدێس سوودی لە کتێبی توخمەکانی ئەم وەرگرتووە. کەسێتییەکی دەرکەوتوو بووە لە بواری گشتیدا، حەوت ساڵ سەرکردەی مەدەنی تارێنتۆم بووە.

• سیسیلی (سیسیلیا، جاران پێیان دەووت تریناکاریا) Sicily (Italian Sicilia; ancient Trinacria) دورگەیەکە لەناو دەریای ناوەڕاستدا لە باشوری ئیتالیادایە. تەنگەڵانی ئاویی میسانیا لە خاکی ئیتالیا دای دەبڕێت. شێوەیەکی سێگۆشەیی هەیەو روبەرەکەی 27.707 کم$^2$ دەبێت.

# ئەوانەی کاریگەرییان لەسەر ئەفلاتون هەبووە

## هیراکلیتۆس•

ئەرەستۆو دایۆژینیس کۆکن لەسەر ئەوەی لە سەرەتادا ئەفلاتون تا رادەیەك لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی هیراکلیتۆسی خەڵکی ئیفیسۆس• یان یەکێك لە شوێنکەوتووەکانی ئەو فەیلەسوفەدا بووە. رەنگە ئەم کاریگەرییە لە چەمکی جیهانی بەرهەست و گۆڕانی بەردەوامدا ببینینەوە.

## پارمنیدێس و زینۆن

گومان لەوەدا نیە کە پارمنیدێس و زینۆن• کاریگەریی زۆریان لەسەر ئەفلاتون هەبووە (هەردوکیان خەڵکی ئیلییان)، ئەویش لە تیوریی فۆرمەکاندا، کە بە ئاشکرا

---

• هیراکلیتۆس Heraclitus (540?-475? BC) فەیلەسوفێکی یۆنانییە، خەڵکی ئایۆنیایە، باوەڕی وابووە ئاگر مادەی یەکەمینەو سەرچاوەی هەموو شتەکانی ترە، دونیاش لە گۆڕانێکی ڕێکوپێکدا بەڕێوە دەچێت. لە ئێپسۆس لە ئاسیای بچووك لە دایك بووە. نازناوی فەیلەسوفی رەش یان فەیلەسوفی گرینۆگی پێدراوە. بە یەکێك دامەزرێنەرانی میتافیزیای یۆنانی لە قەڵەم دەدرێت، ئایدیاو بۆچوونەکانی سەر بە قوتابخانەی ئایونیین. هیراکلیتۆس، یەکەمین کەسە کە چەمکی becoming یان هەڵقوڵانی لە پاڵ چەمکی بووندا being داناوە. کتێبێك بە ناوی "دەربارەی سروشت"ەوە دراوەتە پاڵی هیراکلیتۆس و ئەویش نەگەیشتۆتە دەستمان و بڕگەو پەرەگرافی پەرت و بڵاوی لە کاری خەڵکی تردا تۆمار کراوە.

• ئێفیسۆس Ephesus یەکێکە لە 12 شارەکەی ئایۆنیا (ناوچەیەکی دێرینی یۆنانە لە کەناری خۆرئاوای ئاسیای بچووکدا) دەکەوێتە نزیکی شاری ئیزمیری مۆدێرنەوە لە تورکیا. وەکو میناییەك لە سەر چاوگی رووباری کایستەردا (ئێستا کوجوکمێندێریسە) جێگەیەکی سەرەکی بازرگانیکردن بووە لەگەڵ ئاسیای بچووکدا. لە کۆندا بە هۆی مەزارە پیرۆزەکانییەوە ناسرابوو، بە تایبەتی پەرستگا نێودارەکەی ئارتیمس یان دیانا (کە یەکێکە لە حەوت شتە سەرسوڕهێنەرەکەی جیهان)..

• زینۆنی ئیلییایی *Zeno of Elea (490?-430? BC)* لە دەوروبەری سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا ژیاوە، ماتماتیکزان و فەیلەسوفێکی یۆنانییە، سەر بە قوتابخانەی ئێلییەکانە، بە مەتەڵە فەلسەفییەکانی ناوی دەرکردووەو یەکەمین کەسە کە شێوازی دەمەتەقێی داهێناوە. مەتەڵەکانی لە شێوەی پرسیارگەلێکی فێڵاوییانەدا بوون دەربارەی سورشتی دیالەکتیکییانەی جووڵە. زینۆن بڕوای وابوو کە بوون ناکۆك نیە، بۆیە بوونی ناکۆك بوونێکی رووکەشییە. یەکێك لە مەتەڵە ناسراوەکانی بریتیە لە مەتەڵی ئەخیلی پێشبڕکێکەرو کیسەڵەکە، ئایا ئەخیل دەتوانێت پێش کیسەڵێك بکەوێت.

لەگەڵ بۆچوونەکانی پارمنیدێسدا دێنەوە لەمەڕ یەکێتی میتافیزیایی و جێگیریی لە جیهانی زانیندا. پارمنیدێس و زینۆن لە دیالۆگی پارمنیدێسدا دەرکەکەون.

دایۆژینێسی لایرتۆسی ئاماژەی بۆ کاریگەرییکەی زۆر گرنگی دیکەش کردووە: ئەفلاتون لە کارەکانی خۆیدا ئارگیومێنتەکانی هیراکلیتۆس و فیساگۆرییەکان و سۆکراتی کۆکردۆتەوە: لۆژیکی روونی فیساگۆراس و سیاسەتەکەی سۆکراتی پێکەوە داناوە.

کەمێك دواتر دایۆژینێس زنجیرەیەك بەراوردکردن ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی دەری بخات ئەفلاتون چەندە قەرزاری ئیپیخارمۆسی• شاعیری کۆمیدییە.

## فیساگۆرییەکان

دایۆژینێس دەڵێت ئەفلاتون لە باشوری ئیتالیا چەند بیریارێکی فیساگۆراسیی• ناسراوی بینیوە (یەکێك لەوانە سیۆدۆرۆسە, کە لە سیاتیتۆسدا وەك هاوڕێیەکی سۆکرات لە ناوی هاتووە). لە نامەی حەوتەمەوە فێر دەبین ئەفلاتون هاوڕێی ئەرخیتاسی تارینتۆم بووە، ئەرخیتاس بیریارو سیاسەتمەدارێکی نێوداری فیساگۆراسی بووە (339d-e). لە فایدۆنیشدا، ئەفلاتون ئێخکراتێسی لەناو ئەو گروپەدا داناوە کە لە دواهەمین رۆژی زیندانی سۆکراتدا لەگەڵی بوون. ئەمیشیان هەروا فیساگۆراسییەکی ترە. کاریگەریی فیساگۆرییەکان لەسەر ئەفلاتون بە شێوەیەکی تایبەتی لە سەراسیمەبوونیدا بە ماتماتیك دەردەکەوێت, لە هەندێك لە

---

• ئیپیخارمۆس Epicharmus لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا ژیاوەو یەکێکە لە درامانوسەکانی یۆنان و لە دورگەی کۆس لە دایك بووەو لە میگارا، سێسیلی گەورە بووە. لە دوای ساڵی (484 BC) ەوە لە سیراکوزە . سیسیلی, ژیاوە, لەوێ بووە بە هاوڕێی هەردوو ستەمکاری بە دوای یەکدا هاتوو (گیلۆن و هایرۆی یەکەم). ئیپیخارمۆس یەکیکە لەو درامانوسانەی فۆرمێکی هونەرییان بەخشی بە کۆمیدیا. دەقی تەواوی لەبەردەستدا نەماوە, لێرەو لەوێ چەند پەرەگرافێکی دەست دەکەون، کاراکتەرەکانی هەموویان گاڵتەجاڕو خەندەلێون.

• فیساگۆراس(582?-500?BC) Pythagoras فەیلەسوف و ماتماتیکزانێکی ناسراوی یۆنانە. باوەڕی بەنەمری و گوێزانەوەو دۆنادۆن کردنی رۆح هەبووە, خودی خۆی بە وێنەیەکی تری ئیفۆربەس دادەنا, ئەو کەسەی رایگەیاندبوو جەنگی تەروادە دەقەومێت, پێی وابوو گەلێك لە ئەزمونەکانی ژیانی ئێستای هی ئەو ژیانەی رابردووین. قوتابخانەیەکی دامەزراندووە، بە قوتابخانەی ئیتالی بەناوبانگە, هاوسەرەکەشی ناوی سیانۆ بووە یەکێك بووە لە قوتابییە نێودارەکانی.

ئایدیا سیاسییەکانیدا، بە چەند شێوەیەکی جیاجیا لە چەندان دیالۆگدا هانای بۆ بردووە.

### سۆکرات

بێگومان کاریگەریی هیچ کەسێك هێندەی کاریگەریی سۆکرات لەسەر ئەفلاتون دیارو گەورە نیە. ئەم کاریگەرییە لە چەندان میتۆدو ئارگیومێنتی ناو دیالۆگەکانی ئەفلاتوندا دەبینرێتەوە، هەڵبژاردنی سۆکرات وەك کاراکتەری سەرەکی زۆربەی کارەکانی, باشترین بەڵگەە ئەم قسەیەیە. بە پێی نامەی حەوتەم، ئەفلاتون سۆکرات بە تاقە پیاوی دادپەروەری سەر زەمین دادەنێت (324e). بە پێی دایۆژینێسی لایرتۆسی, ئەم رێزگرتنە شتێکی ئاسایی بووە.

## نوسینەکانی ئەفلاتون

### دیالۆگەکان و سۆکراتی مێژوویی

وا گریمانە دەکرێت ئەفلاتون هەر لە لاوییەوە خاوەنی توانایەکی هزریی و هونەریی بڵند بووبێت، بە پێی دایۆژینێس، ئەفلاتون بە نوسینی تراژیدیا دەستی پێکردووە، بەڵام کاتێك ئاخاوتنەکانی سۆکراتی بەرگوێ کەوت، ئیتر بە تەواویی دەسبەرداری ئەو رێگایە بوو، تەنانەت ئەو تراژیدیایەشی سوتاند کە بە نیازبوو لە پێشبڕکێی درامادا بەشداریی پێبکات. ئەم چیرۆکانە راست بن یان نا، هیچ گومانێك لە لێهاتوویی ئەفلاتون ناکرێت، بە تایبەتی لە رووی توانای نوسینی دیالۆگ، نەخشاندنی کەسێتی و پێداویستییەکانی دراماوە. لە راستیدا, رەنگە لەو پەندو قسە نەستەقانەی دراونەتە پاڵی، خۆی هەندێکیانی نوسیبێت، دەشێت قسەکەی دایۆژینێس راست بێت.

ئەفلاتون تاکە کەس نیە دیالۆگی نوسیبێتو لە دیالۆگەکانیشدا سۆکراتی کردبێت بە کاراکتەری سەرەکیو قسەکەری بنەڕەتی. خەڵکی تریش وەك

www.pertwk.com

**ئەلێکسامێنۆسی تیۆسیو ئەسخینیاس•و ئەنتیسینێس•و ئەریستیپۆس•و یوکلیدێس و سایمۆن و بە تایبەتیش زینۆفۆن، ئەمانە هەموویان شاگردی ناسراوی سۆکرات بوون و ئەو جۆرە کارانەیان نوسیوە. لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لەم بارەیەوە لە لایەنی چارلس ئێچ. کاهن (1996، 1–35) دەرەنجامی ئەوەی کردووە کە بوونی ئەو هەموو وێنە ناتەباو ناکۆکانەی لەمەڕ سۆکرات لە لایەنی نوسەرە جیاجیاکانەوە پێشکەش کراون، پیشانمان دەدەن کە ناتوانین لە رووی مێژووییەوە متمانە بکەین (بەوەی ئەفلاتونیشەوە) کامیان دروستن.**

---

• ئەسخینیاس *Aeschines (389-314 BC)* وتاربێژێکی زمانپاراوی ناسراوی یۆنانە، بە هۆی زانینی بەربڵاوی لە بواری یاساداو پرشنگداریی هزرەکانییەوە، بووە بە یەکێك لە سەرکردە درەوشاوەکان. لە ئەسینا لە دایك بووە. لە جەنگی ساڵی 347 دا، پێی رادەگەیەنێت ئەمان ناتوانن بەرەنگارییەکی ئەوتۆی سوپای مەکەدۆنییەکان بکەن کە پادشاکەیان فیلیپی دووهەم بوو، لە ئان و ساتدا دەیاندا بەسەر شاردا. ئەسخینیاس دەبێتە سەرۆکی بەرەیەكو دژی بەرەی بەرەنگاریکردن دەوەستنەوە، کە دیمۆستینێس سەرکردەیان بوو، ئەمیان پێی وابوو بە هەر شێوەیەك بێت پێویستە رووبەڕووی فیلیپ بوەستنەوە. رق و کینەی زۆری ئەسخینیاس بەرامبەری نەیارەکەی هۆی سەرەکی هەرەسهێنانی خۆی بوو. لە ساڵی 337 دا، ستێسیفۆنی وتاربێژی کوشت، چونکە داوای دەکرد تاجی زێڕین بە دیاری بدرێت بە دیمۆستینێس. لە ساڵی 330 دا بەو تۆمەتە دادگایی کراو دۆڕاندی و غەرامەیەکی قورسی بەسەردا سەپێنرا، پاشان رووی کردە تاراوگەو لە رۆدێس قوتابخانەیەکی بۆ رەوانبێژی و وتاردان کردەوە. شۆرەتی ئەو وەکو وتاربێژێك، دەگەڕێتەوە بۆ سێ وتارە نێودارەکەی: "دژی تیمارخۆس" ، "دەبارەی ئەنجومەن"، هەروەها" "دژی ستێسیفۆن".

• ئەنتیستینێس *Antisthenes (444?- after 371 BC)* فەیلەسوفێکی یۆنانییە، یەکەمین فەیلەسوفە بەشداریی کردبێت لەو قوتابخانە فەلسەفییەدا کە پێی دەوترێت سینیکیزم. لە ئەسینا لە دایك بووەو بووە بە قوتابی سۆکرات. ئەنتیستینێس لە جومنازیۆم (وەرزشگا) وانەی وتۆتەوەو لە دەرەوەی ئەسینا وەکو سینۆسارگێس ناسراوە. دواتر بە شوێنکەوتووەکانی وتراوە سینیکەکان (سەگانییەکان). ئەنتیسینێس پێی وابووە لە توێی نیکییەوە کامەرانی بەدەست دەهێنرێت. رقی لە ئەدەبو هونەر بووەو حەزی لە خۆشگوزەرانیو حەوانەوە نەبووە، زیاتر کاری سەختو ناڕەحەتی پێ پەسەند بووە. دایۆجینێسی سەگانی دەرکەوتووترین قوتابییەتی.

• ئەریستیپۆس Aristippus (circa 435-c. 360 BC) فەیلەسوفێکی یۆنانییە, لە ئەسینا لای سۆکرات خوێندوویەتی, دواتر قوتابخانەی سێرینایکی چێژگەرایی دامەزراندووە. پێی وابووە کە چێژ مەزنترین چاکەیەو ئازاریش نزمترین خراپەیە. کەواتە نیکی (چاکەکاریی) بریتیە لە توانای خۆشی وەرگرتن لە چێژ و دەربازبوون لە ئازار. ئەریستیپۆس پێی دادەگرت لەسەر ئەوەی پێویستە خەڵکی ژیانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ پوختەترین چێژ, بەڵام پێویستە دادوەریشیان هەبێت و خۆیان بە دوور بگرن لە پاڵنەرە مەترسیدارەکانی گەڕان بە دوای چێژدا.

بەڵام ئەگەر بڵێین ئەفلاتون تاکە کەس نیە دیالۆگی سۆکراتییانەی نوسیبێت, ئەمە شتێکەو دان بەوەدا بنێین کە ئەفلاتون تاکە کەسە شوێنی ڕێساکانی ژانرێکی تایبەتی کەوتووە لە نوسیندا، ئەمەیان شتێکی ترە. بە هەرحاڵ ئەم ژانرە بە زەحمەت لە نوسینی هەموو ئەوانەی تردا دەبینرێتەوە کە سۆکراتیان بەکارهێناوە. ئێمە هیواخوازین سۆکراتەکەی ئەفلاتون پەیوەندی نزیکی هەبێت بە سۆکراتی مێژووییەوە. ئەم پرسیارە بووەتە هۆی ئەوەی چەند ئاڵۆزییەك لەبەردەمی لێکۆڵەراندا سەرهەڵبدەن‌و بێ وەڵامیش بمێننەوە. لانیکەم سەرچاوەیەکی دێرین، واتە ئەرەستۆ، دەڵێت کە هەندێك لەو پێڕەوانەی ئەفلاتون لەسەر زاری سۆکراتەوە دەیانخاتە ڕوو، واتە دیالۆگەکانی سەرەتا یان دیالۆگە سۆکراتییەکان، هەمان ئەو بۆچوونانەن کە سۆکرات خۆی هەیبوون. بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی وەها لە بەردەستدا نیە تا لەم مەسەلەیەدا باوەڕ بە ئەرەستۆ نەکرێت، زۆرێك لە لێکۆڵەران لەو بڕوایەدان ئەم قسەیە بناغەیەکی تۆکمەیە بۆ ناسینەوەی سۆکراتی ناو دیالۆگەکانی سەرەتا لەو کاراکتەرەی کە لە کارەکانی دواتری ئەفلاتوندا هەیەو هەمان ناوی هەیە، کە بە بۆچوونی ئەرەستۆ دیدوبۆچوون‌وو ئارگیومێنتەکانی هی خودی ئەفلاتونن.

## ڕیزکردنی دیالۆگەکان بە پێی کات

یەکێك لە ڕێگاکانی دەسبردن بۆ ئەم کارە ئەوەیە ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ ڕێکخستنی دیالۆگەکان لە لیستێکدا کە بە پێی کاتی نوسینیان ریزکرابن. زۆرجار وتراوە ئەگەر بتوانین کرۆنۆلۆژیایەك ئامادە بکەین بۆ ئەوەی ئەفلاتون هەر یەکێك لە دیالۆگەکانی نوسیوە لە چ کاتێکدا نوسیوە، ئەوا دەتوانین بەشێوەیەکی بابەتی لەو بانگەشەیە بکۆڵینەوە کە دەڵێت ئەفلاتون لە دیالۆگەکانی سەرەتایدا دروستر لە سۆکرات دەدوێت‌و دواتر ئەو دروستییە کەم دەبێتەوە.

لە کۆندا دیالۆگەکانی ئەفلاتون بە چەند شێوەیەك ریز کراون. دەشێت زۆرێك لەو ریزبەندییانە ڕەت بکەینەوە. گەلێك بەڵگەی ناوەکی‌و دەرەکیمان لەبەردەستدایە

بۆ ئامادەکردنی کرۆنۆلۆژیایەك• بۆ هەندێك لەو دایالۆگانە. ئەرەستۆ و دایۆژینێس و ئۆلیمپیۆدۆرۆس دەڵێن ئەفلاتون یاساکانی پێش کۆمار نوسیوە. لە سیاسەتمەداردا کە بە پۆلیتیکۆسیش ناسراوە (257a-248b) دەوترێت سیاسەتمەدار دوای سۆفیست نوسراوە. تیماوس (17b-19b) رادەگەیەنێت کۆمار پێش خۆی هاتووە، بە شێوەیەکی رونتریش کریتیاسیش دوای ئەو دێت (27a). بە هەمان شێوە, سۆفیست (216a-217c) و سیاتیتۆس (183e) وا دەگەیەنن کە سیێ دایالۆگی پارمنیدێس و سیاتیتۆس و سۆفیست بەدوای یەکدا هاتوون. ئەگەر واش بێت، هیچ بەڵگەیەك نیە بۆ ئەوەی ئەم سێ دایالۆگە لە کوێی زنجیرەکەدان. لە سیاتیتۆس (143c) دا، ئەفلاتون لە رێگای کاراکتەرەکانییەوە رادەگەیەنێت لە نوسینەکانی داهاتوویدا دەسبەرداری فۆرمی تاقەتپرشوکێنی دایالۆگ دەبێت. ئیتر ئەو فۆرمە لە چەند نوسینێکیدا نابینرێت، بۆیە شتێکی ماقووڵە بڵێین ئەوانە دوای سیاتیتۆس نوسراون.

لێکۆڵەران هەوڵیانداوە ئەم تاڵە داوە لاوازانە بگرن و شوێنیان بکەون و میتۆدی جیاجیای ریزکردن و ناولێنانەوەی دایالۆگەکان دابهێنن. یەکێك لەو میتۆدانە میتۆدی شێوەگەراییە، لێرەدا سیما جیاجیاکانی ئیشکردنی ئەفلاتون لە هەر دایالۆگێکدا دژی بەکارهێنان و دووبارەبوونەوەیان لە باقی دایالۆگەکانی تردا بەکاردەهێنرێت. هەندێك کەس ئەم کارە بەهیلاکبەرەیان کردووە، ئیمرۆ بە هۆی کۆمپیوتەرەوە ئەم شێوەگەراییە ئاسانتر ئەنجام دەدرێت. شێوازێکی باوتر هەیە بۆ پۆلاندن و کۆکردنەوەی دایالۆگەکان، پێی دەوترێت "شیکردنەوەی ئاسان" ئەمیان بەهۆی دۆزینەوەی لێکچوون یان جیاوازیی نێوانی شێوازی فەلسەفی و ناواخنی دایالۆگە جیاجیاکانەوە کاردەکات. هیچکام لەم ئەم تێروانینە گشتییانە رەزامەندی هەموو لێکۆڵەرەکانیان پیێ نەبڕاوە، لەوەش ناچێت مشتومڕ کردن لەسەر ئەم بابەتە بگاتە کۆتاییەکی قایلکەر. لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە پێیانوایە

---

• کرۆنۆلۆژی Chronology زانستێکە بایەخ دەدات بە ریزکردنی روداوەکان بە پێی کاتی دەرکەوتنیان, رێکخستنی کاتی دروست بۆ زانینیان, مشتومالکردنی ناتەباییەکان لەو بەروارانەدا کە بەهۆی جیاوازیی سیستمە بەکارهێنراوەکانی سەردەمی هاوچەرخ و سەردەمە دێرینەکان هاتونەتە کایەوە.

دەشێت دایالۆگەکانی ئەفلاتون بکرێن بە چەند گروپێکەوە، شتێکی نائاساییش نیە چەندان کتێب و وتار دەربارەی فەلسەفەی سۆکرات بڵێن مەبەستیان لە سۆکرات کاراکتەرێکە لە دایالۆگەکانی سەرەتای ئەفلاتوندا دەبینرێت. ئەگەر ئەم سۆکراتە نزیکتر بێت لە سۆکراتی مێژووییەوە، وەکو ئێمە حەزەکەین وا بێت (لە بڕگەیەکی داهاتوودا قسەی زیاترمان هەیە دەربارەی ئەم مەسەلەیە بیکەین). رەنگە قوڵترین تاقیکردنەوەی ئەم جۆرە لای گریگۆری ڤلاستۆس بدۆزینەوە (سۆکرات: فەیلەسوفێکی ئاکاریی مەتەڵاویی.. کامبریدج و کۆرنێل 1991 بەشەکانی 2 تا 4) کە تێیدا دە جیاوازی بنەڕەتی لە نێوانی سۆکراتی دایالۆگەکانی سەرەتاو ئەو کەسەی ناوی سۆکراتە لە دایالۆگەکانی دواتردا، دەدۆزێتەوە. تێڕوانینی ئێمە بۆ بەرواری گونجاو، گروپی گونجاوی دایالۆگەکان، بەجۆرێك لای هەندێك ئەنجامی شێوەگەراکانو شیکەرەوەکانیشەوە پەسەند بێت، بەمشێوەیەی خوارەوەیە (هەموویان لە دواهەمین ریزی ئەلفوبێیدا ریز کراون):

**سەرەتا**

(هەموویان دوای مەرگی سۆکراتن، بەڵام پێش یەکەمین سەفەری ئەفلاتونن بۆ سێسیلی لە ساڵی 387 دا):

داکۆکی، خارمیدێس، کریتۆن، یوسیدیمۆس، یوتیفرۆن، گۆرگیاس، هیپیاسی گەورە، هیپیاسی بچووك، ئایۆن، لاخیس، لیسیس، پرۆتاگۆراس، کۆمار (کتێبی یەکەم).

**سەرەتا – ماوەی گوێزانەوە**

(یان دوای کۆتایی گروپی یەکەم یاخود لە سەرەتای گروپی ناوەڕاستدان 387–380):

کراتیلۆس، مێنێکسینۆس، مینۆن.

**ناوەڕاست** (380-360)

فایدۆن، کۆمار (کتێبی 2 تا 10)، سیمپۆزیەم)

**کۆتایی – گوێزانەوە**

(یان لە کۆتایی گروپی ناوەڕاستدا، یان سەرەتای گروپی کۆتاییدا 360–355)

www.pertwk.com

**پارمنیدێس، سیاتیتۆس، فایدرۆس.**

**کۆتایی** (347-355 )

**(دەشێت بە رێکوپێکی بە پێی کات ریز بکرێن)**

**سۆفیست، سیاسەتمەدار، فیلیبوس، تیماوس، کریتیاس، یاساکان.**

## گوێزانەوەی کارەکانی ئەفلاتون

**هەتا سەدەکانی ناوەڕاست، جگە لە تیماوس هەموو کارەکانی تری ئەفلاتون لای جیهانی خۆراوا بزر بوون، بە تەنها لێکۆڵەرە موسوڵمانەکانی خۆرەڵاتی ناوەڕاست پاراستبوویانن. لە ساڵی 1578 دا هینری ئیستییان• (ناوە لاتینییەکەی ستیفانۆسە) چاپێکی دایالۆگەکانی بڵاوکردەوە، هەر لاپەڕەیەکی دابەشکدابوو بۆ پێنج بەش (نیشانەی a,b,c,d,e یان لێدابوون). شێوازی ستانداردی تێکستە ئەفلاتونییەکان ناوی تێکستەکەیە، پاشان لاپەڕەکەی ستیفانۆس‌و ژمارەی بەشەکان (بۆ نمونە کۆمار 511d). هەندێجار لێکۆڵەران دوای پیتی بەشەکانی ستیفانۆس ژمارەش دادەنێن، کە نیشانەیە بۆ ژمارەی دێڕەکانی بەشەکانی ستیفانۆس لە چاپە ستاندارده یۆنانییەکەی دایالۆگەکان، تێکستە کلاسیکییەکانی ئۆکسفۆرد.**

---

• **هینری ئیستییان**(1598-?1528) Estienne, Henri **بیریارو چاپەمەنیسازێکی فەرەنسییە. خێزانەکەی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ مەسەلەی چاپ‌و چاپەمەنی‌و لێکۆڵینەوەو ریفۆرمە ئاینییەکانی سەردەمی رێنیسانس. ئیستییانی باپیرە گەورەیان** (1470–1520؟) **کۆمپانیایەکی چاپەمەنی دامەزراندووە. هینری وەك باوکی لە مەسەلەی چاپەمەنیدا بەهرەمەند نەبوو. بەڵام بیریارو لێکۆڵیارێکی درەوشاوە بوو. گەلێك تێکستی گرنگی یۆنانیی وەرگێڕاو چاپی کردن. بۆ یەکەمینجار کارەکانی ئەفلاتون‌و دراماکانی ئەسخیلیۆسی لە ئەوروپای نوێ بڵاو کردەوە. فەرهەنگێکی شەش بەرگی بۆ زمانی یۆنانی** (1572) **داناوە، هەتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە هەر چاپ دەکرایەوە. کاری دیکەشی: داکۆکییەکەی هیرۆدۆت** (1566)**، داکۆکیکردن لە زمانی فەرەنسی** (1579).

# ئەو کارانەی دراونەتە پاڵی ئەفلاتون

**سپوریا** (Spuria)

چەند نوسینێکی دیکەو سێزدە نامەو چەند ئیپیگرامێك (پەندی شیعریی) بەهی ئەفلاتون لەقەڵەم دراون. بە شێوەیەکی گشتی بە هەمویان بەسەر یەکەوە دەوترێت سپوریا، هەروەها هەندێکی تریشیان پێیان وتراوە دوبیا. سپوریا لەناو سەرجەمی کارەکانی ئەفلاتوندا دانراوە، بەڵام تەنانەت لە سەردەمانی کۆنیشدا گومان هەبووە هی ئەو بێت. دوبیا ئەوانەن کە دواتر بە هی ئەفلاتون لە قەڵەم دراون، بەڵام بەم نزیکانە گومانیان خراوەتە بەر.

دایۆژینێس ئاماژەی بۆ دە دانە لە سپۆریاکان کردووە، پێنج دانە لەوانە نەماون: میدۆن یان مەیتەر، فایسیانس، خێلیدۆن، رۆژی حەوتەم، ئیپیمێندێس. پێنجەکەی تریان ماون: هالسیۆن، ئەکسیۆخۆس، دیمۆدۆکۆس، ئێریکسیاس‌و سیسیفۆس. ئێمە دەربارەی دادپەروەری‌و دەربارەی نیکی‌و پێناسەکانمان بۆ لیستە دە دانەییەکەی دایۆژینێس زیاد کردووە، کە لە رەشنوسی سەدەکانی ناوەڕاستەوە وەرگیراون، بەڵام لە کۆندا ناویان نەهاتووە.

ئەو کارانەی کە لە کۆندا گومانی زۆریان خراوەتە بەر ئەڵسابایدیسی دووهەم، ئیپینۆمیس، هیپارخۆس، خۆشەویستە دژەکان (بە ناوی دژەکان، یاخود بە ناوی خۆشەویستەکانیشەوە ناسراوە)، ئیمرۆ هەندێجار بە هی ئەفلاتون لەقەڵەم دەدرێن. ئەگەر ئەمە راست بێت، ئەوا ئیپینۆمیس دەکەوێتە گروپی کۆتاییەوەو ئەوانیتر دەکەوتنە گروپی سەرەتا یان سەرەتای گوێزانەوەوە.

**ئیپیگرامەکان**

حەڤدە یان هەژدە ئیپیگرام (هۆنراوەن کە بەکەڵکی بۆنەی بەخاکسپاردن‌و پرسەو بۆنەی دیکە دێن) لە لایەنی چەندین نوسەرەوە دراونەتە پاڵی ئەفلاتون. دڵنیاین زۆربەیان هی ئەفلاتون نین، وەلیٚ دەشێت هەندێکیان هی ئەو بن. (کووپەر 1997, 1742 ژمارە 7،2،1 و بە تایبەتیش 3 دەشێت هی ئەو بن). یەکەم هۆنراوەیەکی خۆشەویستییەو تەرخانە بۆ خوێندکارێکی فەلەکناسی کە رەنگە لە ئەکادیمیا بووبێت، دووهەمیش دەشێت نوسینێکی پرسەیی بێت دەربارەی هەمان

خوێندکار، سێهەمیش بۆ بەخاکسپاردنی دیۆنی هاوڕێ سیراکیوساییەکەی ئەفلاتون (تێیدا نوسەر دان بەوەدا دەنێت کە دیۆن "دڵ و هەناوی منی بە ئێرۆس• شێت کردووە" حەوتەمیشیان شیعرێکی خۆشەویستییە بۆ ئافرەتێکی لاو یان کچێك. پێناچێت هیچکام لەوانە جێگای بایەخێکی فەلسەفییانەی زۆر بێت.

## دوبیا Dubia

دوبیا جێگای مشتومڕێکی زۆری لێکۆڵەرانە: لە لایەکەوە, هەر بڕیارێك بۆ ئەوەی نەخرێنە ناو دایالۆگە دڵنیاکانەوە دەبێتە هۆی مەترسی ئەوەی بەڵگەیەکی بەهاداری فەلسەفەی ئەفلاتونمان لە کیس بچێت (ڕەنگە هی سۆکراتیش بێت)، لە لایەکی تریشەوە، هەر بڕیارێك بۆ ئەوەی بخرێنە ناویانەوە، مەترسی ئەوە دروست دەکات کە هانیهانی بخاتە سەر تێڕوانینی دروستی فەلسەفەی ئەفلاتون (یان سۆکرات)، بەوەی شتێکی نائەفلاتونی (یان ناسۆکراتی) بخرێتە ناو ئەو فەلسەفەیەوە. دوبیاکان بریتین (لە ئەڵسابایدێسی یەکەم، مینۆس، سیاگێس) کە هەمویان ئەگەر دڵنیا بین لێیان دەچنە ناو دایالۆگەکانی سەرەتا یان سەرەتای گوێزانەوەوە، هەروەها (کلیتۆفۆن) دەشێت هی سەرەتا یان سەرەتای گوێزانەوە بێت، یان ناوەڕاست، هەروەها نامەکانیش کە حەوتەمیان باشترینیانە بۆ دڵنیابوون. هەندێك لێکۆڵەر دەڵێن ڕەنگە سێهەمیشیان هی خۆی بێت. ئەگەر هەر کامێکیان دروست بێت، ئەوا پێدەچێت نامەکان هی ماوەی کۆتایی بن، لەگەڵ شێمانەی ئەوەی سیانزەهەمیان سەر بە ماوەی ناوەڕاست بێت.

نزیکەی هەموو ئەو دایالۆگانەی بەدڵنیایی بە هی ئەو دادەنرێن، لە لایەنی ئەم یان ئەو لێکۆڵەرەوە گومانیان لەسەرە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا لێکۆڵەران چەند جارێك ئارگیومێنتیان کردووە لەسەر دروستی ئەو دایالۆگانەی کە بە دڵنیایی بەهی ئەو دانراون و بەدەگمەن گومانیان لێکراوە. لەوانەی ئێمە لە گروپی سەرەتادا دامان ناون، جارجارە تەنها هیپیاسی گەورە بە نادڵنیا دانراوە. بەهێزترین بەڵگە دژی

---

• ئێرۆس Eros لە میتۆلۆژیای یۆنانییدا, خوداوەندی خۆشەویستییەو بەرامبەری کیوبیدی Cupid ڕۆمانەکان دەبێتەوە. پێشتر بە یەکێك لە هێزە سەرەتاییەکانی سروشت لە قەڵەم دەدرا, کوڕی پشێوییەو بەرجەستەکەری هارمۆنی و هێزە خوڵقێنەرەکانی گەردوونە.

دڵنیایی هیپپیاسی گەورە ئەوەیە هەرگیز لە هیچ سەرچاوەیەکی دێریندا ناوی نەبراوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی کەم لەوەی کۆن نوسراوە بۆ ئێمە ماوەتەوە بە جۆرێك کەمی سەرچاوەی دێرینمان بۆ ئەم دایالۆگە مانای ئەوە نیە هۆیەکی قایلکەر بێت بۆ گومان کردن لە دروستێتی دایالۆگەکە. بەلای زۆربەی لێکۆڵەرە هاوچەرخەکانەوە شێوازو ناوەڕۆکی ئەم دایالۆگە بە باشی لەگەڵ دایالۆگە ئەفلاتونییەکانی دیکەدا دێتەوە.

## دایالۆگەکانی سەرەتا

### دروستێتی مێژوویی

گەرچی کەس بیر لەوە ناکاتەوە ئەفلاتون دەقاودەق وشەو ئاخاوتنە راستەقینەکانی سۆکراتی تۆمار کردبێت، کەچی ئارگیومێنت لەسەر ئەوەش کراوە هەموو وشەکانی ناو (داکۆکی) دەقاودەق ئەوانەن کە لە دادگاییە مێژووییەکەدا وتراون. هەرچۆنێك بێت، وا باوە کە لێکۆڵەران وەها مامەڵە لەگەڵ داکۆکیدا بکەن کە پڕ متمانەترین سەرچاوە بێت دەربارەی سۆکراتی مێژوویی. بێشك دایالۆگەکانی سەرەتا داهێنراوی ئەفلاتوون خۆین، بەڵام وەك دەڵێن، گەلێك لە لێکۆڵەران وای بۆ دەچن کە کەم تا زۆر بریتی خستنەڕووی فەلسەفەو هەڵسوکەوتی سۆکراتی مێژوویی بن، گەرچی هیچ بەڵگەیەکی ئەدەبی یان مێژووییش لەمەڕ ئاخاوتنەکانی سۆکراتی راستەقینە بەدەستەوە نیە. هەندێك لە دایالۆگەکانی سەرەتا بڕگەو پارچەی وەهایان تێدایە کە لە رووی مێژووییەوە دروست نین. بێگومان دەشێت هەموو دایالۆگەکان داهێنراوی ئەفلاتون بن‌و هیچ پەیوەندییەکیان بە سۆکراتی مێژووییەوە نەبێت. لێکۆڵەرە هاوچەرخەکان بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی ئەو دایالۆگانەو ئامادەیی سۆکرات تێیاندا، یەکێك لەم چوار تێرشوانینەی خوارەوەیان هەیە:

1. گۆشەنیگای یەکدانەیی. ئەم تێڕوانینە زیاتر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا باو بووە نەك ئێستا، لە کارەکانی ئەفلاتوندا تەنها یەك فەلسەفە بەدی دەکرێت (ئیتر کاری هەر ماوەیەك بێت، ئەمە ئەگەر ئەسڵەن بگونجێت کاری ئەفلاتون دابەش بکەین بۆ چەند ماوەیەك). بە پێی لێکۆڵەرانی گۆشەنیگای یەکدانەیی، دروست نیە

تەنانەت قسە لەسەر فەلسەفەی سۆكراتی بكەین، بە بۆچوونی ئەوان (هەموو شتێك لە دایالۆگەكانی ئەفلاتوندا فەلسەفەیەكی ئەفلاتونییانەیە). یەكێك لە چاپە نوێیەكانی ئەم تێڕوانینە گۆشەنیگای چارلس ئێچ كاهنە (1996). لێكدانەوە دێرینەكانی دوای مەرگی ئەفلاتون, هەموویان لە بنەڕەتدا یەكدانەیی بوون. بەڵام بەشێوەیەكی بەرچاو ئەرەستۆ وا نەبوو.

2. تێڕوانینە ئەدەبییەكانی ئەتۆمیستەكان. ئەوانەی ئەم تێڕوانینەیان هەیە، وەك یەكەیەكی ئەدەبی كامڵ مامەڵە لەگەڵ یەكە بەیەكەی دایالۆگەكاندا دەكەن، پێیان وایە پێویستە بێ گەڕانەوە بۆ هیچ كارێكی تری ئەفلاتون، لێكدانەوەی تەواو بۆ هەر دایلۆگێك بەجیا بكرێت. هاوڵانی ئەم بۆچوونە، هەموو فرەییەك لە پۆلاندن و ریزكردنی دایالۆگەكان لە گروپی جیاجیادا، رەتدەكەنەوە، پێیان وایە هەموو ریزبەندییەك بۆ لێكدانەوەی لەباری هەر دایالۆگێكی تاك بە تەنیا سوودی نیە. لەم تێڕوانینەشدا، هیچ بەهانەیەك نیە بۆ جیاكاریی كردن لە نێوانی "فەلسەفەی سۆكراتی" و "فەلسەفەی ئەفلاتونی" دا. بە پێی ئەدەبیاتی ئەتۆمیستەكان پێویستە هەموو ئەو فەلسەفەیەی لە كارەكانی ئەفلاتوندا دەبینرێتەوە، بە تەواویی بدرێتە پاڵی ئەفلاتون خۆی و كەسی تر نا.

3. تێڕوانینی پەرەسەندنگەراكان. بە پێی ئەم تێڕوانینە، كە زۆربەی هەرە زۆری لێكۆڵینەوەكان كاری پێدەكەن، پێویستە جیاوازیی بكرێت لە نێوانی دایالۆگەكانی سەرەتاو كۆتاییدا بۆ ئەوەی ئاگاداری پەرەسەندنی فەلسەفەو كاری ئەفلاتون ببین. دەشێت ئەمە پەیوەندی هەبێت یان نەبێت بەوەوە كە وا دابنێین هەندێك لە دایالۆگەكان یادەوەریی سۆكراتی مێژوویین، ئەم جیاكارییە تەنها ئەوەندەیە گۆڕانكاریی ناو تێڕوانینەكانی خودی ئەفلاتون بخاتە روو، هیچی تر.

دەشێت هەموو پەرەسەندنگەراكان بە شێوەیەكی گشتی هەڵوێستەكانی سەرەتا یان كارەكانی سەرەتا وەك سۆكراتی و ئەوانەی دواتریش وەك ئەفلاتونی لەقەڵەم بدەن، بەڵام رەنگە گومان هەبێت لەوەی پەیوەندییان بە تێڕوانینە سۆكراتییەكان و كارەكانی سۆكراتی راستەقینەی مێژووییەوە هەبێت.

4. تێڕوانینی مێژووگەرایی. رەنگە باوترین تێڕوانینی پەرەسەندنگەراكان ئەوە بێت كە دەڵێن ئەو بەرەوپێش چوونەی بە ئاشكرا لە دایالۆگەكانی سەرەتاوە بەرەو

کۆتایی هەیە، هەوڵی ئەفلاتون خۆیەتی، خۆی ویستوویەتی لە دایالۆگەکانی سەرەتادا کەم تا زۆر سۆکراتی راستەقینە ئامادە بکات. دواتر، (رەنگە لەبەر سەرهەڵدان پەرەسەندنی ژانری "نوسینە سۆکراتییەکان" بێت لە لایەنی نوسەرانی ترەوە، ئەوانەی هەوڵیان نەداوە پابەندی مێژوو بن)، ئیتر ئەفلاتون لە کارەکانیدا ئازادانەتر تێڕوانینەکانی خۆی لە زاری کاراکتەری "سۆکرات"ەوە راگەیاندووە. ئەرەستۆی قوتابی ئەفلاتون، بەم شێوەیە لە دایالۆگەکان تێگەیشتووە.

ئێستا، هەندێك لێکۆڵەر لەوانەی دڕدۆنگن لە سەراپای بەرنامەی ریزبەندکردنی دایالۆگەکان لە گروپی کرۆنۆلۆژیدا، وەك مێژووگەراکان بە راشکاویی نادوێن (بۆ نمونە بڕوانە کووپەر 1997 ، 12–17)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تێڕوانینەیان بەلاوە پەسەندە کە دەڵێت کارەکانی سەرەتا لە رەزم و ناوەڕۆکیشدا سۆکراتییانەن. لەگەڵ چەند ئاوارتەیەکی کەمدا، لێکۆڵەران کۆکن لەسەر ئەوەی ئەگەر نەشتوانین هیچ گروپێك لە دایالۆگەکان بەجیا دابنێین بڵێین ئەمانە هی سەرەتان یان سۆکراتییانەن، یاخود تەنانەت ئەگەر بشتوانین کارە سۆکراتییەکان جیابکەینەوە، بەڵام نەتوانین بڵێین فەلسەفەیەکی تایبەت لەو کارانەدا هەیە، ئیتر شتێکی بێمانایە بە هیچ جۆرێك باس لە فەلسەفەی سۆکراتی مێژوویی بکەین. ئێمە زۆر کەممان لە کاری نوسەرە دێرینەکان لەبەر دەستایە (زۆر کەمیش لەوەی بەردەستمان کەوتووە سەرنجڕاکێشە) تا بەکاری بهێنین بۆ دۆزینەوەی بەڵگەیەك کە بە دڵنیایی شتێکی دابێتە پاڵی سۆکرات. کەواتە پێویستە هەر بایەخدانێکی راستەقینەی فەلسەفییانە بە سۆکرات، لە تویێ بەدواداچوونی دایالۆگەکانی سەرەتای ئەفلاتونەوە بێت.

## بەکارهێنانی کاراکتەری سۆکرات

ئەو دایالۆگانەی بەشێوەیەکی گشتی وەك هی سەرەتا پەسەند کراون (یان پێیان دەوترێت دایالۆگە سۆکراتییەکان)، کاراکتەری سەرەکی تێیاندا سۆکراتە. سۆکرات بە شێوەیەك وێنا کراوە کە لە پرۆسەی پرسیارکردنوو وەڵامدانەوەدا، پرسیارە هەستیارەکە بەرز دەکاتەوە، ئەمە بە ناوی "میتۆدی سۆکراتیانەوە بۆ فێرکردن"ەوە ناسراوە، یان پێی دەوترێت "مشتومڕ elenchos" لە وشەی بە درۆخستنەوەی یۆنانییەوە هاتووە، تێیدا سۆکرات نزیکەی هەموو جارەکان رۆڵی پرسیارکەر

دەبینێت، چونکە خۆی دەڵێت هیچ داناییەکی نیە تا بەشی خەڵکی تری لێ بدات. لەم ماوەیەدا ، سۆکراتەکەی ئەفلاتون، زۆر شارەزایەو دەتوانێت سەرسەختترین‌و سرکترین کەسی وەقسەهێنراویش تووشی ناکۆکی بکاتێ سەری لێ بشێوێنێت. لە داکۆکیدا، سۆکرات روونی دەکاتەوە کە بە هۆی وتەیەکی پەرستگای دیلفییەوە• کە بە خایرۆفۆنی هاوڕێی• وتراوە گوایە کەس لە سۆکرات داناتر نیە (داکۆکی 21a-23b)، بۆیە ناچار ئێخەی گەلێك لە هاوچەرخەکانی خۆی گرتووەو تەریقی کردوونەتەوە. سۆکرات لە ئەنجامی گەڕان بەدوای زانینی مانای ئەو وتەیەدا، ئەرکێکی یەزدانییانەی کەوتۆتە سەرشان تا ئەو کەسانە تەریق بکاتەوە کە بەدرۆوە خۆیان بە دانا دادەنێن. ئەم بەرۆکگرتن‌و ساکاندنەی سۆکرات گەلێك کەسی گرتبۆوە، بە جۆرێك دەڵێت ئەوە رەگو ریشەی ئەو تۆمەتانەیە کە دراونەتە پاڵی (داکۆکی 23c-24b) بۆیە گوناحی کەسی تێدا نیە جگە لە قوربانییەکانی چونکە ژیانێك دەگوزەرێنن کە تاقی نەکراوەتەوە (بڕوانە 38a).

شێوازی وێناکردنی سۆکرات کە بە شاردا دەگەڕێت‌و ئەرکی سەرشانی جێبەجێ دەکات، پاساوی ئەوە دەداتەوە کە بۆچی لە ساڵانی پڕ گێرەوکێشەی دوای شەڕی پیلۆپۆنیشدا•، ئەسینایییەکان سۆکرانیان راپێچ کردووە بۆ دادگاو

---

• دیلفی Delphi یەکێکە لەشارەکانی یۆنانی دێرین, شوێنی ئاهەنگگێڕان و یادکردنەوەی خوداوەندی ئەپۆلۆیە, دەکەوێتە سەر بەرزاییەکانی شاخی پارناس لە فۆسیس (ئێستا پێی دەوترێت ناوچەی فۆکیس) نزیکەی نۆ کیلۆمەترو نیو لە کەنداوی کۆرینسەوە دوورە. ئەسینایییەکانی ئەوسا بە ناوەڕاستی زەمین دایان دەنا. پێشتریش ناوچەی تایبەتی خوداوەندی زەمین بووە, واتە گایا. بە پێی ئەفسانەکان, ئەپۆلۆ ئەو ئەژدیهایەی کوشتووەکەپاسەوانی گایا بووەو گایای لە پیرۆزیی بێبەش کردووەو پیرۆزییەکەی بەخشیوە بەدایۆنایسیس. کاهینەکانی دیلفی چەند سروتێکی تایبەتییان پێڕەو کردووەو سەرکردەیەکیان هەبووە پێی وتراوە پیسیا, گوزارشتی لە وتەو پێشبینی و ئاخاوتنەکانی ئەپۆلۆ دەکردو دەیگەیاندن بە مرۆڤ.

• خایرۆفۆن Chaerephon قوتابییەکی بەوەفای سۆکراتە, بە ناوی چیرۆفۆنیشەوە بانگ دەکرێت. میزاجێکی تیژو هەڵچووی هەیە, بۆیە ببووە بابەتێك بۆ شاعیرە گاڵتەجاڕەکان. خایرۆفۆن ئەو کەسەیە کە چووە بۆ لای فاڵگرەوەکەی دیلفی و پرسیاری ئەوەی لێکردووە, ئایا کەسێك هەیە لە سۆکرات داناتر بێت. شیریفۆن و کایرۆفۆنیشی پێ دەوترێت.

• شەڕی پیلۆپۆنیش Peloponnesian War (431-404) شەڕێکی گەورەی درێژ خایەنە لە نێوانی هەردوو شاری گەورەو دەرکەوتووی ئەسیناو سپارتەدا لە یۆنان. هەندێجار بە ناوی چەنگی گەورەی پیلۆپۆنیشی دووهەمەوە نادەدەبرێت‌و جەنگی یەکەمیان (46–445) لە نێوانی ئەسیناو بەرەی پیلۆپۆنیشدا بووە. سەرەنجامی جەنگی نێوان ئەسیناو سپارتە تێکشکانی ئەسینا بووەو

www.pertwk.com

تاوانباریان کردووە، هەروەها بۆچی سۆکرات تاوانبار نەبوو بەو تۆمەتانەی ڕووبەڕوویان ببۆوە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە دیالۆگەکانی سەرەتای ئەفلاتون پڕن لە ئارگیومێنتی سەرنجڕاکێش‌و بەدرۆخستنەوەی چەندان بۆچوونی فەلسەفییانە کە کێبڕکێی خوێنەرانی فەلسەفە دەکەن‌و کەمەندکیشیان دەکەن.

دیالۆگە ئەفلاتونییەکان بەردەوام لەناو ئەو خوێندنەوە پێویستانەدان کە بۆ پۆلە فەلسەفییە سەرەتایی‌و پێشکەوتووەکانیش پێویستن، نەك تەنها لەبەر سازی‌و خۆشدەستییان، بەڵکو لەبەر ئەوەی گەلێك لە گرفتە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە دەخەنە ڕوو. بە پێچەوانەی زۆربەی کارە فەلسەفییەکانی دیکەوە, ئەفلاتون ئاخاوتنەکان لە چوارچێوەیەکی دراماتیکییانەدا دادەڕێژێت، ئەمەش وا دەکات سەنگ‌و هێزێکی زیاتریان هەبێت. بۆیە، بۆ نمونە، لە کریتۆندا سۆکرات دەڵێت گوێڕایەڵیکردنی یاسا ئەرکی سەرشانی هاوشارییە، لە کاتێکدا خۆی لەناو بەندیخانەدا چاوەڕێی بە مەرگ سپاردن بوو، خۆی‌و کریتۆنیش کۆك بوون لەسەر ئەوەی تاوانبارکردنەکەی هەڵەیەکی زەق بووەو ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی ئەو یاسایانە بووە کە مشتومڕیان لەسەر دەکرد. سیمای دراماتیکییانەی کاری ئەفلاتون سەرنجی تەنانەت لێکۆڵەرانی ئەدەبیشی ڕاکێشاوە، ئەوانەی هیچ بایەخێك بە فەلسەفە نادەن. ئیتر بەهای ئەو دیالۆگانە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووییانە هەرچەندێك بێت، بەردەوام هەر دەخوێندرێنەوەو لە لایەنی خوێنکارانیش و بیریارانیشەوە دانوساندنیان لەسەر دەکرێت، ئەو سۆکراتەش کە لە دیالۆگەکانی سەرەتادا دەیبینین، بە یەکێك لە فەیلەسوفە مەزنەکانی خۆراوا دادەنرێت.

---

سەرەتای هەرەسهێنانی شارستانێتی یۆنانیش بووە. جەنگەکە لە بەهاردا هەڵگیرساوەو دە ساڵی یەکەمی کوشتارەکە بە ناوی شەڕی ئارخیدامییەکانەوە ناسراوەو بە ئاگربڕەکەی نیکیاس کۆتایی هاتووە. لە ساڵی 415 دا ئەسینا سوپایەکی گەورەی دەریایی ڕەوانەی سێسیلی دەکات تا داگیری بکات، سێسیلیش هاوپەیمانی سپارتە بوو، لە ساڵی 411 دا، گروپێکی ئۆلیگارشی بە پشتیوانی سپارتە دەست دەگرن بەسەر دەسەڵاتی ئەسینادا، بەڵام دواتر لەسەر تەخت لادەبرێن و سیستمی دیموکراسی میانڕۆ دادەمەزرێنرێت‌و بە ناوی پێنج هەزارەکەوە ناسراوە. لە شەڕی ئیگۆسپۆتامیدا 405، سپارتەییەکان کەشتیگەلی ئەسینا لەناو دەبەن و ساڵی دواتریش ئەسینا تەسلیمی سپارتە دەبێت.

## هەڵوێستی ئاکاریی لە ناو دایالۆگەکانی سەرەتادا

دەشێت ئەو هەڵوێستە فەلسەفییانەی کە زۆربەی فەیلەسوفان لەسەریان کۆکن راستەوخۆ لە دایالۆگەکانی سەرەتادا بدۆزرێنەوە. ئەم دایالۆگانەی خوارەوە هەڵوێستی ئاکاریی یان ئێتیکییان تێدایە:

- رەتکردنەوەی وەڵامدانەوەی خراپە بە خراپە، وەڵامنەدانەوەی ئازاردران بە ئازاردران یان خراپە بە خراپە (کریتۆن 48b-c, 49c-d، کۆمار، کتێبی یەکەم 335a-e).

- نادادپەروەریکردن دەبێتە هۆی ئازاردانی رۆحی کەسی نادادپەروەر، رۆحیش بەلای مرۆڤەوە زۆر ئازیزە، بۆیە باشتر وایە نادادپەروەری بچێژین نەك نادادپەروەری بکەین (کریتۆن 47d-48a، گۆرگیاس 478c-e, 511c-512b، کۆمار کتێبی یەکەم 353d-354a).

- ئەوەی پێی دەوترێت "هەڵسەنگێنەری کامەرانی" بە پێی ئەو چاکی ئەوەیە بە زاراوەکانی بەدیهێنەری کامەرانی مرۆیی، بوونی چاك، یان خۆشگوزەرانیدا بیناسینەوە، دەشێت وای لێ تێبگەین کە "ژیانی چاك" یان "کردەوەی چاك"دەگەیەنێت (کریتۆن 48b، یوسیدیمۆس 268e, 282a، کۆمار کتێبی یەکەم 354a).

- تەنها نیکی* خۆی لە خۆیدا چاکە، هەر شتێکی تر کە چاك بێت، چاکە وەك ئەوەی خزمەتی نیکی دەکات یان نیکی بەکاری دەهێنێت (داکۆکی 30b، یوسیدیمۆس 281d-e).

- جۆرە یەکێتییەك لە نێوانی نیکییەکاندا هەیە: بە مانایەك، هەموو نیکییەکان یەك شتن (پرۆتاگۆراس 329b-333b, 361a-b).

---

* نیکی virtue بە یۆنانی دێرین پێی دەوترێت ئارێتێ arête ئەوپەڕی چاکی, حاڵەتی بونەوەری مردە کە خۆی لە خۆیدا شایستەی ستایشکردنە, ئەو حاڵەتەیە کە ئەگەر یەکێك هەیبێت بە چاك دادەنرێت, واتە چاودێرییکردنی دادپەروەرانەی یاساکان, ئەو خەسڵەتەی کە تێیدا ئەو کەسەی چاکە بەو پەڕی نایاب دادەنرێت, ئەو حاڵەتەی کە دڵسۆزی بۆ یاساکان بەرهەم دەهێنێت. وشەی نیکی و گەردانەکانی (نیك, نیکبوون..) وشەگەلێکی ئاڤێستایی رەسەنن.

www.pertwk.com

• ئەو هاوشارییانەی رازین هەموویان پێکەوە لەناو دەوڵەتێکدا بژین، پێویستە هەردەم گوێڕایەڵی یاساکانی ئەو دەوڵەتە بن، یاخود دەوڵەتەکە قایل بکەن بە گۆڕینی یاساکانی، یان ئەوەنا وڵات جێبهێڵن (کریتۆن 51b-c, 52a-d).

## هەڵوێستی سایکۆلۆژی لە دیالۆگەکانی سەرەتادا

سۆکرات لەسەر چەند گۆشەنیگایەك ئارگیومێنت* دەکات، یاخود راستەوخۆ خۆی دەریان دەبڕێت:

• هەموو خراپەکارییەك بە نەزانی دەکرێت، چونکە هەموو کەس ئارەزووی ئەوە دەکات کە چاکە (پرۆتاگۆراس 352a-c، گۆرگیاس 468b، مینۆن 77e-78b).

• بە مانایەك لە ماناکان هەموو کەس باوەڕی بە چەند پرەنسیپێکی ئاکارییانە هەیە، گەرچی هەندێ وا دەزانن شتی وایان نیە، دەشتوانرێت لە ئارگیومێنتدا بەدرۆ بخرێنەوە (گۆرگیاس 47b, 476e-476a).

## هەڵوێستی ئاینی لە دیالۆگەکانی سەرەتادا

لەم دیالۆگانەدا، سۆکرات خاوەنی چەند باوەڕێکی ئاینییانەی دیاریکراوە، وەك:

• خوداوەندان بە تەواویی داناو چاکن (داکۆکی 28a، یوتیفرۆن 6a, 15a، مینۆن 99b-100b).

• سۆکرات لە سەردەمی منداڵیشیدا ئەزمونێکی ئاینییانەی هەیە (داکۆکی 31c-d, 40a، یوتیفرۆن 3b، فایدروس 242b)، ئەو ئەزمونە لە دەنگێکدا بەرجەستە بووە (داکۆکی 31d، فایدروس 242c)، یان نیشانەیەکە (داکۆکی 40c,41d، یوسیدێموس 272e، هەروەها بڕوانە کۆمار کتێبی شەشەم 496c، فایدروس 242b). ئەگەر بیەوێت شتێکی هەڵە بکات ئەو دەنگە یان نیشانەیە دژی دەوەستێتەوە (داکۆکی 40a-40c).

---

* ئارگیومێنت argument ئەم زاراوەیە لە ئاخاوتن و دانوساندنە فەلسەفییەکاندا زۆر دوبارە دەبێتەوە. لە زمانی فەلسەفەدا مانایەکی بەرینی هەیە, بەڵام دەتوانرێت بوترێت بۆ دەربڕینێك یان تێزێکی لۆژیکییانە بەکاردەهێنرێت کە دەرەنجامێکیشی لەگەڵدایە, واتە بیرکردنەوەو ئاخاوتنێکی ئەقڵانییانەیە لە پێشەکییەکەوە یان چەند پێشەکییەکەوە دەستپێدەکات و دەگاتە پێشکەشکردنی بەڵگەو دەستاوێژ بۆ دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراو یان چاوەڕوان نەکراو.

- چەندان شێوەی جیاجیای یەزدانییانە هەن کە دەشێت بوار بۆ مرۆڤ بڕەخسێنن تا ئیرادەی خوداوەندەکان بناسنەوە (داکۆکی 21a-23b, 33c).
- ئەو شتە جوانانەی شاعیران و ستایشنوسان دەیاننوسن و دەیانکەن لە زانین یان شارەزاییەوە نایاننوسن یان نایانکەن، بەڵکو بەهۆی جۆرە سروشێکی یەزدانییەوە ئەنجامیاندەدەن. دەشێت هەمان شت بۆ فاڵگرەوەو ئایندەناسانیش بوترێت، چونکە ئەوانیش گەرچی وا دەردەکەوێت جۆرە شارەزاییەکیان هەبێت، بەڵام ڕەنگە ئەوە جۆرە تەکنیکێك بێت و بەهۆیانەوە بچنە حاڵەتێکی گونجاوە بۆ پەیوەندیکردن بە یەزدانەوە (داکۆکی 22b-c ، لاخیس 198e-199a، ئایۆن 533d-536a, 538d-e، مینۆن 99c).
- کەس بە ڕاستی نازانێت دوای مردن چی ڕوودەدات، بەڵام شتێکی ماقووڵە بیر لەوە بکەینەوە کە مەرگ خراپ نیە، دەشێت دوای مردنیش ژیان هەبێت، تێیدا ڕۆحی چاکەکان خەڵات بکرێن و هی خراپەکارانیش سزا بدرێن (داکۆکی40c-41c، کریتۆن 54b-c، گۆرگیاس 523a-527a).

## هەڵوێستی میتۆدۆلۆژی• و ئەپستمۆلۆژی لە دایالۆگەکانی سەرەتادا

سۆکراتی ئەفلاتون لە دایالۆگەکانی سەرەتادا بە شێوەیەکی قایلکەرانە چەند دیدو بۆچوونێکی میتۆدۆلۆژی و ئەپستمۆلۆژییانەی هەیە:

- زانینی پێناسەکراو بە زاراوە ئێتیکییەکان• کە بەلایەنی کەمەوە مەرجێکی پێویستە بۆ داوەریکردنێکی متمانە پێکراو، نمونەیەکی دیاریکراوی ئەو بەهایانەی ناویان دەهێنن (یوتیفرۆن 4e-5d, 6e، لاخیس 189e-190b، لیسیس 233b، هیپیاسی گەورە 304d-e، مینۆن 71a-b,100b، کۆمار، کتێبی یەکەم 354b-c).

---

• میتۆدۆلۆژی Methodology بریتیە لە لێکۆڵینەوەی میتۆدەکان لە کایە تایبەتییەکانی پرسیار, زانست, مێژوو, ماتماتیك, سایکۆلۆژیا, فەلسەفە, ئێتیك. بە شێوەیەکی گشتی بریتیە لە لێکۆڵینەوەو ڕێکخستنی پرەنسیپەکان و ئامادەکردن و دەرخستنی یاسا و ڕێساکان.

• ئێتیك Ethics (Greek *ethika,* from *ethos,*”character,””custom”) لە پرەنسیپەکان یان ستانده‌ردەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤە, هەندێجار پێی دەوترێت مۆراڵ . ئاکار (Latin *mores,*”customs”) , هەروەها بە لێکۆڵینەوەی ئەو پرەنسیپانەش دەوترێت, بۆیە هەندێجار پێی دەوترێت فەلسەفەی ئاکاریی . مۆراڵی.

- **لیستێکی پەتیو پوختەکراو بۆ هێنانەوەی نمونە دەربارەی هەندێك لە بەها ئێتیکییەکان – تەنانەت ئەگەر هەموویان حاڵەتی راستەقینەش بن بۆ ئەو بەهایە – هەرگیز شیکردنەوەیەکی گونجاو پێشکەش ناکەن دەری بخات بەهاکە چیە، هەروەها پێناسەیەکی گونجاویش بۆ زاراوەی بەها پێشکەش ناکەن کە بگاتە سەر بەها دیاریکراوەکە. پێویستە پێناسەی گونجاو شتێك دەرببڕێت کە بۆ هەموو نمونەکانی بەهاکە بگونجێت** (**یوتیفرۆن** 6d-e، **مینۆن** 72c-d).
- **ئەو کەسانەی لە بابەتێکی دیاریکراودا شارەزانو داناییان تێیدا هەیە، لە داوەریکردنی بابەتەکەی خۆیاندا هەڵە ناکەن** (**یوتیفرۆن** 4e-5a، **یوسیدێموس** 279d-280b) **لە کایەی شارەزایی خۆیاندا بە شێوەیەکی ئەقلانیو رێکوپێك هەڵدەسوڕێن** (**گۆرگیاس** 503e-504b)، **دەتوانن بابەتەکەی خۆیان روون بکەنەوەو فێری خەڵکی بکەن** (**گۆرگیاس** 465a, 500e-501b, 514a-b، **لاخیس** 185b, 185e, 188e-190b، **پرۆتاگۆراس** 319b-c).

# دیالۆگەکانی ناوەڕاست

## جیاوازی نێوان دیالۆگەکانی سەرەتاو ناوەڕاست

هەوڵەکانی لێکۆڵیاران بۆ دۆزینەوەی ڕیزبەندییەکی کرۆنۆلۆژییانە• لە نێوانی دیالۆگەکانی سەرەتای گوێزانەوەو دیالۆگەکانی ناوەڕاستدا پڕن لە گیروگرفت، چونکە هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی دیالۆگی سەرەکی ماوەی ناوەڕاست, واتە کۆمار, چەند خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە کە وادەکەن دانانی بەروارێکی ڕاشکاو بۆی زەحمەت بێت. وەك پێشتر وتمان، گەلێك لێکۆڵەر کتێبی یەکەمی کۆمار لەناو گروپی دیالۆگەکانی سەرەتادا دادەنێن. بەڵام ئەوانەی هەموو کۆمار دەخوێننەوە دەبینن کە کتێبی یەکەم پێشەکییەکی سروشتییە بۆ کتێبەکانی تری کۆمار. لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لە لایەنی دێبرا نایڵزەوە (بەرواری دراماتیکییانەی کۆمارەکەی ئەفلاتون "جۆرناڵی کلاسیك 93.4 1998 383-396) تێبینی چەند موفارەقەیەکی مێژوویی دەکات کە ئەوە دەگەیەنن پرۆسێسی نوسینەکە (لەوانەشە پێداچوونەوەشی) لە ماوەیەکی زۆر درێژدا تەواو بووە. ئەگەر ئەم کارە سێنتەرییەی ماوەکە بە زەحمەت بخرێتە شوێنێکی شیاوەوە، ئەوا ناتوانین لە بەرواری ئەو کارانەی تریش دڵنیا ببین کە پەیوەندییان بەو کارەوە هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێویست بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی دیالۆگەکانی گوێزانەوەو ناوەڕاست ناکات تا تێبینی بکەین جیاوازیی ڕوون هەیە لە شێواز و ناواخنی فەلسەفییانەیاندا لەگەڵ دیالۆگەکانی سەرەتادا. ڕاشکاوترین گۆڕانکاریی کە تێیدا ئەفلاتون سۆکرات بەکاردەهێنێت، ئەمەیە: لە دیالۆگەکانی سەرەتادا، سۆکرات پرسیار دەکات و پرسیارلێکراو تووشی شڵەژان و ساکان دەکات، ئەمە لە کاتێکدا کە ناتوانایی خۆی دەخاتە ڕوو بۆ شاردنەوەی هەر ڕۆشناییەکی پۆزەتیڤ کە بیخاتە

---

• کرۆنۆلۆژی Chronology زانستێکە بایەخ دەدات بەدابەشکردنی کات بۆ چەند ماوەیەکی ڕێکوپێك, واتە ڕیزکردنی ڕوداوەکان بە پێی کاتی دەرکەوتن یان ڕوودان, لەگەڵ ڕێکخستنی کاتی دروست بۆ زانینی ڕوداوەکان, هەروەها مشتوماڵکردنی ناتەباییەکان لەو بەروارانەدا کە بە هۆی جیاوازیی نێوانی سیستەمە بەکارهێنراوەکانی سەردەمی هاوچەرخ و سەردەمە دێرینەکان, کەوتۆتەوە.

سەر بابەتەکە، لە کاتێکدا لە دیالۆگەکانی ماوەی ناوەڕاستدا, لە پڕێکدا سۆکرات وەك پسپۆڕێکی پۆزەتیڤ دەردەکەوێت، دەیەوێت جەخت بکات لە تیۆرییەکانی خۆی دەربارەی گەلێك بابەتی گرنگو پێناسەشیان بکات. لەوەش زیاتر، لە دیالۆگەکانی سەرەتادا، سۆکرات بەشێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا دەمەتەقێ لەسەر بابەتە ئێتیکییەکان دەکات – لەگەڵ کەمێك خۆخەریککردن بەو گۆشەنیگا ئاینی، ئەفسانەیی، ئەپستمۆلۆژییانەوە کە بەناو دەمەتەقێ ئێتیکییە سەرەکییەکاندا پەرشو بڵاو بوونەتەوە. لە ماوەی ناوەڕاستدا، سۆکراتەکەی ئەفلاتون بایەخدەدات بە دەرەنجامی بەرینتر لە پەیوەندییان هەیە بە نزیکەی هەموو پانتاییەکانی پرسیارکردنەوە، ئەوانەی مرۆڤ پێیان ئاشنایە. لەم دیالۆگانەدا هەڵوێستی فەلسەفییانەی سۆکرات پێشدەکەوێتو سیستماتیکیتر دەبێت، پڕیشێتی لە پرسیاری تیوریی گەورە لەمەڕ پێوەستی نێوانی زمانو واقیع (لە کراتیلۆس) دا، زانین و روونکردنەوە (لە فایدۆن و کۆماردا، کتێبەکانی 5 – 7). بە پێچەوانەی سۆکراتی ماوەی سەرەتاوە، کە "داناترین پیاو" بوو، ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی درکی بە نەزانی خۆی دەکرد، سۆکراتی دیالۆگەکانی ناوەڕاست دان بە شیانی زانینێکی مرۆیی لە هەڵە بەدەردا دەنێت (بە تایبەتی لە وێکچواندنە نێودارەکەی روناکیدا، لێکچوونی خۆرو چاکە، لێکچوونی هێڵی بەشکراو لە کتێبی شەشەمو نمونەی ئەشکەوتەکەش لە کتێبی حەوتەمی کۆماردا)، ئەمەش لە نیکییەکی تایبەتیدا دەبێت بە شتێکی شیاو لەمەڕ پەیوەندییەکی درکپێکردن لەگەڵ فۆرمەکان یان ئایدیاکاندا، کە لە جیهانێکی ژوور هەستدا هەنو تەنها هزر پەییان پێ دەبات. ئەم تیوریی فۆرمانە لە چەندان رەوتی جیاجیادا ناسێنراونو روون کراونەتەوە لە هەریەکێك لە دیالۆگەکانی ماوەی ناوەڕاستدا، کە رەنگە تاقە باشترین دیاردەی ناسراو و پێناسەکراو بێت بۆ ئەوەی کە دواتر پێی وترا ئەفلاتونیزم.

## تیوریی فۆرمەکان

ئەفلاتون لە گەلێك دیالۆگیدا ئاماژەی بۆ چەند شتێکی ژوور هەست کردووە، کە پێیان دەوترێت "فۆرمەکان" یان ئایدیاکان. بۆ نمونە، لە فایدۆندا پێمان

رادەگەیەنرێت کە شتە دیاریکراوە بەرهەستەکان، بۆ نمونە، دار و بەرد هاوشێوەی وەکو خۆیانیان هەیە, کە بە رەهایی و بیٚ گۆڕان و بە تەواویی و بە شێوەیەکی جەوهەریی لێکدەچن (74a-75d). هەندێجار ئەفلاتون بەشداریکردنی شتەکان لە فۆرمەکاندا وەکو ئەندێشە لەقەڵەم دەدات یاخود پێی دەڵێت لاساییکردنەوەی فۆرمەکان. هەمان شتیش بۆ زۆر شتی تری (گەورەتر) و (بچووکتر) بەرامبەری فۆرمی (گەورەیی) و (بچووکی) (فایدۆن 75c-d) یان گەلێك شتی (درێژ) و فۆرمی (درێژیی) (فایدۆن 100e) یان شتی جوان و فۆرمی جوانی (فایدۆن 75c-d، سیمپۆزیەم 211e، کۆمار، کتێبی پێنجەم 476c). کاتێك ئەفلاتون دەینوسی شتەکان "لاساییکردنەوە"ی فۆرمەکانن، ئەوە شتێکی ئاسان بوو، چونکە بەلای ئەوەوە فۆرمەکان نمونەن. ئەگەر وابێت، ئەفلاتون باوەڕی وایە فۆرمی جوان، جوانی پوختەیە، فۆرمی داد، دادی پوختەیە... تاد. فۆرمەکان بۆ ئەفلاتون زۆر گرنگ بوون، چونکە ئەو بەدوای کۆمەڵێك یەکەی وەهادا دەگەڕا کە بە باشترین شێوە بتوانن داوەریی جیهانی بەرهەست بکەن، بۆ ئەمەش فۆرمەکان باشترین نمونەن و ئەوانیتریش لاساییکردنەوەی ئەم فۆرمانەن.

هەندێك لێکۆڵەر ناڕەزایی دەردەبڕن لەو پانتایی و بەرینییەی دراوە بە "تیوریی فۆرمەکان" و دەپرسن ئایا ئەفلاتون بەوە دەستی پێکردووە کە بڵێت سەرەتا چەند شتێکی کەم فۆرمیان هەبووە، وەك درێژیی، یەکسانی، دادپەروەری، جوانی، هتد.. ئینجا دواتر پانتاییەکەی بەرین کردۆتەوە تا ئەوەی ئەو فۆرمانەش بگرێتەوە کە بۆ هەموو حاڵەتەکان و بۆ فرەیی نمونەکان بەکاردەهێنرێن. لە کۆماردا، دەنوسێت. رەنگە ژمارەیەکی یەکجار زۆر فۆرم هەبێت، بۆ نمونە، لە کتێبی دەهەمدا، دەربارەی فۆرمی خراپە دەنوسێت (بڕوانە کۆمار، کتێبی دەهەم، 569b). رەنگە گەیشتبێتە باوەڕی ئەوەی فۆرمی وەهاش هەیە یەکێتی دەبەخشێت بە گروپ و سێتی شتە دژەکان (بیٚ ناوهێنانی ئەو زاراوانەی بە هۆیانەوە باس لە ئەندامەکانی ناو سێتەکان دەکەین). زانین ناسینەوەی فۆرمەکان دەگرێتەوە (کۆمار، کتێبی پێنجەم 475e-480a) هەروەها هەر پیادەکردنێکی پشتئەستوری ئەم زانینە ئەو توانایەش دەگرێتەوە کە بەراوردی شتە بەرهەستەکە دەکات بە فۆرمەکەی بەرامبەری.

# نەمری و زیندووبوونەوە

لە دیالۆگی مینۆنی سەرەتای گوێزانەوەدا، ئەفلاتون وا لە سۆکرات دەکات هەمان ئایدیا ئۆرفی• و فیساگۆراسییەکە بهێنێتەوە لەمەڕ ئەوەی ڕۆح نەمرەو پێش لە دایکبوونیش هەر هەیە. دەشڵێت هەموو زانینێك بیرهاتنەوەی ڕاستەقینەی ئەو زانینەیە کە لە ماوەی پێش ئەم بوونەدا بەدەستهێنراوە. لە نێودارترین بڕگەی دیالۆگەکەدا، سۆکرات لە مینۆنی کۆیلەوە فێری ئەندازە دەبێت (مینۆن 81a-86b). سۆکرات بە بایەخێکی زۆرەوە، بە شارەزاییەکی باشی ماتماتیکەوە وەك کەسێکی زۆر نوێ لەم دیالۆگەدا دەبینرێت. جێگای سەرنجە کە ئەم چەشنە بایەخدانە هی دیالۆگەکانی ماوەی ناوەڕاستە، بە تایبەتی لە کتێبەکانی ناوەڕاستی کۆماردا.

چەند ئارگیومێنتێك دەربارەی نەمری• ڕۆح، هەروەها ئایدیای ئەوەی ڕۆحەکان هەموویان زیندوو دەبنەوەو دەگەڕێنەوە بۆ ناو جیهانی فۆرمەکان، لە فایدۆنیشدا

---

• ئۆرفیزم Orphism بەو بۆچوون و تێڕوانینانەی ناو ئاینی کلاسیکی و کەلتوریی ئەفسانەیی یۆنانی دێرین دەوترێت، پێدەچێت ئەو بۆچوونانە لە نوسینەکانی ئۆرفیۆسی شاعیر و مۆزیکژەنی ئەفسانەییەوە وەرگیرابن. چەند بڕگەو پەرەگرافێکی نوسراو لەگەڵ چەند نەخشێکی لەسەر زێڕ هەڵکۆڵدراو لەناو گۆڕو مەزارەکانی شوێنکەوتووانی ئۆرفیۆسدا دۆزراونەتەوەو دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین، دەری دەخەن ئۆرفیزم لەسەر بنەمای ئاینێکی گەردونییانە دامەزراوە کە چەقەکەی لە دایۆنیسیۆسی زاگیرۆسدایە، دایۆنیسیۆس کوڕی زیۆس‌و پێرسۆفۆنییە. کاتێك تیتانەکان زانییان زیۆس دەیەوێت کوڕەکەی بکات بە فەرمانڕەوای جیهان، تووڕە بوون و هەڵیان لووشی. بەڵام ئەسینای خوداوەندی دانایی توانی دڵەکەی لە چنگیان قوتار بکات‌و بیبات بۆ زیۆس‌و ئەویش قووتی داو پاشان دایۆنیسیۆسێکی دیکەی خستەوە. ئینجا بە بروسکە تیتانەکانی تەفروتونا کردو لە خۆڵەمێشەکەیان مرۆڤی دروست کرد. بۆیە مرۆڤ سروشتێکی دوو لایەنەی هەیە: جەستەی لە پاشماوەی تیتانە زەوینشینەکانەوە هاتاووەو ڕۆحیشی لە دایۆنیسیۆسی یەزدانییەوە هاتووە کە بەشێکی لێ چووبووە ناو لەشی تیتانەکانەوە. بە پێی بۆچوونە ئۆرفییەکان پێویستە خەڵکی هەوڵ بدەن خۆیان لە ڕەگەزە خراپەکانی تیتانەکان ڕزگار بکەن و ڕەگەزە دایۆنیسیۆسییە یەزدانییەکان لە خۆیاندا بپارێزن، ئەمەش بە ئەنجامدانی سروتە ئۆرفییەکانی پاکژبوونەوەو ژیانی سادە. خەڵکی لە تویێی کۆمەڵێك ژیانی یەك لەدوای یەکەوە کە لە جەستەیەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ جەستەیەکی تر، واتە دۆنادۆن دەکات، سەرەنجام دەگەنە ژیانی دوای مەرگ. ئەگەر لەم دونیا ژیانێکی خراپیان بەسەر بردبێت، سزا دەدرێن، ئەگەر پیرۆزو شکۆدار ژیابن، ئەوا ڕۆحیان بە تەواویی لە ڕەگەزە تیتانییەکان جیا دەبێتەوەو پەیوەندیی دەکەنەوە بە جیهانی یەزدانێتییەوە.

• نەمری Immortality بریتییە لە بوون و مانەوەی هەتا هەتایی ڕۆح دوای ئەوەی جەستە دەمرێت. لای زۆرێك لە ئایینەکان, کەلتورە جیاجیاکان پێڕەوی نەمری شتێکی باوە. نەمری بەپێی

www.pertwk.com

ئەمە بەدی دەكەین (تێیدا دیمەنی ژەهرخواردنەوەی سۆكرات و قسەكانی كۆتاییشی هەیە). شێوەگەراكان ویستویانە فایدۆن لە نێوانی دیالۆگەكانی سەرەتادا دابنێن، بەڵام شیكاریستە فەلسەفییەكانی ناواخنی دیالۆگەكان دەیانەوێت لە سەرەتای ماوەی ناوەڕاستدا بێت. بۆچوونی هاوشێوەی وەك ئەم سەفەری رۆحە لە كتێبی دەهەمی كۆمارو فایدروسیشدا بە شێوەیەكی درێژتر دەبینینەوە، هەروەها لەچەند دیالۆگێكی ماوەی كۆتاییشدا هەیە، وەك تیماوس و یاساكان. لەو دیالۆگانەدا كە بە هی سەرەتا لەقەڵەممان دان، هیچ ئاماژەیەك نابینین بۆ پێڕەوی یاد هاتنەوە، یان تیوریی زیندووبوونەوە یاخود سەفەری رۆحەكان.

## سایكۆلۆژیای ئاكاری

سایكۆلۆژیای ئاكاریی ناو دیالۆگەكانی ماوەی ناوەڕاست، بەتەواویی جیاوازە لە هی ئەوانەی ماوەی سەرەتا. لە دیالۆگەكانی سەرەتادا سۆكراتی ئەفلاتون لەو باوەڕەدایە كە مرۆڤەكان هەمیشە بە شێوەیەكی وەها رەفتار دەكەن كە خۆیان بە لایانەوە دروستەو واش دەزانن ئەو شێوەیە باشترینە (لانیكەم لەكاتی رەفتاركردنەكەدا). بۆیە هەموو خراپەیەك شتێك لە هەڵەیەكی نەزانانەی تێدایە. بەڵام لە ماوەی ناوەڕاستدا، ئەفلاتون پێی وایە رۆح (لانیكەم) سێ بەشی هەیە: بەشی ئەقڵ (ئەو بەشەی حەزی لە راستییەو پێویستە بە بەكارهێنانی هزر جڵەوی

---

گۆڕانی تێڕوانینەكان فۆرمی جیاجیا وەردەگرێت، لای هەندێك لە پێڕەوەكان رۆح لە قۆناغێك لە قۆناغەكاندا دەگاتەوە بە جەستە كە جارێكی تر دەبوژێتەوە، بۆ ئەوەی دیسان هەمان خول دەستپێبكاتەوە. لە لای هیندووەكان، ئەوپەڕی ئاوانی مرۆڤ ئەوەیە كە رۆحی لە ناو رۆحی گەردونیدا بتوێتەوە. بودایییەكان باوەڕیان بە نێرڤانا هەیە، كە بریتیە لە حاڵەتی ئەوپەڕی پیرۆزیی كە لە تویێی فەنابوونی تەواوەوە بەدەست دەهێنرێت. لە ئاینی میسرییە دێرینەكاندا. ژیانی مرۆڤ تاقیكردنەوەی یەزدانەو لەوێوە بڕیار لەسەر چوونە ژوورەوەی بۆ ناو نەمری دەدرێت. ئاینەكانی یۆنانییە كۆنەكان باوەڕیان بە بوونی جیهانێكی تر هەبووە لە خوارەوە، كە پێی دەوترێت هادێس. لە مەسیحییەت و ئیسلامدا، نەمری تەنیا بۆ رۆحە. ئەم دوو ئایینە بەوە لە ئاینی جولەكەكان جیا دەبنەوە كە لە رۆژی زیندوو بوونەوەدا، جەستەش دەژێتەوەو لێپرسینەوەی گشتی دەستپێدەكات، ئیتر رۆح دەچێتەوە ناو جەستەكەی خۆی و بە پێی چاكەو خراپەكانیان پاداشت و سزا وەردەگرن. لە ئاینی جولەكەدا لەگەڵ هاتنەوەی موسادا ژیانەوە دەستپێدەكات. لە فایدۆندا، بە وردیی باس لە نەمری كراوەو رەوتی رۆح لە جیهانی فانییەوە بەرەو جیهانی نەمری و گەیشتنی بە هادێس و پەڕینەوە لە رووبارەكان و وەرگرتنی سزاو خەڵاتەكان و هەتا دوایی بە وردیی باسكراون.

بەشەکانی تر بگرێت)، هەروەها بەشی دەرونی (حەزی لە شەرەف و شکۆدارییە)، هەروەها بەشی ئارەزووەکان (ئالودەی خواردن و خواردنەوەو سێکسە)، دادپەروەری ئەو حاڵەتەیە کە تێیدا هەر یەکێك لەم بەشانە "کاری خۆیان بە باشی دەکەن"و دەس ناخەنە ناو کاری بەشەکانی ترەوە (کۆمار، کتێبی چوارەم، 435b-445b). لێرەدا ئەفلاتون باس لە هەڵەی رۆح دەکات، ئەم وێنە نوێیەی سایکۆلۆژیای ئاکاریی پێمان دەڵێت ئەگەر بەشی تایبەت بە ئارەزووەکان باڵادەست بەسەر داوەریی هزردا هەژمونی هەبوو، ئەوا ئیتر رۆح بە هەڵەدا دەچێت. لەم بۆچوونە سایکۆلۆژییەدا، دەشێت یەکێك بە دەستی ئەکراسیاوە "لاوازیی ئاکاریی" بناڵێنێت، خۆی دەبینێتەوە شتێکی وەها دەکات کە بەلایەوە چاك نیە بیکات (کۆمار، کتێبی چوارەم، 439e-440b). لە ماوەی سەرەتادا، سۆکرات نکولی لەوە کردووە کە ئەکراسیا شتێکی شیاو بێت: دەشێت مرۆ لە دواهەمین ساتدا بیری خۆی بگۆڕێت دەربارەی ئەوەی پێویستە چی بکات، لەوانەشە دواتر دیسان بیری خۆی بگۆڕێتەوەو بێزی بێتەوە لەوەی پێشتر کردوویەتی – بەڵام مرۆ هەرگیز ناتوانێت شتێك بکات کە لە کاتی کردنیدا بە راستی پێی وابووبێت هەڵەیە.

## رەخنەگرتن لە هونەرەکان

لە کۆماردا, بەرچاوترین رەخنە و گازاندەی ئەفلاتون لە هونەرە لاساییکەرەوەکان، تۆمار کراوە. لە سەراپای کارەکانی ماوەی سەرەتادا، سۆکرات پێی وابوو شاعیرەکان خۆیان دانا نین، بەڵام دەشیووت ئەو شاعیرانە "گەلێك شتی نایاب دەڵێن". وەلیّ، لە کۆماردا، مەسەلەکە پێچەوانە دەبێتەوە، لێرەدا شیعری باش یان هونەرە جوانەکانی تر زۆر کەم و دەگمەنن. زۆربەی زۆری شاعیران و هونەرمەندەکان لە "حاڵەتی نایاب – کالیپۆلیس" دەکرێنە دەرەوە. لە کۆماردا ئەفلاتون هەموویان بە لاسایی لە قەڵەم دەدات "نەك واقیع"، بۆیە وەك سەرهەڵدانی سۆزە زێدەڕۆ ناسروشتییەکان و ئارەزووەکان وەهان (کۆمار کتێبی دەهەم، 595b-608b).

## خۆشەویستی ئەفلاتونی

www.pertwk.com

**لە سیمپۆزیەمدا (خوان)، کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە سەرەتای ماوەی ناوەڕاستدا دانراوە، هەروا لە فایدروسدا، کە لە کۆتایی ماوەی ناوەڕاستو بگرە دواتریشدا دانراوە، ئەفلاتون باسی تیوریی ئیرۆس دەکات (بە گشتی بە "خۆشەویستی" وەرگێڕدراوە). لە کەلتوری خۆراواییدا، چەند بڕگەو وێنەیەکی ئەم دایالۆگانە بەردەوام دەرکەوتوونەتەوە، بۆ نمونە ئەندێشەی ئەو دوو خۆشەویستەی دەبن بە یەکتریی "نیوەکەی تر" کە لە سیمپۆزیەمدا ئەفلاتون دەیداتە پاڵی ئەریستۆفانێس•. هەر لە هەمان دایالۆگدا، باسی "پەیژەی خۆشەویستی" مان بۆ دەکرێت کە بە هۆیەوە ئاشقان دەتوانن بەشێوەیەی درکییانەی راستەوخۆ لەگەڵ خودی جوانیدا پێك بگەن (گەیشتن بەوە لە توێی چەشنێك لە چەشنەکانی روئیاو دیدەرۆشنبوونەوەوەیە). لە فایدروسدا، خۆشەویستی کراوە بە مەزنترین "شێتیی یەزدانییانە" لە توێی ئەو پشتیوانییەوە کە باڵی رۆحی ئاشقەکانەوە لێی دەکەنو دەرفەت دەدەن بە ئاشقان بەرەو بەرزترین ئاستی سروش بفڕنو ئەو پەڕی دەسکەوتی مرۆییانە بەدەست بهێنن. لەم دوو دایالۆگەدا، ئەفلاتون پەیوەندی سێکسییانەی راستەقینەی راستەوخۆ لە نێوانی خۆشەویستاندا بە فۆرمە نزمو بێهودەکانی گوزارشتی ئیرۆتیکییانە لە قەڵەم دەدات. چونکە ئامانجی راستەقینەی ئیرۆس تەنها لە فەلسەفەی ئەفلاتونییانەدا تێربوون و کامڵبوونی خۆی دەبینێتەوە.**

**بۆ ئەوەی ئیرۆس تووشی داڕمان و گەندەڵی و بۆگەن کردن نەبێت، پێویست دەکات هێزی خۆشەویستی خۆی بڕژێنێتە ناو "مەبەستێکی باڵاوە" کە لە زانینی**

---

**• ئەریستۆفانێس** *Aristophanes (448?-385 BC)* **شانۆنامەنوسێکی ئەسینایییە، بە یەکێك لە مەزنترین کۆمیدیونسەکانی مێژووی ئەدەب دادەنرێت. بە درێژایی سەردەمەکان شانۆنامەکانی ئامادەکراونەتەوەو بەرهەمهێنراونەتەوەو نمایش کراونەتەوە، هەتا ئەمرشۆش جەماوەرێتی خۆیانیان هەیە، پڕن لە داهێنان و بەهرەی کۆمیدییانەو زمانێکی شیعرییانەی رەوانیشیان هەیە. لە ئەسیناو لە دێمی سیداسێنیۆم لە دایك بووە، کوڕی خێزانێکی زەنگین بووەو پەروەردەیەکی باش کراوەو بەباشی خوێندوویەتی و خاوەنی موڵك و سامانێکی زۆریش بووە لە دورگەی ئاگینا. سێ کوڕی هەیەو هەر سێکیان شاعیری گاڵتەجاڕ و کۆمیدییان لێ دەرچووە. ئەریستۆفان داهێنەری هونەری ساتیر و گاڵەجاڕییە. لەماوەی ژیانیدا لە ئەسینا، کە ماوەی گۆڕانکاریی و بەرزونزمی کەلتوریی و کۆمەڵایەتی بووە، شاعیر و سیاسەتمەدار و فەیلەسوفانی سەردەمی خۆی داوەتە بەر توانج و تانەو لە کۆمیدییەکانیدا بەکاری هێناون، کە دیارترینیان کۆمیدیای هەورەکانە (423 تێیدا گاڵتە بە سۆکرات دەکات و وەك پیاوێك وێنای دەکات کە لەسەرووی هەورەکانەوە باشی شتی نائاسایی دەکات. زیاتر لە 40 شانۆنامەی نوسیوەو تەنها 11 دانەیان بە ئێمە گەیشتوون.**

www.pertwk.com
فۆرمی جوانیدا بەرجەستە دەبێت. لەبەر ئەم هۆیە، ئەفلاتون پێی وایە زۆربەی خەڵکی بەداخەوە بە تەرخانکردنی خۆیان بۆ چێژو خۆشیو لەزەتەکانی جوانی جەستەیی، وزەی راستەقینەی خۆشەویستی بەفیڕۆ دەدەن.

## دیالۆگەکانی گوێزانەوەو کۆتایی

### میتۆدۆلۆژیای فەلسەفی

یەکێك لە نوێکارییەکانی دیالۆگەکانی دوای ماوەی ناوەڕاست ئەو پێشەکییەیە کە رەنگە لە کۆتایی ماوەی ناوەڕاست یان لەماوەی گوێزانەوەدا بەرەو کۆتایی دەستی پێکردبێت، بەڵام تابێت زیاتر لە دیالۆگاکانی کۆتاییدا بە نیسبەتی ئەم میتۆدە فەلسەفییە نوێیەوە بایەخی زیاد دەکات. وەك وتمان، لە دیالۆگەکانی سەرەتادا، فەلسەفەناندن لە شێوازی پرسیارو وەڵام و رەتدانەوەدا پیادە دەکرا (پێی وترا مشتومڕ یان میتۆدی سۆکراتییانە). گەرچی دیالۆگەکانی ناوەڕاستیش بەردەوامن لەسەر پیشاندانی سۆکرات وەك کەسێکی پرسیارکەر، وەلیٚ لێرەدا پرسیارەکانی زیاتر رێنماییکەرو هزریین. میتۆدی باڵای فەلسەفاندن لە دیالۆگەکانی ناوەڕاستدا بە "دیالەکتیك•" ناودەبرێت، بەڵام بە باشی روون نەکراوەتەوە. لە کۆتایی کتێبی شەشەمی کۆماردا بە شێوەیەکی سەرپێیانە باسێکی لێوە کراوە.

لە کارەکانی دواتردا پێمان دەوترێت میتۆدی دروستی فەلسەفاندن ئەوەیە کە ئەفلاتون پێی وتووە "کۆکردنەوەو دابەشکردن" ئەمەیان بۆ یەکەمینجار لە فایدروسدا (265e) خراوەتە بەر کار. لەم میتۆدەیاندا، فەیلەسوف هەموو ئەو نمونانەی خەسڵەتی هاوبەشیان تێدایە، بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، ئینجا دابەشیان دەکات بۆ چەند چەشنێکی دیاریکراو و ئەو چەشنانەش دابەش دەکات بۆ جۆری تایبەتیتر و بەردەوام دەبێت لە دابەشکردنیان تا ئەو کاتەی دابەش ناکرێن بۆ

• دیالەکتیك *Dialectic* میتۆدی لێکۆڵینەوەی سروشتی راستییە بە هۆی شیکردنەوەی رەخنەییانەی چەمکەکان و گریمانەکانەوە.

www.pertwk.com
کۆمەڵەی بچووکتر. ئەم میتۆدە بە باشی لە سۆفیستو پۆلیتیکۆسو فیلیبۆسدا روونکراوەتەوە.

## رەخنەگرتن لە تیوریی سەرەتایی فۆرمەکان

یەکێك لە سیما سەراسیمەکەرەکانی دیالۆگەکانی کۆتایی ئاماژەبەکی بەهێزە بەوەی ئەفلاتون بە شێوەیەك لە شێوەکان بە تیوریی فۆرمەکاندا چۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەك لە شێوەکان جۆرە تیورییەکی فۆرمەکان لەم دیالۆگانەشدا دەبینرێت (گەرچی لە سیاتیتۆسدا بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئاماژەی بۆ نەکراوە، دیالۆگێکی درەنگوەختەو باس لە سروشتی زانین دەکات)، بە چەند رێگایەك مشتومالّ کرابێت لەچاو ئەو شێوەیەدا کە لە دیالۆگەکانی ناوەڕاستدا دەیبینین گۆڕابێت. دەشێت دیارترین نیشانەی گۆڕانکارییەکی وەها بۆ یەکەمجار لە پارمێنیدێسدا• ببینینەوە، کە شێوەیەکی سەرەتایی ئەم تیورییە دەخاتە بەر لێپرسینەوەیەکی سۆکراتییانە، ئەمە تاقە جارە کە بەدرۆخەرەوەی سەرەکی فەیلەسوفێکی ئیلیایی بەتەمەنەو قوربانییە بەستەزمانەکەش سۆکراتی لاوە. نێودارترین بەڵگە (بگرە کوشندەترینیش) دژی تیوریی فۆرمەکان لە لایەنی پارمنیدێسەوە دەخرێتە روو، ئەم بەڵگەیە بە ناوی "ئارگیومێنتی پیاوی سێهەم"ەوە ناسراوە، پێشنیاری چەمکی بەشداریکردن دەکات (بەهۆیەوە بابەتە تاکەکان بە پێی خەسڵەتی فۆرمەکان وەردەگیرێن)، ئیتر نێچیرەکە بە تەواویی تێدەکەوێت: ئەگەر شتە تاکە نێرەکان لە نیکی بەشداریکردنیاندا لە فۆرمی پیاودا، نێر بن، ئەوا فۆرمی پیاو خۆشی هەر نێر بێت، کەواتە ئەوەی هاوبەشە بۆ هەر یەکە

---

• پارمێنیدێس Parmenides (born about 515 BC) فەیلەسوفێکی یۆنانییە, گەلێك لە لێکۆڵەران بە مەزنترین ئەندامی قوتابخانەی ئێلیایی لە قەڵەمی دەدەن. دەڵێن لە تەمەنی شەستوپێنج ساڵیدا سەردانی ئەسیناى کردووەو لەو سەردانەدا سۆکرات کە ئەو کاتە لاو بووە, گوێی لە قسەکردنی بووە. پارمنیدس بە شیعر باسی پێڕەوە فەلسەفییەکەی خۆی کردووە. تاکە بەرهەمی لە فەوتان رزگاری بووبێت چەند برگەیەکە لە شیعری دەربارەی سروشت کە باس لە بونێکی رەها دەکات, کە نەبوونی شتێکی ئەندێشە نەکراوە. ئەفلاتون لە دیالۆگی سۆفیستدا دژی بۆچوونەکەی وەستاوەتەوە, وای داناوە کە نا هەبوونیش بە شێویەك لە شێوەکان هەیە". پارمنیدس لە ژێر کاریگەریی فیساگۆراسدا جیهانێکی ماتماتیکییانەی فیکریی بینا کردووە کە لەگەڵ چەمکە ئایۆنییەکاندا ناتەبایە.

فۆرمی پیاو و نێرێکی دیاریکراو، ئەوا دەبێت هەردوکیان بەشداریی بکەن لە فۆرمێکی تردا، با بڵێین پیاوی ژمارە (2) بەڵام ئەو کاتە ئەگەر پیاوی (2) نێر بێت، کەواتە ئەوەی پێی هاوبەشە لەگەڵ نێرەکانی تردا بریتیە لە بەشداریکردن لە فۆرمێکی تردا، واتە پیاوی (3) ... هتد. تیورییەکەی ئەفلاتون بەرووی ئەم گرفتەدا کراوەیەو لەو بیرۆکەیەوە پشتیوانی وەردەگرێت کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، فۆرمەکان نمونەن. ئەگەر فۆرمی پیاو خۆی نێرێکی (تەواو) بێت، کەواتە فۆرمەکە خەسڵەتی لێکچووی هەیە لەگەڵ ئەو نێرانەدا کە بەشداریی تێدا دەکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی تیورییەکە پێویستی بەوەیە کە هەر گروپێك لە یەکە هاوبەشەکان، فۆرمێك هەیە کە هاوبەشییەکەیان روون بکاتەوە، وادیارە کە تیورییەکە بە راستی بواردەدات ئەم بەخۆداشکانەوە مەترسیدارە رووبدات.

ساڵانێکی زۆر بێنەوبەرەو مشتومڕ دەربارەی ئەوە هەبووە ئایا ئەفلاتون باوەڕی وابووە تیوریی فۆرمەکان لەبەردەمی بەڵگەکەی پیاوی سێهەمدا لاوازە، وەك ئەرەستۆ پێی وابووەو پارمنیدێسیشی بەکارهێناوە بۆ رەتکردنەوەی تیوریی فۆرمەکان، یاخود پێی وابووە کە دەتوانێت خۆی لە ئارگیومێنتی پیاوی سێهەم بپارێزێت و چاککاریی لە تیوریی فۆرمەکاندا بکات.. ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیوەندی بە بەرواری تیماوس و پارمنیدێسەوە هەیە، چونکە تیوریی فۆرمەکان کە بە زۆریی لە دایالۆگەکانی ماوەی ناوەڕاستدا دەردەکەوێت، لە تیماوسیشدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت. بۆیە گریمانەکردنی بەرواری تیماوس دەری دەخات ئەفلاتون گوێی نەداوەتە ئەو رەخنەیەی لە پارمنیدێسدا دژی تیوریی فۆرمەکان سەری هەڵداوەو هیچ بڕیارێکیشی لێ نەدراوە. بەهەرحاڵ، هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە تێڕوانینی ئەفلاتون بەو تیورییە لە سۆفیست و پۆلیتیکۆسدا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت بۆ رونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە لۆژیکییانەی لە نێوانی یەکەکەکاندا هەیە. لە یاساکاندا, کە دوایین کاری ئەفلاتونەو تەواویش نەکراوە. وادەردەکەوێت تیوری فۆرمەکان بە یەك جار دوورخرابێتەوە. چ ئەگەر ئەفلاتون لەو باوەڕەدا بووبێت کە زانین دەربارەی بابەتە پەتییەکان لە فەلسەفەدا کاری لەسەر بکرێت یان نا، وادیارە چیتر باوەڕی نەماوە بەوەی ئەو جۆرە زانینە پێویست بێت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای سیاسی بەشێوەیەکی شایستەو لەبار.

## ئاوابوونی سۆکرات

لە چەند دایالۆگێکی کۆتاییدا، سۆکرات زیاتر پەراوێز دەکرێت و زیاتر وەك بینەرێکی بێدەنگ دەردەکەوێت (لە سۆفیست و پۆلیتیکۆسدا) یاخود بە تەواویی لەناو تیمی ئەکتەرەکاندا نامێنێت (لە یاساکان و کریتیاسدا). لە سیاتیتۆس و فیلیبۆسدا, سۆکرات دەبینین رۆڵە پرشنگدارەکەی خۆی هەیە. ئاوابوونی سۆکرات لە چەند دایالۆگێکی کۆتاییدا مایەی مشتومڕو لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بووە.

## ئەفسانەی ئەتلانتێس

ئەفسانە نێودارەکەی ئەفلاتون لەمەڕ ئەتلانتێس• یەکەمجار لە تیماوسدا دەردەکەوێت، ئێستا لێکۆڵەران کۆکن لەسەر ئەوەی تیماوس دایالۆگێکی زۆر درەنگوەختەو سەر بە گروپی کۆتاییەکانە، گەرچی بە پێی ئەو بەروارە دانراوە کە لە کۆماردا باس کراوە. ئەفسانەی ئەتلاتیس لە دایالۆگە تەواونەکراوەکەدا بەردەوام دەبێت و لە تیماوس و کریتیاسدا هەوڵ دەدرێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

## ئەفراندنی گەردون

تیماوس بەوەش ناسراوە کە باسێکی تێدایە لەمەڕ ئەفراندنی گەردون لە لایەنی دێمیۆرگی• خوڵقێنەرەوە. بە پێچەوانەی خوڵقاندن لە لایەنی یەزدانەوە کە لە

---

• ئەتلانتێس Atlantis بەپێی گێڕانەوە دێرینەکان دورگەیەکی گەورە بووە لە زەریای خۆراوادا (ئەو زەریایی دەکەوتە خۆراوای جیهانی ناسراوی سەردەمە دێرینەکانەوە) لە نزیکی ئەستوندەکەکانی هێرکولێسەوە. یەکەمین باسکردن دەربارەی رۆچوونی ئەم دورگەیە بەناو زەریادا لە تیماوس و کریتیاسدا هاتووە. بە پێی تیماوس، ئاینزایەکی میسری ئەو دروگەیەی بۆ سۆڵۆنی سیاسەتمەدار باس کردووەو توویەتی رووبەری ئەو دورگەیە گەورەتر بووە لە ئاسیای بچووك و لیبیا بەسەر یەکەوە. هەروەها لە دەوروبەری هەزارەی دەهەمی پێش زایینددا شارستانێتییەکی پێشکەوتووی لێ بووەو گەلەکەی دەستیان گرتووە بەسەر هەموو ناوچەکانی دەریای ناوەڕاستدا جگە لە ئەسینا. لە کریتیاسدا بە کۆمۆنوێلسێکی یۆتۆپییانە لە قەڵەمی دەدات. گەرچی بەشی زۆری وەسفەکانی ئەفلاتون چیرۆکئامێزن، بەلام پشتی بە چەند بەڵگەو تۆمارێك بەستووە کە ئێستا نەماون.

• دێمیورگ *Demiurge (Greek dēmiourgos, "artisan," "craftsman," "manual laborer")* (دەستڕەنگین) ئەم زاراوەیە لە مێژووش و لە فەلسەفەشدا بەکارهێنراوە، بە تایبەتی لە ئاتیکای

تیۆلۆژیای ناوەڕاستیدا هەیە، دێمیۆرگی ئەفلاتون لە نەبوونەوە خوڵقاندن ناکات، بەڵکو گەردون لە پشێویی و گەڕەلاوژەی توخمەکانی ناوی رزگار دەکاتو بە پێی فۆرمە نەمرەکان رێکی دەخات. ئەفلاتون چوار رەگەز وەردەگرێت: ئاگر، هەوا، ئاو، خاك، تێکەڵەی جیاجیا لەم چوار رەگەزە دروست دەکاتو جەستەی گەردونی لێ پێکدەهێنێت. تیماوس لەناو هەموو کارەکانی ئەفلاتوندا بە درێژیی باسی ئەو پانتاییانە دەکات کە ئێستا ناومان ناون زانستە سروشتییەکان: فیزیا، فەلەکناسی، کیمیا، بایۆلۆژیا.

## یاساکان

یاساکان دواهەمین کاری ئەفلاتونە، لێرەدا فەیلەسوفەکەمان جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ پرسیاری ئەوەی چۆن دەتوانرێت کۆمەڵگا بە باشترین شێوە رێك بخرێت. بە پێچەوانەی کارکردنی پێشووتری لە کۆماردا، یاساکان کەمتر خۆی خەریك دەکات بەوەی دەبێت باشترین دەوڵەت چۆن بێت، زیاتر سەرقاڵی ئامادەکردنی دیزاینێکی پیادەکراوە، گەرچی شێوەی نمونەیی حکومەتیش نەبێت. لە یاساکاندا دامەزرێنەرانی نەخشەی کۆمەڵ بایەخدەدەن بە وردەکارییە ئەزمونییەکانی پیشەی دەوڵەتداریی و دانانی یاساو رێساکان بە جۆرێکی وەها بۆ حاڵەتە ناکاوەکانی ناو "جیهانی راستەقینە"ی کاروبارە مرۆییەکان بگونجێن. ئەم کارە زۆر درێژ و گەورەو ئاڵۆزەو نزیکەی 345 لاپەڕەی ستیفانۆس داگیر دەکات. لە کاتی مردنی ئەفلاتوندا یاساکان تەواو نەکرابوو. بە پێی دایۆژینێس لەسەر خەپلەی مۆمین رەشنوسەکانی جێمابوون.

---

دێریندا دێمیۆرۆگی یەکێك بووە لە سێ چینەکەی دانیشتوان، دوانەکەی تر خانەدانان (یوپاتریدای) و وەرزێران (گیوورگۆی) بوون. ناوی دێمییۆرگ بەخشراوە بە دە یان دوانزە بەرپرسەکەی ئەنجومەنی بەرەی ئاخییەکان، کە کۆنفیدیراسیۆنی دیوکراسییەکانی شارەکانی یۆنان بووە. وەلێ لە تیماوسی ئەفلاتوندا، دیمیۆرگ ئەفرێنەری جیهانە، دروستکەری گەردونی مادییە، لە ئەفلاتونیزمی نوێ و فەلسەفەی نۆستیکیدا، دێمیۆرگ بە بیناسازو دروستگەری گەردون لە قەڵەمدراوە، بەڵام ئەم دروستکەرە جیاوازە لە خودای باڵاو لەژێر فەرمانی ئەودا کاردەکات و لەو نزمترە.

## سەرچاوەی زیاتر بۆ خوێندنەوەو سودوەرگرتن:


### Greek Texts

*Platonis Opera* (in 5 volumes)-The Oxford Classical Texts (Oxford: Oxford University Press):

Volume I (E. A. Duke *et al.*, eds., 1995): *Euthyphro, Apologia Socratis, Crito, Phaedo, Cratylus, Theaetetus, Sophista, Politicus.*

Volume II (John Burnet, ed., 1901): *Parmenides, Philebus, Symposium, Phaedrus, Alcibiades I, Alcibiades II, Hipparchus, Amatores.*

Volume III (John Burnet, ed., 1903): *Theages, Charmides, Laches, Lysis, Euthydemus, Protagoras, Gorgias, Meno, Hippias Maior, Hippias Minor, Io, Menexenus.*

Volume IV (John Burnet, ed., 1978): *Clitopho, Respublica, Timaeus, Critias.*

Volume V (John Burnet, ed. 1907): *Minos, Leges, Epinomis, Epistulae, Definitiones, De Iusto, De Virtute, Demodocus, Sisyphus, Eryxias, Axiochus.*

The Oxford Classical Texts are the standard Greek texts of Plato's works, including all of the *spuria* and *dubia* except for the epigrams, the Greek texts of which may be found in Hermann Beckby (ed.), *Anthologia Graeca* (Munich: Heimeran, 1957).

### Translations into English

Cooper, J. M. (ed.), *Plato: Complete Works* (Indianapolis: Hackett, 1997).

Contains very recent translations of all of the Platonic works, *dubia, spuria,* and epigrams. Now generally regarded as the standard for English translations.

### Plato's Socrates and the Historical Socrates

Kahn, Charles H., *Plato and the Socratic Dialogue* (Cambridge: Cambridge University Press, 1996).

Kahn's own version of the "unitarian" reading of Plato's dialogues. Although scholars have not widely accepted Kahn's positions, Kahn offers several arguments for rejecting the more established held "developmentalist" position.

Vlastos, Gregory, *Socrates, Ironist and Moral Philosopher* (Cambridge: Cambridge University Press and Ithaca, N.Y.: Cornell University Press, 1991).

Chapters 2 and 3 of this book are invariably cited as providing the most influential recent arguments for the "historicist" version of the "developmentalist" position.

### General Books on Socrates and Plato's Early Period Dialogues

Benson, Hugh H. (ed.), *Essays on the Philosophy of Socrates* (New York: Oxford University Press, 1992).

A collection of previously published articles by various authors on Socrates and Plato's early dialogues.
Brickhouse, Thomas C. and Nicholas D. Smith, *Plato's Socrates* (New York: Oxford University Press, 1994).
Six chapters, each on different topics in the study of Plato's early or Socratic dialogues.
Brickhouse, Thomas C. and Nicholas D. Smith, *The Philosophy of Socrates* (Boulder: Westview, 2000).
Seven chapters, each on different topics in the study of Plato's early or Socratic dialogues. Some changes in views from those offered in their 1994 book.
Prior, William (ed.), *Socrates: Critical Assessments* (London and New York, 1996) in four volumes: I: *The Socratic Problem and Socratic Ignorance;* II: *Issues Arising from the Trial of Socrates;* III: *Socratic Method;* IV: *Happiness and Virtue.*
A collection of previously published articles by various authors on Socrates and Plato's early dialogues.
Santas, Gerasimos Xenophon, *Socrates: Philosophy in Plato's Early Dialogues* (Boston and London: Routledge, 1979).
Eight chapters, each on different topics in the study of Plato's early or Socratic dialogues.
Taylor, C. C. W. *Socrates: A Very Short Introduction* (Oxford: Oxford University Press, 1998).
Very short, indeed, but nicely written and generally very reliable.
Vlastos, Gregory, *Socrates, Ironist and Moral Philosopher* (Cambridge: Cambridge University Press and Ithaca, N.Y.: Cornell University Press, 1991). (Also cited in VIII.3, above.)
Eight chapters, each on different topics in the study of Plato's early or Socratic dialogues.
Vlastos, Gregory, *Socratic Studies* (ed. Myles Burnyeat; Cambridge: Cambridge University Press, 1994).
Edited and published after Vlastos's death. A collection of Vlastos's papers on Socrates not published in Vlastos's 1991 book.
Vlastos, Gregory (ed.) *The Philosophy of Socrates* (South Bend: University of Notre Dame Press, 1980).
A collection of papers by various authors on Socrates and Plato's early dialogues. Although now somewhat dated, several articles in this collection continue to be widely cited and studied.

## General Books on Plato

Cherniss, Harold, *The Riddle of the Early Academy* (Berkeley: University of California Press, 1945).

A study of reports in the Early Academy, following Plato's death, of the so-called "unwritten doctrines" of Plato.
Fine, Gail (ed.), *Plato I: Metaphysics and Epistemology* and *Plato II: Ethics, Politics, Religion and the Soul* (Oxford: Oxford University Press, 1999).
A collection of previously published papers by various authors, mostly on Plato's middle and later periods.
Grote, George, *Plato and the Other Companions of Sokrates* 2nd ed. 3 vols. (London: J. Murray, 1867).
3-volume collection with general discussion of "the Socratics" other than Plato, as well as specific discussions of each of Plato's works.
Guthrie, W. K. C., *A History of Greek Philosophy* (Cambridge: Cambridge University Press) vols. 3 (1969), 4 (1975) and 5 (1978).
Volume 3 is on the Sophists and Socrates; volume 4 is on Plato's early dialogues and continues with chapters on *Phaedo, Symposium,* and *Phaedrus,* and then a final chapter on the *Republic.*
Irwin, Terence, *Plato's Ethics* (New York and Oxford: Oxford University Press, 1995).
Systematic discussion of the ethical thought in Plato's works.
Kraut, Richard (ed.), *The Cambridge Companion to Plato* (Cambridge: Cambridge University Press, 1992).
A collection of original discussions of various general topics about Plato and the dialogues.
Smith, Nicholas D. (ed.), *Plato: Critical Assessments* (London and New York: Routledge, 1998) in four volumes: I: *General Issues of Interpretation;* II: *Plato's Middle Period: Metaphysics and Epistemology;* III: *Plato's Middle Period: Psychology and Value Theory;* IV: *Plato's Later Works.*
A collection of previously published articles by various authors on interpretive problems and on Plato's middle and later periods. Plato's early period dialogues are covered in this series by Prior 1996 (see VIII.4).
Vlastos, Gregory, *Platonic Studies* 2nd ed. (Princeton: Princeton University Press, 1981).
A collection of Vlastos's papers on Plato, including some important earlier work on the early dialogues.
Vlastos, Gregory, *Plato I: Metaphysics and Epistemology* and *Plato II: Ethics, Politics, and Philosophy of Art and Religion* (South Bend: University of Notre Dame Press, 1987).
A collection of papers by various authors on Plato's middle period and later dialogues. Although now somewhat dated, several articles in this collection continue to be widely cited and studied.

**ئەدرەسی نوسەر:**

Thomas Brickhouse
Email: brickhouse@lynchburg.edu
Department of Philosophy
Lynchburg College
1501 Lakeside Drive
Lynchburg, VA 24501
2003

www.pertwk.com

# فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتون

دەبلیو. جەی. کۆراب کارپۆڤیچ

ئەفلاتون چەندین بوارو کایەی جیاجیای لە فەلسەفەدا هێناوەتە کایەوەو پێشیخستوون‌و پەرەی پێداوون، وەك ئەپستمۆلۆژیا، میتافیزیك، ئێتیك، هەروەها ئیستاتیکاش. کاریگەریی قووڵی ئەفلاتون بەسەر فەلسەفەی خۆراواییەوە لە وتە نێودارەکەی ئەلفرێد نۆرس وایتهێددا• کورت دەبێتەوە "باشترین وەسف بۆ نەریتی فەلسەفییانەی ئەوروپی ئەوەیە بڵێین زنجیرەیەك پەراوێزێکە بۆ ئەفلاتون". ئەفلاتون فەیلەسوفێکی سیاسی دەرکەوتووش بووە، ئایدیاکانی کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر تیوریی سیاسی دوای خۆی. زۆرترین کاریگەریی لەسەر ئەرەستۆ هەبووە، کاریگەریشی لەسەر هزری سیاسی خۆراوایی بە جۆرەها شێوەیە. ئەکادیمیاکەی، واتە ئەو قوتابخانەیەی لە ساڵی 385 ی پێش زایین دایمەزراندووە، بووە بە مۆدێلێك بۆ قوتابخانە باڵاکانی دیکەی خوێندن لە زانکۆکانی ئەوروپای دوای خۆیدا.

دیارترین نیشانەی فەلسەفەکەی ئەفلاتون بەکارهێنانی دیالەکتیکە، کە بریتیە لە میتۆدێك بۆ گفتوگۆکردن‌و گۆڕینەوە گۆشەنیگا قووڵەکان دەربارەی سروشت‌و واقیع بەشداریی بە درککردنێکی گەشبینانەوە تێدا دەکەن، باوەڕبوونە بە توانای هزری مرۆڤ بۆ دەسخستنی راستی و بەکارهێنانی ئەو راستییە بۆ رێکخستێکی هزرییانەو نیکی‌و دروستی کاروبارەکانی مرۆڤ. ئەفلاتون باوەڕی وایە دەتوانرێت ئەو گیروگرفت‌و کێشمەکێشەی بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگای داگرتۆتەوە، مشتوماڵ بکرێت‌و بسازێنرێت (واتە هارمۆنی بێت). باشترین سیستمی ئەقڵانییانەو دروستی سیاسی، بە پێشنیاری ئەفلاتون، سیستمێکە یەکێتییکی هارمۆنییانە بۆ کۆمەڵگا دابین دەکات‌و بەهۆیەوە هەموو بەشێك لە بەشەکانی گەشە بکەن، نەك گەشەکردنی بەشێك لەسەر حیسابی ئەوانیتر. دیزاینی تیوریی و پیادەکردنی پراکتیکییانەی ئەم سیستمە لە بۆچوونی ئەودا بە بێ بوونی نیکی مەحاڵن.

---

• ئەلفرێد نۆرس وایتهێد *Whitehead, Alfred North (1861-1947)* ماتماتیکزان و میتافیزیازانێکی بەریتانییە, بە شێوەیەکی گشتی بە یەکێك لە فەیلەسوفە مەزنەکانی سەدەی بیستەم لە قەڵەم دەدرێت. دیارترین نوسینەکانی: سیمبۆلیزم 1926, پرۆسێس و واقیع 1927, وتارێك دەربارەی کۆزمۆلۆژیا 1929.

## ژیانی ئەفلاتون لە گۆشەنیگای فەلسەفەی سیاسییەوە

ئەفلاتون لە ساڵی427 ی پێش زاییندا لە دایك بووە. هەتا ناوەڕاستی بیستەكانی تەمەنی، ململانێیەكی سەربازییانەی درێژخایەن هەردوو شاری ئەسیناو سپارتە•ی بەخۆیەوە سەرقاڵ كردبوو، كە بەناوی جەنگی پیلۆپۆنیشەوە• ناسراوە. لە خێزانێكی ناسراوەوە هاتووە، لە دیوی باوكیەوە دەگاتەوە سەر كۆدروس، یەكێكە لە پادشاكانی سەردەمی دێرینتری ئەسینا، لە دیوی دایكیشیەوە دەچێتەوە سەر سۆڵۆنی• نێودار بە ئەنجامدانی ریفۆرمەكانی دەستوری ئەسینا. شتێكی ئاسایی

---

• سپارتە لاسیدایمۆنیشی پێ دەوترێت Sparta, also Lacedaemon شارێكە لە یۆنانی دێرین, پایتەختی لاكۆنیایە, نیودارترین شاری دێرینی ناوچەی پیلۆپۆنیسۆسە. نزیكەی 32.5 كم دوور لە دەریاوە لەسەر كەناری راستی روباری ئێڤرۆتای لە قەدپاڵی چیای تایگێنتۆس بیناكراوە. شارە دێرینەكە, لەوپەڕی شكۆداریی و گەشاوەییدا لە پێنج گوند پێكهاتبوو, خانووەكانیان سادە بوون و چەند بینایەكی گشتیشیان تێدا بووە. ئەو رێچكانەی بەناو دۆڵەكاندا دەگەیشتنە ئێڤرۆتاس, مەحكەم بوون و بە سانایی داكۆكییان لێدەكرا. هەتا سەدەی چوارەمی پێش زایین, سپارتە هیچ شورا یان دیوارێكی پارێزەری نەبووە. دانیشتوانی لاكۆنیا دابەشكرابوون بۆ هیلتۆسەكان (كۆیلەكان), كە كاروباری كشتوكاڵیان دەكرد, لەگەڵ پریۆیكا, كە چینی ئەو پیاوە ئازادانە بوو كە هیچ مافێكی سیاسییان نەبوو, بە زۆری بازرگان و كاسب بوون, پاشان چینی سپارتیاتا كە چینی فەرمانڕەوا بوو, ئەمانە سەربازان و فەرمانڕەواكانیان بوون, هەموویان سەر بە رەچەڵەكی دۆرییەكان بوون كە لە دەوروبەری ساڵی 1100 ی پێش زایندا بەرەو ئەوێ رەویان كردبوو. هەڵگیرسانی جەنگی پیلۆپۆنیشیان لە ساڵی 431 ی پێش زاییندا, لە نێوانی سپارتەو ئەسینادا لەسەر سەركردایەتیكردنی ناوچەكە بوو.

• جەنگی پیلۆپۆنیش Peloponnesian War (431-404) شەڕێكی گەورەی درێژ خایەنە لە نێوانی هەردوو شارەی گەورەی دەركەوتووی ئەسیناو سپارتەدا لە یۆنان. هەندێجار بە ناوی جەنگی گەورەی پیلۆپۆنیشی دووهەمەوە نادەبرێت و جەنگی یەكەمیان (46–445) لە نێوانی ئەسیناو بەرەی پیلۆپۆنیشدا بووە. سەرەنجامی جەنكی ئەسیناو سپارتە تێكشكانی ئەسینا بووەو سەرەتای هەرەسهێنانی شارستانێتی یۆناتی بووە. جەنگەكە لە بەهاردا هەڵگیرساوەو دە ساڵی یەكەمی كوشتارەكە بە ناوی شەڕی ئارخیدامییەكانەوە ناسراوەو بە ئاگربڕەكەی نیكیاس كۆتایی هاتووە. لە ساڵی 415 دا ئەسینا سوپایەكی گەورەی دەریایی رەوانەی سێسیلی دەكات تا داگیری بكەن، سێسیلیش هاوپەیمانی سپارتە بوو لە شەڕەكەیدا دژی ئەسینا، لە ساڵی 411 دا، گروپێكی ئۆلیگارشی بە پشتیوانی سپارتە دەست دەگرن بەسەر دەسەڵاتی ئەسینادا، بەڵام دواتر لەسەر تەخت لادەبرێن و سیستمی دیموكراسی میانڕۆ دتدەمەزرێنرێت كە بەناوی پێنج هەزارەكەوە ناسراوە. لە شەڕی ئیگۆسپۆتامیدا 405، سپارتەییەكان كەشتیگەلی ئەسینا لەناو دەبەن و ساڵی دواتریش ئەسینا تەسلیمی سپارتە دەبێت.

• سۆڵۆن(Solon (638?-559? BC سیاسەتمەدارو یاساناسێكی ئەسینایییە, دامەزرێنەری دیموكراسییەكەی ئەسینایە. لە سەردەمی ئەودا چەند قەیرانێكی زۆر لە بارودۆخی كۆمەڵایەتی و

بووه لەو ژینگەیەدا ئەفلاتون هەوڵ بدات لە ژیانی سیاسیدا ڕۆڵێکی چالاك ببینێت. بەڵام ئەمە هەرگیز ڕووی نەدا. گەرچی خوازیار بوو ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لە سیاسەتی ناو کۆمەڵگاکەیدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لە سەربردەی خۆیدا، (نامەی حەوتەم) ناتوانێت خۆی بداتە پاڵی هیچ پارتێکی سیاسی یان هیچکام لەوانەی هاتوونەتە جێگەی ڕژێمە گەندەڵەکان، کە هەر کامێکیان بگریت نەهامەتی زیاتری بەسەر ئەسینادا هێناوە (324b-326a). قوتابی سۆکرات بوو، ئەفلاتون سۆکرات بە دادپەروەرترین پیاوی سەردەمی خۆی دەدەنێت. گەرچی سۆکرات هیچ نوسینێکی جێنەهێشتووە، بەڵام کاریگەرییەکی زۆر زۆری لەسەر فەلسەفە هەیە. ئەوە سۆکراتە کە بە قسەی سیسیرۆن• "فەلسەفە لە ئاسمانەوە دادەگرێتە خوارەوە" فەیلەسوفانی پێش سۆکرات بەزۆریی بایەخیان دەدا بە گەردونناسی و سروشتی بوون•. سۆکرات بە پێچەوانەوە زیاتر بایەخی دەدا بە مەسەلە ئاکاریی و سیاسییەکان. لە ساڵی 399 دا، کاتێك دادگای دیموکراسییەکان بە زۆرینەی ئەو پێنجسەدو یەك دەنگەی بەشدارییان تێدا کردبوو، دەنگیان دا بۆ کوشتنی سۆکرات لەسەر تۆمەتێکی نادروست کە گوایە بێباوەڕە، بەمەش ئەفلاتون گەیشتە ئەو دەرەنجامەی ئەو حکومەتەی لەو کاتەدا فەرمانڕەوا بوو، حکومەتێکی خراپەو ڕاستکردنەوەی بۆ نیە "چەشنی مرۆڤ لەو خراپانە قوتار نابێت هەتا ئەوانەی بەراستی فەیلەسوفن دەسەڵاتی سیاسی دەگرنە دەست، یاخود هەتا لە ڕێگای بەخششێکی یەزدانیەوە،

---

ئابوریی یۆنانـدا روویانـداوە. سـەرکوتکارییەکی زۆر لـە بـواری کشـتوکاڵدا ڕوویـداو, زۆرێـك لـە جوتیارە بچووکەکانی شار قەرزەکانیان پێ نەدرایەوەو کران بە کۆیلە. لەساڵی 594دا, سۆلۆن کرا بە ئارخۆن archon, بۆ ئەوەی ئەو خراپەکارییانە ریفۆرم بکات. ئەمیش سیستەمە دێرینەکەی زیندوو کردەوەو وەکو جاران لەسەر بنەمای سامان چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ڕێکخست.

• سیسیرۆن Cicero(106-43BC) وتاربێژو نوسەرو یاساناسی لاتینییە, لە ماوەی شەڕە ناوخۆیەکانی کۆماری ڕۆمادا, داکۆکیی لە پرەنسیپەکانی سیستمی کۆماری کردووە, کتێبێکی شەش بەرگیی بە ناوی کۆمارەوە نوسیوە، تێیدا وەکو ئەفلاتون لە شێوەی وتووێژدا باس لە سیستمی کۆماری دەکات, بەڵام بۆچوونەکانی لە هی ئەفلاتون یان ئەرەستۆ نەدەچوون. دواجار دەگیرێت و دەکوژرێت.

• سروشتی بوون Ontology سەرەکیترین لقی میتافیزیکە, بایەخدەدات بە, سروشتی بوون, بەمپێیە دەتوانرێت پێی بوترێت تیورییەکی پراکتیکییانەی بوون.

www.pertwk.com

**ئەوانەی لەو شارانەدا دەسەڵاتی سیاسییان لە دەستدایە دەبن بە فەیلەسوفی ڕاستەقینە"** (326a-326b).

**هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئەکادیمیاکەی جێهێشت‌و چوو بۆ سێسیلی تا ئایدیاکانی خۆی پیادە بکات. یەکەمجار لە ساڵی** 387 **سەردانی سێراکیۆسای• کردو و پاشان لە ساڵی** 367 **دا دیسانەوە چووەوە بۆ ئەوێ، دواجاریش لە ماوەی نێوانی ساڵانی** 361-362 **دا لەوێ مایەوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی فەلسەفی ستەمکارەکەی سیراکیوسا پەروەردە بکات‌و مۆدێلێکی فەرمانڕەوایی سیاسی دابمەزرێنێت. بەلام ئەم ریسکە سیاسییە نوشوستی هێنا، ئەفلاتون گەڕایەوە بۆ ئەسینا. ئەکادیمیاکەی ئەفلاتون بوو بە بناغە بۆ پێگەیاندنی چەندان نەوە لە فەیلەسوفە ئەفلاتونییەکان. هەتا ساڵی** 529 **ی زاینی کە ساڵی داخرانی ئەکادیمیاکەیە، نێودارترین دەزگای فێرکردن بووە لە جیهانی هێلینیدا. لەوێدا ماتماتیك، ڕەوانبێژی, فەلەکناسی، دیالەکتیك‌و چەندان بابەتی دیکە، کە هەموویان بابەتی گرنگن بۆ پەروەردەکردنی فەیلەسوفان‌و سیاسەتمەداران، دەخوێندران. دواتر هەندێك لە قوتابییەکانی ئەفلاتون بوون بە سەرکردەو سەرپەرشتیارو ڕاوێژکاری دەستووریی لە دەوڵەتشارەکانی• یۆناندا. ئەرەستۆ زرنگترین‌و دەرکەوتووترین قوتابی ئەفلاتون بوو. ئەفلاتون لە ساڵی** 347 **ی پێش زایینیدا مرد. لە ماوەی ژیانی ئەودا، ئەسینا دەسبەرداری عەسکەرتارییەت‌و داگیرکاریی بوو، سێنتەری هزریی‌و ڕۆشنبیریی بوو لە یۆناندا. ئەسینا پێگەو خانەخوێی چوار**

---

• **سیراکیوسا** (ئێستا پێی دەوترێت سیراکیوس Syracuse (Italy) or Syracuse (ancient) *Syracuse*) **شارێك و بەندەرێکی دێرینە لە ئیتالیا دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی دورگەی سێسیلییەوە. لە ساڵی** 734 **دا، خەڵکی کۆرینس دروستیان کردووە. شارە کۆنەکە لەسەر دورگەی ئۆرتیگا دروستکرابوو، کەناڵێکی ئاویی لە خاکە سەرەکییەکەی جیادەکردەوە، دانیشتوانەکەی ڕاوە ماسییان دەکرد شارەکەیان سێنتەرێکی بازرگانی و بەرهەمی کشتوکاڵی بوو، بەشێوەیەکی تایبەتی زەیتی زەیتون و مزرەمەنییان بەرهەم دەهێنا. کاتی خۆی گەورەترین و بەدەسەڵاتترین شاری هەرێمی سێسیلی بووە. شوێنەواری شانۆیەکی یۆنانی لێماوە. لە ساڵی** 1999 **دا ژمارەی دانیشتوانەکەی** 126.721 **کەس بووە.**

• **دەوڵەتشار** City-State **حکومەتێکی خۆبەخۆ ئیکتیفاکەرو ناوەندێکی شارنشینەو بە شێوەیەکی گشتی چواردەوری بە ناوچەیەکی گوند نشینی سەربەخۆ گیراوە. شارەکانی یۆنانی دێرین لەم چەشنە ئیدارییە بوون, لەوانە ئەسینا, کە سەربەخۆییەکی سیاسیی تەواوی هەبوو.**

www.pertwk.com
**قوتابخانەی فەلسەفی سەرەکی بوو، لەسەدەی چوارەمی پێش زاییندا دامەزراون: ئەکادیمیاکەی ئەفلاتون، لایسیەمی• ئەرەستۆ، ئیپیکۆریزم•، ستۆویزم•.**

**ئەرکی سێ لایەنەی فەلسەفەی سیاسی**

**گەرچی تەنها کۆمارو پۆلیتیکۆس و یاساکان و چەند دیالۆگێکی کورتیش بە دیالۆگە سیاسییەکانی ئەفلاتون لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام دەتوانین بڵێین بایەخێکی زۆری داوە بە فەلسەفەی سیاسی. ئیمڕۆ لەو جیهانەد کە بە زمانی ئینگلیزیی دەدوێت. تا ئێستاش لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی شیکاریی سەدەی بیستەمدا، ئەرکی سەرەکی فەلسەفەی سیاسی هەر شیکارکردنە: روونکردنەوەی چەمکە سیاسییەکان. بۆ تێگەیشتنی مانای ئەمە، شتێکی سوودمەندە ئەگەر وەها بیر لە چەمکەکان بکەینەوە کە بریتین لە بەکارهێنانی وشەکان. کاتێك وشەی ئاسایی وەك "مێز"، "کورسی" "قەڵەم" یان زاراوەی سیاسی وەك "دەوڵەت"، "دەسەڵات"، "دیموکراسی"، یان "ئازادی" بەکاردەهێنین، بەوەی بیاندەینە پاڵی شتی جیاجیا، بە رێگای تایبەتی لێیان تێدەگەین و مانای تایبەتی دەدەینە پاڵیان. شیکردنەوەی چەمککەکان روونکردنەوەیەکی هزرییانەیە، کرۆکی چەمك لە ماناکەیدایە. ئەمەش لە دیالۆگە ئەفلاتونییەکاند نەریتێکی دورو درێژی هەیە. زۆربەی دەرەنجامەکان**

---

• لایسیەم Lyceum قوتابخانەی تایبەتی ئەرەستۆیە لە ساڵی 335 دا دامەزراوە. ئەم قوتابخانەیە لەناو رەزێکدا بوو کە تەرخان کرابوو بۆ ئەپۆڵۆ. باوەڕی ئەم قوتابخانەیە وەهابوو کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەقڵانییە. ئەرەستۆ پێی وابوو مرۆڤ دەتوانێت یاسا سروشتییەکانی گەردون بدۆزێتەوەو بەکاریان بهێنێت بۆ باشکردنی گوزەرانی خۆی. لای ئەو خەڵکی باش پەروەردەکراو، ئەوانەی ئەقڵی خۆیان بەکاردەهێنن و ژیرانە بڕیارەکانیان دەدەن، دەتوانن مرۆڤایەتی بەرەو خۆشگوزەرانی و میانڕەویی ببەن و ژیان لە توندڕەوی و پەرگیریی خەتەرناك بپارێزن. قوتابییانی ئەرەستۆ بە پیاسەکەران ناسرابوون، چونکە مامۆستا بەدەم پیاسەکردنەوە وانەی دەوتەوەو قوتابییەکانیشی شوێنی دەکەوتن.

• ئیپیکۆریزم Epicureanism. لەساڵی 306ی پێش زاییندا, ئیپیکۆرەس قوتابخانەیەکی فەلسەفیی لە ئەسینا دامەزراند. لەباخچەی ماڵەکەی خۆیدا وانەی دەوتەوە، بۆیە بەناوی "فەیلەسوفانی باخچە" وە ناسران.

• ستۆیسیزم (*Stoicism*) قوتابخانەی ستۆیسیزم, لە دەوروبەری ساڵی 310ی پێش زاییندا, لە لایەنی زینۆی سیتیۆمییەوە, لە ئەسینا دامەزراوە, لە جوڵانەوەی سەگانیی پێش خۆیەوە پەرەی سەندووە, دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان و بەها مادییەکانی رەت دەکردەوە. پێیان وابوو مرۆڤ کاتێك دەتوانێت بگاتە سەربەستی و ئارامی کە گوێ نەداتە شتە مادییەکان و سەروەت و سامان, بڕیار بدات ژیانی خۆی بۆ عەقڵ و نیکی تەرخان بکات.

هەر کراوەو قابیلی بێنەوبەرەن، بەتایبەتی لە دیالۆگەکانی سەرەتادا، سۆکرات هەوڵ دەدات پێناسەی روونی چەمکە جیاجیاکان بەدەست بهێنێت. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە پێچەوانەی هەندێك فەیلەسوفی سیاسییەوە، بەلای ئەفلاتونەوە شیکردنەوەی چەمکەکان خۆی لە خۆیدا ئامانج نیە، بەڵکو هەنگاوێکی بەراییەو هەنگاوی دواتر هەڵسەنگاندنی رەخنەییانەی بۆچوونەکانە، بڕیاردانە لەسەر ئەوەی کام لەو ئایدیا مۆلەقانە دروستن و کامیان هەڵەن. لای ئەفلاتون بڕیاردان دەربارەی سیستمی سیاسی دروست، بۆ دیاریکردنی ئاشتی و جەنگ، لە سیاسەتدا بەدەست دەهێنرێت. لەو باوەڕەدایە ناشێت بڕیاری لەم جۆرە جێبهێڵرێت بۆ راو بۆچوونی جەماوەر، کە لە زۆر حاڵەتدا دوربینییەکی وەها نیەو تەنها دوای لێقەومان و کارەساتەکانی ناو مێژوو ئینجا دەرس وەردەگرێت. لە فەلسەفە سیاسیەکەی ئەودا، روونکردنەوەی چەمکەکان بریتیە لە هەنگاوێکی بنچینەیی لە هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکاندا، بۆچوونە دروستەکانیش دەگەنە سەر وەڵامێك بۆ پرسیاری ئەوەی کامەیە باشترین سیستمی سیاسی. لە دیالۆگی کۆماردا، بونیادی تێکستەکە لە شیکارکردنی چەمکەکانەوە، لە توێی هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانەوە، بەرەو باشترین سیستمی سیاسی هەڵدەکشێت.

## پرسیاری داد پەروەری لە کۆماردا

دادپەروەری چەمکێك ئێتیکی و سیاسی زۆر بنەڕەتییە. چەمکێکی ئاڵۆزو تەمومژاوییە. ئەم چەمکە هاوشانی نیکی تاکەکان، سیستمی کۆمەڵگا، مافی تاکەکانە بە بەرامبەری سیستمی کۆمەڵایەتی. لە کتێبی یەکەمی کۆماردا، سۆکرات و هاوئاخاوتنەکەی باسی مەسەلەی دادپەروەری دەکەن. چوار پێناسە دەخرێتە روو لەمەڕە بەکارهێنانی وشەی "دادپەروەری. کیفالیۆسی پیر پێشنیاری یەکەمین پێناسە دەکات "دادپەروەری ئەوەیە راستی بڵێیت و هەرچییەکیشت خواستووە بیگەڕێنیتەوە بۆ خاوەنەکەی (331d)". بەڵام ئەم پێناسەیە کە لەسەر بنەمای ئاکارێتی و دابونەریتی باو دامەزراوەو دادپەروەری پێوەند دەکات بە کەرامەتداریی و چاکەکارییەوە، وەك دانەوەی قەرز، وتنی راستی، خۆشویستنی وڵات، رەفتاری چاك، پیشاندانی رێزی گونجاو بۆ خوداکان، هەروەها، دەردەکەوێت

www.pertwk.com

پێناسەیەکی گونجاو نیە. ناتوانێت خۆی لەبەر تەحەداکانی سەردەدەمە نوێیەکانو هێزی بیرکردنەوەی رەخنەییدا رابگرێت. سۆکرات بە هێنانەوەی نمونەی وەها کە پێناسەکە بەسەریدا پیادە نابێت، بەدرۆی دەخاتەوە. ئەگەر بەشێوەیەکی ناوەکی رازی بووین کە دادپەروەری پەیوەندی بە چاکییەوە هەیە، ئەوا ئەگەر چەکێکمان لە کەسێك خواستبێت، دوایی ئەو کەسە لە حاڵەتێکی شێتیدا داوای بکاتەوە، شتێکی دادپەروەرانە نیە بۆی بگێڕینەوە، چونکە لەوانەیە زیان بە هەردوو لا بگەیەنێت. پۆلیمارخۆسی کوڕی کیفالیۆس، کە دوای ئەوەی باوکی بۆ پێشکەشکردنی قوربانییەك دەڕاوات، ئەم دەمەتەقێکە تەواو دەکاتو دەڵێت سایمۆنیدێسی• شاعیر راستی کرووە کە وتویەتی دادپەروەری ئەوەیە "هەرکەس مافی خۆی بۆ بگەڕێنرێتەوە (331e)" ئەم وتەیە روون دەکاتەوە بەوەی پێناسەی دادپەروەری بکات بەوەی "مامەڵەکردنی هاوڕێیان بە چاکی و دوژمانە بە خراپی (332d). لە ژێر فشاری سۆکرات و ناڕەزایی ئەوەی لەوانەیە یەکێك لە حوکمدانیدا بەسەر ئەوانیتردا بەهەڵەدا بچێتو ببێتە مایەی ئازار بۆ خەڵکە چاکەکان، پۆلیمارخۆس ناچار پێناسەکەی هەموار دەکاتەوە بۆ ئەوەی بڵێت دادپەروەری بریتیە لە "چاکەکردن لەگەڵ ئەو هاوڕێیەی کە چاکەو ئازاردانی ئەو دوژمنەش کە خراپە(335a)". هەرچۆنێك بێت. بەڵام کاتێك سۆکرات ناڕەزایی دەردەبڕێت کە ناشێت ئەوە دادپەروەری بێت کە ئازاری کەس بدەیت، چونکە دادپەروەری ناتوانێت ستەم بەرهەم بهێنێت، ئەوا پۆلیمارخۆس بە تەواویی سەری لیٚ تێك دەچێت. لەگەڵ سۆکراتدا لەسەر ئەوە پێکدێن کە دادپەروەری، وەك هەردولایان وتیان پەیوەندی بە چاکەوە هەیە، بۆیە ناتوانێت هیچ ئازارێکی لیٚ بکەوێتەوە، چونکە ئازار تەنها لە نادادپەروەری دەوەشێتەوە. ئەمیش وەکو باوکی لە دایالۆگەکە پاشەکشیٚ دەکات.

---

• سایمۆنیدێسی کیۆسی Simonides of Ceos (circa 556-c. 468 bc) شاعیرێکی لیریکی یۆنانییە, لە دورگەی کیۆس لە دایك بووە, ماوەیەك لە ئەسینا ژیاوەو لای هیپپیاسی ستەمکار کاری کردووە, پاشان خۆی هەڵواسیوە بە خێزانە فەرمانڕەواکانی تیسالییەوە, خێزانەکانی سکۆپادای و ئەلیودای. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ئەسینا, بە ستایشکردنو بڵندکردنەوەی پاڵەوانەکانو پەسندانی جەنگەکانی یۆنان لەگەڵ فارسەکاندا, شۆرەتی پەیدا کردووە. بەشی کۆتایی ژیانی خۆی لە سیراکۆزەی سیسیلی بەسەر بردووە, لە لای ستەمکاری یۆنانی هێرۆی یەکەم کاری کردووە. بە گەلێك شێواز هۆنراوەی هۆنیوەتەوە, لەوانە هۆنراوەی کورت, شیوەن, هەروەها جۆرەکانی کۆراڵ لە نمونەی پاڕانەوەو نزا, گۆرانی, ئاوازی جەنازە. بەشێکی کەم لە کارەکانی ماونەتەوە.

خوێنەری وریا تێبینی سۆکرات پێناسەکەی سایمۆنیدێس بۆ دادپەروەری ڕەت ناکاتەوە کە دەڵێت "دادپەروەری شتێك بدەیت بە کەسێك کە بەکەڵکی دێت (332b)"، بەڵکو لێکدانەوەکەی پۆلیمارخۆس ڕەتدەکاتەوە. بەڵام پێناسەکە هێشتا روون نیە.

یەکەمین بەشی کتێبی یەکەمی کۆمار بەشێوەیەکی نەرێ کۆتایی دێت، هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی هیچ یەکێك لە پێناسەکان نابێت بە ستاندەردێك بۆ لێکۆڵینەوە، وەڵامدانەوەی پرسیاری "دادپەروەری چیە؟" زۆر لەوە قورسترە کە بۆی دەچن.

دەشێت ئەم دەرەنجامە نەرێیە وەك چارەسەرێکی زمانەوانیو فەلسەفی سەیر بکرێت. یەکەم، گەرچی دەتوانرێت ناڕەزاییەکانی سۆکرات لە پێناسەکان بخرێنە بەر لێپرسینەوە، بەڵام بەو شێوەیەی دەرکەوتن، پیشانی دەدەن کە بۆچوونی گشتی دەربارەی دادپەروەری ناکۆکیو خۆدژیی تێدایە. ناتەبان لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی دیکەدا کە بە دروست لەقەڵەم دراون. ئەو پێناسە راپۆرتییانانە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی رۆژانەی وشەی دادپەروەری دامەزراون، یاریدەمان دەدەن لە تێگەیشتنی مانای تایبەتی دادپەروەریدا. هەرچۆنێك بێت بۆ خستنە رووی پێناسەیەکی ئاوا دیاریکراو، پێویستە بزانین بەراستی دادپەروەری چیە. ئەو رێگایەی خەڵکی پێناسەی وشەیەکی پێ دەکەن زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی هەیانە دەربارەی ئەو شتەی کە وشەکە دراوەتە پاڵی. ئەو پێناسەیەی کە تا رادەیەکی زۆر بێسەرەو بەرەیە یاخود زۆر تەسکە یان زۆر بەرینە، لە سەر بنەمایەکی هەڵە دەربارەی دادپەروەری دامەزرابێت، شێمانەی پەیوەندیکردن فەراهەم ناکات. دایالۆگە ئەفلاتونییەکان بریتین لە دواهەمین پەیوەندی کە بشێت لە نێوانی مرۆڤەکاندا رووبدات، پەیوەندیکردنی دروستیش تەنها ئەو کاتانە دەشێت رووبدات کە تاکەکان دەتوانن مانای ئەو وشانە بزانن کە بەکاریان دەهێنن. وتووێژکردن لەسەر بناغەی ناسینەوەی بۆچوونە هەڵەکان دامەزراوە، واتە دەربڕینە ئایدۆلۆجییەکان. دەشێت تا رادەیەك مرۆڤەکان دابەش بکەین بۆ چەند بەرەیەك، مێچووش فێری کردووین کە سەرەنجام ئەم دابەشکردنە پشێویی لێ دەکەوێتەوە. پێناسەکردنی دادپەروەری بەوەی "چاکەکردنە لەگەڵ دۆستانو خراپەکردنە لەگەڵ دوژمنان" ئەفلاتون قایل ناکات، نەك تەنها لەبەر ئەوەی زۆر تەسكو تروسکە، بەڵکو

هەڵەشە چونکە لەسەر بۆچوونێکی هەڵە دەربارەی دادپەروەری دامەزراوە، لەسەر بنەمای باوەڕی تاقمچێتی دارێژراوە، ئەوەش بەلای سۆکراتەوە دانایی نیە بەڵکو ستەمکارییە (336a). بۆیە لە کۆمارو دایالۆگەکانی دیکەی ئەفلاتوندا پەیوەندییەك هەیە لە نێوانی شیکردنەوەی چەمکەکان‌و رەخنەگرتنی هەڵسەنگێنەرانە لە بۆچوونەکان. ئامانجی ئەو ئاخاوتنانە تەنها زمانەوانی، یان گەیشتن بە پێناسەیەکی زارەکییانەی گونجاو نیە، بەڵکو لەوە زیاتر، ئەوەیە بگەن بە بۆچوونێکی دروست. پرسیاری "دادپەروەری چیە؟" بە تەنها دەربارەی بەکارهێنانی زمانەوانییانەی وشەی "دادپەروەری" نیە، بەڵکو لە بنەڕەتدا دەربارەی ئەو شتەیە کە وشەکە نیشانەی بۆ دەکات. بەشی دووهەمی کتێبی یەکەم، چیتر روونکردنەوەی چەمکەکان نیە، بەڵکو هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانە. لە دایالۆگە ئەفلاتونییەکاندا، سۆکرات لەبری ئەوەی بڵێت پێویستە بیر لە چی بکەنەوە، بەرامبەرەکانی وا لێدەکات پێی بڵێن خۆیان بیر لە چی دەکەنەوە. قۆناغی دواتری گفتوگۆکە لەمەڕ مانای دادپەروەری دەکەوێتە ئەستۆی تراسیماخۆسی سۆفیست، کە بەشێوەیەکی توندوتیژو بێبەزەییانە خۆی دەکات بەناو دایالۆگەکەدا. لە سەدەی پێنجەمی‌پێش زاییندا، سۆفیستەکان* مامۆستای رەوانبێژیی‌و شارەزاییەکاتی تر بوون‌و بە کرێ وانەیان دەوتەوە، زۆربەیان خەڵکی ئەسینا نەبوون، کۆرسی وانەوتنەوەیان دەکردەوەو بانگەشەیان دەکرد باشترین کەسن بتوانن پیاوانی لاو ئامادە بکەن بۆ بەشدارییکردن لە ژیانی گشتیدا. ئەفلاتون بە سۆفیستەکان دەڵێت

* سۆفیستەکان *Sophists* بە زاراوەی یۆنایی سۆفیست *sophistçs* ەوە هاتووە، مانای شارەزا یاخود پسپۆڕ یان پیاوی دانا دەگەیەنێت. گریکەکان لەسەرەتادا ئەم زاراوەیەیان بەکارهێناوە بۆ پیاوانێك کە فێربوون و تێگەیشتوون, وەکو حەوت پیاوە داناکەی یۆنان, لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا ئەم زاراوەیە بۆ ئەو مامۆستا گەڕۆکانە بەکاردەهێنرا کە لە بەرامبەری کرێیەکدا لە چەندان لقی باڵای زانیندا دەرسیان دەووتەوەو زیاتر بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاریان دەکرد نەك وەکو قوتابخانەیەك یان گرووپێك. سۆفیستاییەکان بیرو بۆچوون و ئایدیاکانی فەیلەسوفەکانی سەرەدەمی خۆیان‌و پێشتریشیان ئاسان دەکردەوەو مۆرکێکی میلییانەیان پێدەبەخشین. سۆفستاییەکان هاوکات لەگەڵ سۆکرات‌و ئەفلاتون‌و ئەرەستۆشدا شۆرەتیان پەیدا کردووەو دژایەنییەکی فەلسەفی‌و ململانییەکی سەخت لە نێوانی ئەم سیانەو سۆقیستاییەکاندا هەبووەو لە نوسیەکانی هەرسێکیاندا بە تەواویی رەنگی داوەتەوە. دیارترینی سۆفیستاییەکان پرۆتاگۆراس, گۆرگیاس, هیپیاسی ئەلیزیی, هەروەها پرۆدیکۆسی کایۆسیی بوون.

تاکە گەڕۆکەکان، ئەوانەی بە توانا ڕەوانبێژییەکانیانەوە ناسراون، بۆچوونە ئاینییەکانو ئاکارێتییە باوەکان ڕەت دەکەنەوە، بۆیە سۆکراتی کردووە بە گژیاندا، ئەم هەرگیز وەك مامۆستا کرێی وەرنەدەگرتو لەبری فێرکردنی شارەزاییەکان، خۆی تەرخان کردبوو بۆ پرسو را دەربارەی ئەوەی راستیو دادپەروەری چین.

تراسیماخۆس بە شێوەیەکی ناشرین داوا لە سۆکرات دەکات واز لە قسەی پڕوپووچ بهێنێتو بڕوانێتە راستییەکان. ئینجا وەك پیاوێکی شارەزای ئەم مەسەلانە وەڵامی پرسیاری "دادپەروەری چیە" دەداتەوە بەوەی دادپەروەری لە ریزبەندی دەسەڵاتی ناو شار بهێنێتە دەرەوەو بڵێت پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی گرووپی باڵادەستی کۆمەڵایەتی یان سیاسییەوە هەیە. "دادپەروەری هیچی تر نیە جگە لە بەرژەوەندی بەهێزترین (338c)". بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێکەوە، وتەکەی تراسیماخۆس وەك وەڵامێك بۆ پرسیارەکەی سۆکرات لەمەڕ ئەوەی دادپەروەری چیە، پێناسە نیە. خوێنەری وریا تێبینی دەبینێت تراسیماخۆس دادپەروەری لەگەڵ پاراستن یان گوێڕایەڵیکردنی یاسادا دەناسێنێت. وتەکەی دەربڕینی ئەم بۆچوونەیە: لەجیهانێکی ناتەواوی وەك ئەم جیهانەدا، کەسانی بەرچاوی فەرمانڕەواییکردن لە شاردا، یان وەك ئەمڕۆ ئێمە دەڵێین گرووپی کۆمەڵایەتی باڵادەست، لە بەرژەوەندی خۆیاندا یاساکان دادەڕێژنو دەیانخەنە گەڕ (338d). دیموکراتەکان یاسا بۆ پشتیوانیکردنی دیموکراسی دادەنێن، بەڵام ئەریستۆکراسەکان• یاسا دادەنێن تا پارێزگاریی لە حکومەتی خێزانە خانەدانەکان بکات، موڵکداران یاسا دادەنێن بۆ پاراستنی رەوشو کاروباری خۆیان، ..هتد. ئەم بۆچوونە، مانای ئەوەیە: یەکەم، دادپەروەری بەهایەکی ئاکارییانەی گەردونی نیە، بەڵکو بیرۆکەیەکە وابەستەی بۆچوونی گرووپی باڵادەستەوە. دووهەم، دادپەروەری بەرژەوەندییەکی تایبەتی گرووپی باڵادەستە. سێهەم، دادپەروەری وەکو هۆکارێکی سەرکوتکردن بەکاردەهێنرێت بۆیە شتێکی زیانبەخشە بۆ ئەوانەی دەسەڵاتیان نیە. چوارەم، هیچ چاکەیەکی هاوبەش یان هارمۆنییەك لە بەرژەوەندیدا نیە لە نێوانی

---

• ئەریستۆکراسی Aristocracy وشەیەکی یۆنانییە، لە دوو بەش پێکهاتووە: *aristos* بەمانای باش, لەگەڵ *kratos* بەمانای هێز. لە ئەسڵدا یەکێکە لە شێوازەکانی حکومەت, کە تێیدا دەسەڵات دەکەوێتە دەستی ژمارەیەکی کەمی خەڵکەوە.

ئەوانەدا لە پلەو پایەی دەسەڵاتدان و ئەوانەش کە لە دەسەڵاتدا نین. ئەوەی هەیە باڵادەستی دەسەڵاتدارەکان‌و ئیمتیازدارەکانە بەسەر بێدەسەڵاتەکاندا. زمانی ئاکارییانەی دادپەروەری تەنها بۆ ئەوە بەکارهێنراوە کە بەرژەوەندی گروپی باڵادەست بسەلمێنێت، بۆ ئەوەی ئەو بەرژەوەندییانە بشارنەوەو وایان لێبکەن سیمایەکی گەردونییانە وەربگرن.. دەسەڵاتداران "تەنها ئەوە بە دادپەروەری دادەنێن کە بەرژەوەندی خۆیانی تێدایە (338e). تراسیماخۆس زۆر لوتبەرزانە وتەکەی خۆی دەخاتە روو، ئەو خۆ بەزلزانینە نیشانەی ئەوەیە زۆر بە مکومی باوەڕی وایە هەر کەسێك گۆشەنیگایەکی جیاوازی هەبێت، ئەوە تێنەگەیشتووەو ئاگای لە جیهان نیە.

تراسیماخۆس وتەکەی خۆی تەواو دەکات‌و دەیەوێت بڕوات، چونکە باوەڕی وایە ئەوەی وتی شتێکی کۆتاییەو ئیتر ناشێت هیچ وتووێژێکی دیکە دەربارەی دادپەروەری بکرێت (344d). لە کۆماردا، تراسیماخۆس نوێنەری دۆگمایە•. لە راستیشدا ئەو بە کێبڕکێیەکی سەختەوە ئامبازی سۆکرات بووە. ئایا ئەوەی وتی سەرنجی کەسی راکێشا یان نا، بەڵام سۆکرات بە بۆچوونەکانی ئەو قایل نەبوو. گۆشەنیگاو بۆچوونی جیا شێوەی ژیانی ئێمە وەك تاك، نەتەوە، سەردەم، شارستانێتی پێکدەهێنێت. ئایا پێویست دەکات بەراستی باوەڕ بەوە بهێنین کە دادپەروەری (گوێڕایەڵبوون بۆ یاساکان) بریتیە لە چاکەو بەرژەوەندی بەهێزەکان و فەرمانڕەواکان، هەروەها زیانی هەیە بۆ ئەوانەی ملکەچی یاساکان دەبن، لەکاتێکدا کە نادادپەروەری (گوێڕایەڵنەبوون بۆ یاساکان) بەرژەوەندی ئەو کەسەی تێدایە کە گوێڕایەڵ نیە (343c)"؟ لێرە بەدواوە چیتر گفتوگۆی نێوان سۆکرات‌و بەرامبەرەکەی لەسەر مانای دادپەروەری نیە، بەڵکو دەربارەی بۆچوونە بنەڕەتییەکانەو "گوێ

---

• دۆگما Dogma وتاری بە هەژموون‌و راشکاوی پێڕەوێکی ئاینیی, کە خراوەتە رووو نەك بۆ گفتوگۆ, بەڵکو بۆ بڕوا پێهێنان بە دروستیی و دووریی لە گومان, زاراوەکە زیاتر تایبەت بووە بە مەسیحییەت. بۆ ئەوەی چەمکێك سیفەتی دۆگما وەربگرێت, پێویستە بە کەڵکی ئەو حاڵەتە بێت کە تێیدا بەکار دەهێنرێت. ئەم چەمکە زیاتر لە مەسەلەی سرووشەوە گەردان کراوە: واتە ئەو سرووش یان دیدەی, لە لایەنی کتێبی پیرۆزو داب‌و نەریتەوە بڕیاری لەسەر دراوە. هەندێجار زاراوەی دۆگما بەکارهێنراوە بۆ مشتومڕو کێشمەکێشی پێڕەوییانە, بە مەبەستی روونکردنەوەی دابودەستوری ئارسۆدۆکس لە رووی وێڵبوونە هەرتەقەبازییەکاندا.

ناداته هیچ بابەتێکی ئاسایی، بەڵکو گرنگی دەدات بەوەی پێویستە بە چ شێوازێك بژین(352d)". گەرچی لە کتێبی یەکەمدا سۆکرات سەرەنجام پیشانی تراسیماخۆسی دەدات کە تێڕوانینەکەی خوددژییەکی تێدایە، تراسیماخۆسیش پاشەکشە دەکات، بە تەواویی قەناعەتی نەکردووە، بەڵام لەشەرما سوور هەڵگەڕاوە. لە کتێبی دووهەمدا دوو لاو ئاخاوتنەکە لە تراسیماخۆس وەردەگرن، گلاوکۆن و ئەدیمانتۆس کە هەردوکیان برای ئەفلاتونن، ئەمان لە پێناوی کرێسی و مەشقی هزرییانەدا بەردەوامی دەدەن بە دیالۆگەکە (358c-366d). تراسیماخۆس پاشەکشە دەکات، وەلیٚ وتارەکەی ئەو: گومانگەرایی ئاکاریی، رێژەیەتی، باڵادەستی هێز لە پەیوەندی نێوانی مرۆڤەکاندا، نەبوونی هارمۆنی لە بەرژەوەندیدا، باڵیان کێشاوە بەسەر هزری خۆراواییدا. ئیتر سەرپاکی نەوە یەك لەدوای یەکەکانی هزر ناچاربوون تێبکۆشن دژی بۆچوونەکانی تراسیماخۆس، تا ئێستاش مشتومڕ بەردەوامی هەیە. ئیتر باقی دیالۆگی کۆمار سەرقاڵی ئەوە دەبێت داکۆکی لە دادپەروەری بکات وەك بەهایەکی گەردونی و بناغەی باشترین سیستمی سیاسی.

**باشترین سیستمی سیاسی**

گەرچی بەشێکی زۆری کۆمار تەرخانە بۆ باس و خواسی دەوڵەتی نمونەیی و فەیلەسوفانی فەرمانڕەوا، لەگەڵ باسی داڕوخانی هێواش هێواشی دەوڵەت، بەڵام دادپەروەری بیرۆکەی سەرەکی دیالۆگەکەیە. ئەفلاتون بەوجۆرە وەسفی داهێنانە سیاسییە ئەندێشەییەکەی خۆی ناکات، کە سۆکرات پێی دەڵێت شارێك لە گوتاردا، مۆدێلێك لە ئاسمانەوە، بە مەبەستی بەکارهێنانی پراکتیکییانە (592a). نیگای دەوڵەتی نمونەیی زیاتر بۆ ئەوە بەکارهێنراوە تێزی سەرەکی دیالۆگەکە روون بکاتەوە بەوەی پێشتر وەها لە دادپەروەری تێگەیشتوون کە نیکی بێت و پەیوەندی بە چاکییەوە هەبێت، بەڵام دادپەروەری دامەزراندنی سیستمی سیاسی باشە، ئەمەش بەرژەوەندی هەموو کەسێکی تێدایە. ئەفلاتون دەڵێت ئەگەر بە دروستی لە دادپەروەری تێبگەین، بەرژەوەندی تایبەتی هیچ بەرەیەکی ناو شار نیە، بەڵکو بایەخدەدات بە چاکەی گشتی هەموو جڤاتی سیاسی تێدایە، هەروەها قازانجی هەموانیشە. هەستی یەکێتی دەدات بە شار، بۆیە مەرجی بنەڕەتی تەندروستی

شارە. "نادادپەروەری دەبێتە هۆی شەڕی ناوخۆ، ترس و لەرز، شەڕو پێکدادان، لە کاتێکدا کە دادپەروەری هاوڕێیەتیو هەستی ئامانجی هاوبەش دابین دەکات (351d)". بۆ ئەوەی زیاتر تێبگەین لای ئەفلاتون دادپەروەریو ریتمی سیاسی چین، شتێکی سودمەندە ئەگەر بەراوردی فەلسەفە سیاسیەکەی ئەو بکەین بە گۆشە نیگا پێش فەلسەفییەکانی سۆڵۆن، کە لە هەندێك دایالۆگدا دەگەڕێتەوە سەری. زانیاریی دەربارەی ژیننامەی ئەفلاتون کەمە. دەشێت ئەو راستییەی کە لە دیوی دایکییەوە دەچێتەوە سەر سۆڵۆنی سیاسەتمەدارو شاعیری گەورەی ئەسینا, کە بە یەکێك لە حەوت داناکە لەقەڵەم دەدرێت، رێکەوت بێت. لە لایەکی تریشەوە، لەپێشچاوگرتنی ئەوەی لە سەردەمی ئەفلاتوندا بەشێوەیەکی نارەسمی منداڵان لە ماڵەوە پەروەردە دەکرانو فێر دەکران، ئەوە زۆر رێی تێدەچێت ئەفلاتون بە تەنها ئاشنای ئایدیاو بۆچوونەکانی سۆڵۆن نەبوبێتو هیچی تر، بەڵکو بە قووڵییش کاریان تێکردبێت.

جەوهەری ئەو ریفۆرمە دەستوورییەکانی سۆڵۆن لە ساڵی 593 دا، زیاتر لە سەدوپەنجا ساڵ بەر لە دایکبوونی ئەفلاتون، ژیاندنەوەی ریتمی دروست بوون. لە سەرەتای سەدەی شەشەمدا باری ئەسینا بەهۆی کرژی نێوانی دوو لایەنەوە بەتەواویی شڵەژابوو: هەژارانو دەوڵەمەندان، گەیشتبووە سەر لێواری جەنگی ناوخۆ. لە لایەکی تریشەوە، بەهۆی قەیرانی ئابورییەوە، گەلێك لە ئەسینایییە هەژارەکان لەژێر باری قەرزدا داڕزابوون، چونکە خۆیان وەکو مرۆڤ ببوون بارمتەی قەرزەکانیان، هەزارانیان کرابوون بە کۆیلە. دەوڵەمەندەکانیش لەبەر ئەو قازانجە ئاسانەی لە پارە بە قەرزدانەوە دەستیان دەکەوت، زۆر بە توندی داکۆکییان لە موڵكو ئیمتیازەکانی خۆیان دەکرد. کێشەو ململانێو بەیەکدا کێشان، شتێکی خۆڵێلانەدراو بوو، ئەوەش لە رووی ئابورییەوە ئەسینای لاوازتر دەکردو وای لێدەکرد لەبەردەمی دوژمنە دەرەکییەکانیدا داکۆکی لەخۆی پێ نەکرێت. سۆڵۆن وەك ناوبژیوانێك لەم کێشەیەدا، یاسای نوێی خستە گەڕو هەموو قەرزەکانی هەڵوەشاندەوەو کۆیلەکانی ئازاد کرد. ئەوەندە میانڕۆیانەو بێلایەنانە کاری کرد تا هەردوو لایەنەکەی لەخۆی بێزار کرد. دەوڵەمەندەکان هەستیان دەکرد ریفۆرمەکان زیانی لێداون. هەژارانیش بەرگەی چاودێریکردنو پشکنینی زیاتریان نەدەگرتو داوایان دەکرد زەویو زارەکان سەرلەنوێ بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر هەمووواندا

دابەش بکرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشداو سەرەڕای ئەو رەخنەگرتنانەی هەردوو لایەن، سۆڵۆن توانی ئاسایش و ئاشتی کۆمەڵایەتی دابین بکات. لەوەش زیاتر بە دانانی یاسای دەستوورییانەی نوێتر "لەمپەرێکی پتەوی لەنێوانی هەردوو لایەندا دروست کردو لێنەگەڕا هیچ لایەکیان سەرکەوتنێکی نادادپەروەرانە بەدەست بهێنێت (ئەرەستۆ، دەستوری ئەسینایییەکان)". سیستمێکی چاودێریی و پارسەنگدانەوەی بەسەر دەسەڵاتەوە دانا کە بەلای هیچ لایەنێکدا داناشکێتەوە، بەڵکو بەرژەوەندی رەوای هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو دەگرێت. سۆڵۆن دەیتوانی بەهۆی پایەکەی خۆیەوە زۆر بە ئاسانی ببێت بە ستەمکاری ئەسینایییەکان، بەڵام ئەو دەسەڵاتی بۆ خۆی نەدەویست. دوای ئەوەی ریفۆرمەکەی خۆی تەواو کرد، ئەسینای جێهێشت بۆ ئەوەی بزانێت ئایا دواتر بە ئارامی دەمێنێتەوە، دوای دەساڵ ئینجا گەڕایەوە. بەڵام لە ساڵی 561 دا، پیسیستراتۆس• دەسەڵاتی گرتە دەستو بوو بە یەکەمینی زنجیرە ستەمکارەکانی ئەسینا. لە ساڵی 461 دا ئیفالتێسی سەرکردەی دیموکراتەکان، یاسای چاودێریکردنی سەروەریی میللی هەڵوەشاندەوە, ریفۆرمەکانی سۆڵۆن مۆدێلێکیان دەربارەی هەریەکە لە سەرکردایەتی سیاسیو پاراستنی نیزامی بەخشی بە یۆنانی دێرین کە لەسەر بناغەی بێلایەنی و دادپەروەری دامەزرابوو. لای سۆڵۆن دادپەروەری یەکسانێتییەکی ئەرخەمێدسییانە نەبوو: پشکی یەکسان بدرێت بە هەمووان بێ ئەوەی ئەوە رەچاو بکرێت ئایا شایستەی هەن یان نا، کە ئەمە بۆچوونە دیموکراسییەکەیە لەمەڕ دادپەروەری، بەڵکو بریتی بوو لە یەکسانی یان

---

• پیسیستراتۆس *Pisistratus (circa 600-527 BC)* کوڕی هیپۆکراتێسە، خزم و هاوڕێی سۆڵۆنی یاساناس بووە. ژەنراڵ و سیاسەتمەدارێکی ئەسینایییە، لە ماوەی نێوان ساڵانی 560 – 527 دا ستەمکاری ئەسینا بووە. لە شەڕی دژ بە میگارادا لە دەوروبەری 570 – 565 دا، هەڵکەوتوویی سەربازیی پیسیتراتۆس کەوتە روو. سەرەنجامیش بوو بە سەرپەرشتیاری موڵکەکانی ئەسینا لە باکوری خۆرەڵاتی ئاتیکا، کە دانیشتوانەکەی یاخی ببوون و داوای یەکسانێتی سیاسییان دەکرد. لە ساڵی 560 دا دەستی کرد بەسەر ئەکرۆپۆلیسدا و خۆی کرد بە ستەمکاری ئەسینا. سەرکردەی پارتە ئەریستۆکراتە دەوڵەمەندەکان شاریان جێهێشت و هەڵاتن، لە ساڵی 554 دا گەڕانەوە بۆ شارو دوای دوو ساڵ پیسیستراتۆسیان رەوانەی تاراوگە کرد بەرەو دورگەی ئێڤۆیا. لە ساڵی 541 دا بە یارمەتی خەڵکی سێبێسو ئارگۆس هاتەوەو بەسەر دژەکانیدا سەرکەوت. ئیتر بە سەرکردەیی مایەوەو دوای خۆشی دەسەڵاتی بۆ هیپیاسی کوڕی جێهێشت.

دادپەروەرێتییەك كە لەسەر بنەمای جیاوازیی دامەزرابوو: دەستەبەركردنی پشكی شایستە بۆ ئەوانەی شایانی ئەوەن بیاندرێتێ. هەمان ئایدیا و ریتمی سیاسی، سەركردایەتی، دادپەروەری لە دیالۆگەكانی ئەفلاتونیشدا دەدۆزینەوە.

لای ئەفلاتونیش، وەك سۆلۆن, خاڵی دەسپێكی پرسش دەربارەی باشترین سیستمی سیاسی بریتیە لە رەچاوكردنی هەمەجۆریی كۆمەڵایەتیو بەرژەوەندییە ناتەباكان، كە مەترسی كێشەو گێچەڵی ناوخۆشیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە. جڤاتی سیاسی لە بەشی جیاجیا یان چینی كۆمەڵایەتی جیاجیا پێكهاتووە، وەك خانەدانان، دەوڵەمەندان، هەژاران، هەریەكەیان نوێنەری بەهاو بەرژەوەندی جیاجیانو داوای فەرمانڕەوایەتی دەكەن. ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی كێشمەكێشی ئەوەی كێ فەرمانڕەوایی جڤات دەكات، هەروەها باشترین سیستمی سیاسی كامەیە. ئەفلاتون لە كۆماریشو لە یاساكانیشدا، جەخت لەسەر ئەوە دەكات كە دووبەرەكیو شەڕی ناوخۆ گەورەترین مەترسین بۆ سەر شارو بگرە لە دوژمنی دەرەكی مەترسیدارتریشن، هەروەها ئەو ئاسایشەش كە بە هۆی سەركەوتنی لایەكو تێكشكاندنی كێبڕكێكەرەكانیەوە هاتۆتە دی، ئەوە ئاشتی كۆمەڵایەتی نیە كە هاوڕێیەتیو هاوكاریی هەموو بەشەكانی شار بهێنێتە دی (كۆمار 462a-b ، یاساكان 628a-b). لای ئەفلاتون، ئاشتی، بە پێچەوانەی بیریارەماركسیو رادیكاڵەكانی دواترەوە، بیرۆكەی دیفاكتۆ نیە، پەیوەندی هەبێت بە بەرژەوەندی گرووپی خاوەن ئیمتیازەوە، بەڵكو بەهایەكە زۆربەی خەڵك بەشێوەیەكی سروشتی ئارەزووی دەكەن. ئەو لایەنی جەنگ و سەركەوتنی چینێك ناگرێت، بەڵكو لایەنی ئاشتی دەگرێت لە فرەییو جیاوازیی كۆمەڵایەتیدا "باشترین شت نە جەنگەو نە دووبەرەكی ـ ئەمانە شتگەلێكن كە پێویستە نزا بكەین لێمان بەدوور بن ـ بەڵكو ئاشتیو نیەتباشی ئاڵوگۆڕ باشترین شتە (628c)". ئەفلاتون لە كۆماریش و یاساكانیشدا بە بیناهەڵچنین لەسەر تێڕوانینە پێشفەلسەفییەكانی سۆلۆنو چەمكەكانی ئەو لەمەڕ راگرتنی هاوسەنگی نێوانی بەرژەوەندییە بەگژیەكدا چووەكان، دوو چارەسەری جیاواز پێشنیار دەكات بۆ هەمان گرفتی ئاشتی كۆمەڵایەتی كە لەسەر بنەمای یەكێتی هاوتاو هاوسەنگی نێوان چینە كۆمەڵایەتییە جیاجیاكان دامەزراوە. ئەگەر لە كۆماردا وەزیفەی سەرەكی سەركردایەتی سیاسی

www.pertwk.com

یان فەرمانڕەوا فەیلەسوفەکان ئەوە بێت کرژیی و ناخۆشی مەدەنی بڕەوێننەوە، لە یاساکاندا ئەم وەزیفەیە بەهۆی یاساوە ئەنجام دەدرێت. لای ئەفلاتون باشترین ریتمی سیاسی ئەوەیە کە لە ژینگەیەکی پڕ هاوکاری و هاوڕێیەتیدا لە نێوانی گروپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا، گەشە بە ئاشتی کۆمەڵایەتی دەکات، هەموویان سوودی لێ وەردەگرن و هەموشیان بۆ چاکەی گشتی کاردەکەن. باشترین فۆرمی حکومەت لە کۆماردا پێشکەش کرابێت، بریتیە لە ئەریستۆکراسی فەلسەفی یان شانشینی پادشایەتی فەلسەفی، بەڵام ئەوەی لە یاساکاندا پێشنیاری دەکات بریتیە لە سیاسەتێکی سوننەتی: دەستورێکی ئاوێتە کە بەرژەوەندی لایەنە جیاجیاکان دەناسێتەوەو رەگەزە ئەریستۆکراس و ئۆلیگارشی و دیموکراسییەکان دەگرێتە خۆی.

## حکومەتی فەرمانڕەوا فەیلەسوفەکان

ئیمڕۆ بەشێوەیەکی گشتی وا بڕوایە دیموکراسی "حکومەتی گەل، بەهۆی گەلەوەو بۆ گەلیش" باشترین و تاقە سیستمی سیاسی لەبارە. خەسڵەتە تایبەتییەکانی دیموکراسی ئازادی و یەکسانین. دەشێت پێناسەی دیموکراسی بکرێت بە فەرمانڕەوایی ئەو گەلە ئازادانەی کە خۆیان فەرمانڕەوایی خۆیان دەکەن.، چ راستەوخۆ یان لە توێی نوێنەرەکانیانەوە، بەرژەوەندی خۆیان دەهێننە دی. بۆچی ئەفلاتون دیموکراسی بە باشترین فۆرمی حکومەت دانانێت؟ لە کۆماردا، بە راشکاویی رەخنە لە دیموکراسی راستەوخۆی بێ چاودێریی سەردەمی خۆی دەگرێت، هۆکەشی سەرکردەکانێتی (557a-564a). سەرەتا گەرچی ئازادی لای ئەفلاتون بەهایەکی دروستە، بەڵام دیموکراسی مەترسی ئازادیی زێدەڕۆی تێدایە، هەرکەس چی پێ خۆشە وا بکات، کە ئەمەش بەرەو پشێویمان دەبات. پاشان، یەکسانی، پەیوەندیدار بەو بۆچوونەوە کە هەموو کەس ماف و بواری یەکسانی هەیە بۆ فەرمانڕەواییکردن، هەموو ئەو تاکانە دەهێنێتە ناو سیاسەتەوە کە عەودالی دەسەڵاتن، کە هاندەری تایبەتی پاڵیان پێوە دەنێت نەك چاکەی گشتی. بۆیە دیموکراسی شتێکە زۆر قابیلی گەندەڵبوونە. دەرگا لەسەر گێرەشێوێنی، دیکتاتۆرە پەنهانەکان ئاوەڵا دەکات و بۆی هەیە سەرەنجام بگاتە ستەمکاریی. بۆیە، گەرچی

**ڕەنگە ئەمە بۆ دیموکراسی مۆدێرینی لیبراڵ• نەگونجێت، بەڵام تۆمەتی سەرەکی ئەفلاتون دژی ئەو دیموکراسییەی لە سیاسەتی یۆنانی دێریندا ناسیویەتی، ئەوەیە سیستمێکی سەقامگیر نیە، لە گێرەشێوێنییەوە• بەرەو ستەمکاریی دەڕوات، هەروەها سەرکردەی لێهاتووی کەمە کە خاوەنی شارەزایی و ئاکارەکانی بن. دیموکراسی پشت دەبەستێت بە دەرفەت و پێویستە لەگەڵ سەرکردایەتی لێهاتوودا ئاوێتە بکرێت (501b) بێ بوونی سەرکردەی نیك و لێهاتوو، لە نمونەی سۆلۆن یان پێریکلێس•، کە بە ڕێکەوت دێن و دەڕۆن، دیموکراسی فۆرمێکی چاکی حکومەت**

---

• **دیموکراسی لیبراڵ** Liberal Democracy **سیستمێکی سیاسیی مۆدێرنەو لە خۆراواوە سەری هەڵداوە. لەم سیستمەدا هەڵبژاردنی ئازاد بۆ بەڕێوەبردنی وڵات ساز دەکرێت. چەندان پارت و ڕێکخراوی سیاسی جیاجیا هەڵدەسوڕێن و چالاکن, دەزگای یاسادانا دەزگایەکی سەربەخۆیەو هیچ پێوەستێکی سیاسییانەی نیە. بەشێوەیەکی گشتی تەواوی دەزگای داد سەربەخۆن و دادگا لە ژێر کۆنترۆڵی ڕەوتە سیاسییەکاندا نیە، لەپاڵ دەزگای دادو یاسادا، دەوڵەت ئەرکی جێبەجێکردنی یاساکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی.**

• **گێرەشێوێنی ـ ئانارشیزم** Anarchism **تیورییەکی سیاسیە, دژی هەموو فۆرمەکانی حکومەتە. گێرەشێوێنەکان باوەڕیان وایە ئەوپەڕی ئاواتی مرۆڤایەتی, ئازادی گوزارشت لە خۆکردنە, بێ ئەوەی بەرەوڕووی هیچ سەرکوتکردنێك یان کۆنترۆڵکردنێك ببنەوە. تەواوی هەوڵی ئانارشیستەکان بۆ تواندنەوەی هەموو شێوازەکانی حوکمە, بۆ ئەوەی تاکەکان بە ڕەهایی سەربەست بن. وەلێ لە دیوی فەلسەفییەوە, پییر جۆزیف پرۆدۆنی فەرەنسیی, بە باوکی ئەو سیستمە دادەنرێت کە پێی دەوترێت ئانارشیزمی فەلسەفیی. بە بڕوای ئەو ئەم چەشنە ئانارشیزمە, دەسەڵات لە کۆمەڵگا وەردەگرێتەوەو, لە جێگەی ئەو تاکایەتیی سەرپشك دەکات.**

• **پێرکلیس** Pericles (495? BC -429? BC) **سیاسەتمەدارێکی ئەسینایی بوو, کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مێژووی ئەسینا جێهێشتووە, بەرادەیەك ئەو سەردەمەی لە دەسەڵاتدا بووە, بە سەردەمی پێرکلیسی ناو دەبرێت. پێرکلیس کوڕی گزانتیپە، کە سەرکردەی سوپا بووەو دوو مامۆستا کاریگەرییان لەسەری هەبووە: دیمۆنی ئەسینایی, سۆفیستێکی شارەزای مۆزیك بووە, هەروەها ئەناکساگۆراسی فەیلەسوفی ئایۆنیی؟ بە درێژایی ژیانی پیاوێکی بەویقارو دووره پەرێز بووە لە ڕەشەخەڵك. پیاوێکی زمانپاراوی سەرڕاستی زرنگ و نیشتمانپەروەر بوو, هاوشارییەکان خۆشییان دەویست. سۆفۆکلیسی درامانوس و هیرۆدۆتی مێژوونوس و فیدیاسی پەیکەرتاش و پرۆتاگۆراسی سۆفیست, هاوڕێی نزیکی بوون. پێرکلیس ئەسیناییەکانی هاندەدا هەموویان بەشداریی فەرمانڕەوایی بکەن. کرێ و مووچەی داهێنا لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا. لە ماوەی سەرکردایەتییکردنی ئەم پیاوەدا ئەسینا بوو بەسێنتەرێکی گەورەی ئەدەب و هونەر. لە جەنگی پیلۆپۆنیشیاندا ـ ساڵی 431ی پێش زایین, پێرکلیس خەڵکی ئەسیناو دەوربەرەکەی لە دیوی ناوەوەی شوراکانی شاردا کۆکردەوە, بەمەش ڕێ بۆ دوژمنان خۆش بوو تا هەرێمەکانی دەرەوەی شار تاڵان بکەن. ساڵی دواتر نەهامەتییەکی گەورە بەسەر شاری قەرەباڵەغ و سیخناخی ئەسینادا هات, خەڵکی تووشی نەخۆشی و لەناو چوون بوون و ڕقیان لە پێرکلیس هەستا. سەرەنجام بە**

نابێت. بەڵام تەنانەت پێریکلێسیش، کە وەك سۆکرات دەڵێت وای لە خەڵك کرد "کێویتر" بن نەك نیکتر بن، بە باشترین سەرکردە لەقەڵەم نەدراوە (گۆرگیاس 516c).

ئەفلاتون ئارگیومێنت لەسەر ئەوە دەکات ئەگەر فەرمانڕەواییکردنی دەوڵەتێك پیشە بێت، یان راستر پیشەی دەوڵەتمەداریی بێت، ئەوا سیاسەت پێویستی بە فەرمانڕەوای شارەزا هەیە، ئەوانەش نابێت تەنها بە رێکەوت بێنە سەر تەخت، بەڵکو پێویستە بە وریایی هەڵببژێردرێن‌و ئامادە بکرێن‌و مەشقی تەواویان پێ بکرێت. بڕیاری سیاسی گونجاو پێویستی بە لێهاتوویی‌و کارامەیی چاك هەیە. سیاسەت پێویستی بە شارەزایی هەیە، لانیکەم لە فۆرمی خزمەتگوزاریی مەدەنی رۆژگاری ئێستاماندا. کەواتە پێویستە پسپۆڕەکان کێ بن و بۆچی؟ بۆچی ئەفلاتون لە کۆماردا بڕیار دەدات جڵەوی فەرمانڕەوایی بداتە دەستی فەیلەسوف؟

سەربارى ئەو ئایدیالیزمەی• ئەفلاتونی پێ ناسراوە، بەڵام لە رووی سیاسیەوە، کەسێکی ساویلکە نیە. ئەو شتەکان ئایدیارێژ ناکات، بەڵکو بە قووڵی لە مرۆڤ نائومێدە. زۆربەی خەڵکی خۆیان گەندەڵن، باوەڕ و بۆچوونی هەڵەیان فێرکراوە. ئەگەر ئەوانە بیانەوێت دادپەروەر بن‌و گوێڕایەڵی یاساکان بن، ئەوە تەنها لەبەر ئەوەیە کە توانای تاوانکردنیان نیەو لە سزادان دەترسن (کۆمار 359a). لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ بە سروشتی خۆی خراپەکار نیە. مرۆڤەکان بونەوەری کۆمەڵایەتین و ناتوانن بە تەنها بژین (369a-b). ژیانی ناو جڤات و ئاڵوگۆڕی بەرهەمی کارەکانیان بۆ ئەوان شتێکی سروشتییە، بۆیە ئەوانە توانای عەقڵانییەت و چاکییان تێدا هەیە. ئەفلاتون و دواتریش رۆسۆ پێیان وایە هەرئەوەندەی کۆمەڵگای سیاسی رێکخراو، ئیتر دەتوانرێت دەبێت بە سەرچاوەی بەها ئاکارییەکان. ریتمێکی سیاسی باش، پەروەردەو گەشەپێکردنی باش دەتوانن "سروشتی باش بهێننە بەرهەم، ئەو

---

تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات, لەسەر کار لایان بردو دادگاییان کرد, بەڵام دواتر گەڕاندیانەوە شوێنی خۆی و زۆری پێنەچوو, بەکارەساتێکی ناخۆش مرد.

• ئایدیالیزم Idealism لە فەلسەفەدا, تیورییەکی واقیع و زانینە کە رۆڵی بەرایی لە دروستکردنی جیهاندا دەداتە پاڵی هۆش یان عەقڵی نامادیی. ئایدیالیزم بە شێوەیەکی تەسکتر لە تویێی میتافیزیاوە بریتیە لەو تێڕوانینەی دەڵێت هەموو بابەتە فیزیاییەکان لە عەقڵەوە هاتوون و بێ ئەو هیچ بوونێکی سەربەخۆیان نیە. ئەم تێڕوانینە پێچەوانەی ماتریالیزمە, ئەمیان پێدادەگرێت لەسەر ئەوەی خودی هۆش لە رەگەزە فیزیاییەکانەوە هاتۆتە بەرهەم.

www.pertwk.com

سروشته باشانەی کە باش پەروەردە کراون، تەنانەت لە پێشینەکانی خۆشیان باشتر گەورە دەبن (424a)". بۆیە توخمەکانی تێڕوانینی ئایدیالیستان و لیبرالیستانەش بەرەو جیهان هەیەو باوەڕیشی بە پەروەردەو پێشکەوتن هەیە، هیواشی بە ئایندەیەکی باشتر خەیە. ئەگەر خەڵك فێری ئەوە بن ئەقڵانی بن و بزانن بەرژەوەندی راستەقینەیان لە هاریکارییەکی هارمۆنیدایە لەگەڵ یەکترییدا نەك شەڕو شۆڕو دووبەرەکی، ئەوا دەشێت چۆنێتی ژیانی مرۆۆ پێشبخرێت. وەلیٚ بە پێچەوانەی رۆسۆوە•، ئەفلاتون باشترین سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمارێکی دیموکراسیدا نابینێتەوە. لە ژیانی رۆژانەدا، (ڕا) بەسەر راستیدا زاڵ دەبێت، ژیانی خەڵك و ژیانی جڤاتەکان لە لایەنی چەند باوەڕێکی زاڵەوە پێکهاتوون. ئەگەر فەیلەسوفان ئەوان بن کە دەتوانن جیاوازی بکەن لە نێوانی بۆچوونە دروست و نادروستەکاندا، ئەوانەی حەزیان لە داناییەو چاکەی گشتیش هاندەریانە، لە کۆتاییشدا ئەگەر ئەوانە تەنها مامۆستای تیوریی نەبن، بەڵکو مامۆستای پیادەکردنیش بن، ئەوانەی دەتوانن نەخۆشییەکانی ناو کۆمەڵگاکانیان قەلاچۆ بکەن، ئەو کاتە پێویستە ئەوان، کە نوێنەری بە شێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردراویش نین، بکرێن بە سەرکردەو پەروەردیاری جڤاتی سیاسیی رابەری بەرەو ئامانجە گونجاوەکانی.

دەبێت ئەوانە کاریگەرییە مۆلەقکەرەکانی بۆچوونە هەڵەکانی ناو کۆمەڵگا هاوسەنگ بکەنەوە. ئایا فەیلەسوفان قابیلی گەندەڵبوون نین؟ لە شاری ئایدیاڵدا چەند کۆت و پێوەندێك هەن بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵبوون، تەنانەت لە نێوانی فەیلەسوفە چاکەخوازەکانیشدا. ئەوانە بۆیان نیە موڵکی تایبەتی یان ژیانی خێزانیی تایبەتیان هەبێت. گەرچی ئەوانە فەرمانڕەواشن، لە دەوڵەتەوە پاداشتێکی مامناوەندییان پێدەگات، لە هۆڵی نانخواردنی گشتیدا نان دەخۆن، ژن و منداڵی تایبەتیان نیە. بە بڕوای ئەفلاتون ئەو قەدەغەکارییانە پێویستن، چونکە ئەگەر فەرمانڕەوا فەیلەسوفەکان بۆیان هەبێت زەوی و زارو موڵك و سامان و ماڵو پارەی

---

• رۆسۆ, جان جاك *Rousseau, Jean Jacques (1712-1778)* فەیلەسوف و تیوریستی سیاسی نێوداری فەرەنسایە, نوسینەکانی بە یەکێك لە هۆیەکانی هەڵگیرسانی سۆڕشی فەرەنسە دادەنرێن. رۆسۆ نوێنەری باڵی چەپی لایەنگیرانی رۆشنگەریی فەرەنسییە.

تایبەتی خۆیانیان هەبێتت زۆری پێناچێت دەبن بە ئاغای شەڕەنگێزی دژ بە هاوشارییانی دیکە، نەك سەرکردەو هاوپەیمانی ئەوان (417a-b). ئیتر ئەو کاتەی فەیلەسوفەکان مۆزیك‌و مەشقی بەدەنی پشتگوێ دەخەن‌و دەست دەکەن بە کۆکردنەوەی سامان (547b)، شاری نمونەیی دەبێتە شاری بەدکاریی، دەبێت بە شەرەفسالاری (تیمۆکراسی)•.

بەدڵنیایی فەیلەسوفەکانی ئەفلاتون، کە پیاوانیش‌و ژنانیش دەگرێتەوە، ئەوانە نین کە ئیمڕۆ دەتوانین بە ئاسانی لە کۆلێژەکانی فەلسەفەدا بیاندۆزینەوە، یان ئەوانەی "خۆیان لە پەرستگایەك قاییم دەکەن (495a)". ئەوانە ئەسڵەن لەناو پرشنگدارترین و سەقامگیرترین و جوامێرترین منداڵەکاندا هەڵبژێردراون. ئینجا بە مەشقێکی پسپۆڕانەی درێژخایەندا تێدەپەڕن کە بە جومناستیك (وەرزشی بەدەنی)، مۆزیك، ماتماتیك دەستپێدەکات‌و بە دیالەکتیك‌و خزمەتی سەربازی‌و ئیدارەی براکتیکییانەی شار کۆتایی دێت. ئەوانە زانینێکی تیوریی زۆر بڵندیان هەیە، بە زانینی دادپەروەری، خانەدانی، چاکە، سودمەندیی، بەڵام نزمتر نین لەوانیتر لە مەسەلە پراکتیکییەکانیشدا (484d, 539e). لە قۆناغی کۆتایی پەروەردەیاندا، کە ئایدیای چاکە ڕۆشنی کردوونەتەوە، دەبن بەوانەی کە دەتوانن پشتەوەی یاردەی ئەزمونی ببینن‌و کار بە بەهای بڵندی وەك داد، جوانی، ڕاستی، میانڕۆیی بکەن (501b,517b). بەلای ئەوانەوە چاکی تەنها ئایدیایەکی تیوریی نیە، بەڵکو حاڵەتی کۆتایی هزری ئەوانە. ئەگەر ژیانی فەیلەسوف – فەرمانڕەواکان موڵکایەتی تایبەتی‌و خێزان‌و سامانی تێدا نەبێت، تەنانەت شکۆداریشی نەبێت، ئەگەر ژیانی هزریی خۆی ئەوەندە سەرنجڕاکێش‌و دڵگیر بێت، ئیتر ئەوانە بۆچی ڕازی دەبن فەرمانڕەوایی بکەن؟ وەڵامەکەی ئەفلاتون تا ڕادەیەك نەرێیانەیە. ژیانی فەلسەفی لەسەر بناغەی ئاسودەیی‌و چێژی قووڵی فێربوون دامەزراوە، لە فەرمانڕەواییکردنی دەوڵەت باشترو بەختەوەرانەترە (519d). هەرچۆنێك بێت بیرۆکە

---

• شەرەفسالاری، تیمۆکراسی Timocracy زاراوەیەکە لە زاراوەی *timokratia* ی یۆنانییەوە هاتووە، لە دووبەش پێکهاتووە: *time* بە مانای شەرەف، شکۆ، لەگەڵ *kratia* کە مانای فەرمانڕەوایی دەگەیەنێت. لە تێڕوانینی ئەفلاتوندا، دەوڵەتێکە بە پێی پرەنسیپەکانی شەرەفمەندی‌و شکۆداریی سەربازیی بەڕێوە دەچێت. بەڵام لای ئەرەستۆ دەوڵەتێکو تێیدا شەرەفی مەدەنی یان دەسەڵاتی سیاسی بە پێی موڵك و سامانی تاکەکان دابەشدەکرێت.

سەرەکییەکە ئەوە نیە هیچ چینێکی کۆمەلأیەتی ناو شار وا لێبکرێت براوە بێتو بەوەش بەختەوەر بێت، بەڵکو بریتیە لە "بلأوکردنەوەی شادی بەناو هەموو شاردا بەوەی وا لە هاوشارییەکان بکرێت لەگەڵ یەکتریدا لە هارمۆنیادا بن.. هەروەها بەوەی وایان لێبکرێت پێکەوە بەشدار بن لەو سوودانەدا کە هەر چینێك بە جیا دەیگەیەنێت بە جڤات" (519e). ئەفلاتون گریمانە دەکات ئەو شارەی تێیدا فەرمانڕەوا لە پێناوی ئارەزووی دەسکەوتی تایبەتیدا فەرمانڕەوایی ناکات، بەڵکو لانیکەم خواستێکی تایبەتی پاڵی پێوە دەنێت، ئەوا ئەو شارە بە باشترینو ئازادترین شێوە فەرمانڕەوایی دەکرێتو بەدوور دەبێت لە کێشمەکێشی مەدەنی(520d). فەیلەسوفان تەنها لەبەر ئەوە فەرمانڕەوایی ناکەن کە ئەوان بە باشترین شێوە بۆ فەرمانڕەواییکردن ئامادە کراون، بەڵکو لەبەر ئەوەش ئەگەر نەیکەن، شار باش بەڕێوە ناچێتو لەوانەشە دووچاری هەرەسی ئابووریی و دووبەرەکیی و شەڕی ناوخۆ ببێت. ئەوانە فەرمانڕەوایی دەکەن نەك لەبەر ئەوەی شتێکی خۆشە، بەڵکو لەبەر ئەوەی شتێکی پێویستە(347c-d). دەشێت چەند ناڕەزایی و گلەیی و گازاندەیەك لە فەرمانڕەوای فەیلەسوف بگیرێت. یەکەم، لەبەر قەدەغەکردنی موڵکایەتی تایبەتو خێزان، گەرچی زۆرجار ئەفلاتون تاوانبارکراوە بە تۆتالیتاریست•. بەلأم دیدی سیاسییانەی ئەفلاتون لە چەند روویەکی زۆر گرنگەوە لە دەوڵەتی تۆتالیتار جیاوازە. بەتایبەتی کە دواتر لە یاساکاندا روونی دەکاتەوە ئازادی یەکێکە لە بەها سەرەکییەکانی کۆمەڵگا (710d).

• تۆتالیتاریزم Totalitarianism زانستێکی سیاسی، سیستمێکی حکومەتو ئایدیۆلۆژیایەکە، تێیدا هەموو چالاکییە سیاسی، ئابوری، رۆشنبیریی، کەلتوریی، لەگەڵ چالاکییە رۆحییەکاندا، دەکەونە ژێر ئیختیاری سەرۆکەکانی ولأتەوە. کۆمەڵێك خەسڵەتی گرنگ تۆتالیتاریزم جیادەکەنەوە: چەشنە ئۆتۆکراسییەتێکی تایبەت بە سەدەی بیستەم. پێشتر لە شێوە دێرینەکانی رەهاییەت و پاشکۆیەتی و ستەمکارییەوە پوختە کراوە، لەفۆرمە دێرینەکانی ئۆتۆکراسییدا، خەڵکی بۆیان هەبوو بەشێوەیەکی سەربەخۆ بژینو کاربکەن، هەروەها خەسڵەتە سیاسییەکانی خۆیان پاراستبوو. بەلأم لە تۆتالیتاریزمی مۆدێرندا، ئەوا خەڵك بەتەواوەتی لە خەون و هیواو پێداویستییەکانیاندا، پشت بە پارتێکی سیاسیو سەرکردەکانیان دەبەستن. ئۆتۆکراسیزمی دێرین لە لایەنی پادشایەکەوە، یان هەر ئەدرێسێکی تری ئەریستۆکراسەوە بەڕێوە دەبرا، کە بە پێی پرەنسیپی مافی تایبەتی، وەك مافی یەزدانیی، ولأتی بەڕێوە دەبرد، بەلأم لە تۆتالیتاریزمی نوێدا ولأت لە لایەنی سەرکردەیەکەوە یان بەڕێوەبەرێکەوە بەڕێوە دەبرێت، کە راستەوخۆ کۆنترۆڵی پارتی سیاسی دەسەلأتداری کردووە.

هەندێك لە بەها بنەڕەتییەکانی تر ئەفلاتون دادپەروەری، هاوڕێیەتی، دانایی، ئازایەتی، میانڕۆیین، هەروەها دژی دووبەرەکی یان تیرۆرە کە دەشێت ئەمان خەسڵەتی دەوڵەتی تۆتاڵیتار بن. قەدەغەکارییەکانی بەسەر فەرمانڕەواکاندا دەسەپێنرێت نەك فەرمانڕەواییکراوەکان. دووهەم، دەتوانین ئارگیومێنت بکەین لەسەر ئەوەی دەشێت مەترسییەکی حاشاهەڵنەگر هەبێت لەو بانگەشەیەدا کە دەڵێت فەیلەسوف شارەزای فەرمانڕەواییکردنە. ڕەنگە تاکەکان وەها ئەندێشەی خۆیان بکەن کە باشترو لێوەشاوەتر بن بۆ فەرمانڕەواییکردنی وڵات، بەڵام لە ڕاستیدا لەوانەیە پەیوەندییان بە واقیعی سیاسییەوە نەبێتو بە هیچ جۆرێك سەرکردەی لێهاتوو نەبن. ئەگەر فەیلەسوفانی فەرمانڕەوا زانیاییەکی تەواویان دەربارەی شاری خۆیان نەبێت، ئەوا بێبەریی دەبن لەو بەهرە بنەڕەتییەی پێویستە بۆ ئەوەی فەرمانڕەواییەکەیان شەرعی بێت، واتە ئەوەی ئەوان تاکە کەس بن کە بزانن بە باشترین شێوە شار بەڕێوە ببەن. لە ڕاستیدا لە کۆتایی کتێبی حەوتەمی کۆماردا کە باس لە پەروەردەی فەیلەسوفان دەکرێت، سۆکرات دەڵێت:"بیرم چۆوە ئێمە یاری دەکەین، بۆیە بە توندی دوام (536b)"، وەك بڵێی ئاماژە بکات بۆ ئەوەی دەشێت ڕەخنە لە شێوازی فەرمانڕەوایی فەیلەسوفیش بگیرێت. وەك لە چەند شوێنێکی دیکەی دیالۆگەکەدا دەبینین، ئەفلاتون داهێنانە سیاسییەکەی مشتومڕی کراوە جێدەهێڵێت. هەرچۆنێك بێت، لە تێڕوانینی ئەفلاتوندا، فەرمانڕەوا فەیلەسوفەکان نفوزی خۆیان تەنها لە شارەزاییو زانینی خۆیانەوە وەرناگرن، بەڵکو لە خۆشەویستیشیانەوە بۆ شار وەك گشتو بێلایەنیو بەدادییان. نفوزی سیاسی ئەوان بە تەنها دەستڕۆیشتووییەکی عەقڵانییانە نیە، بەڵکو بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئاکارییشە، لە سەر بناغەی ڕەزامەندی ڕەعییەت دامەزراوە. ئەوان دادپەروەری بە گرنگترینو بنەڕەتیترین پرەنسیپ وەردەگرن (540e). تەنانەت ئەگەر چارەسەرێکی سیاسییانەی دیاریکراو لە کۆماردا بەکراوەیی مابێتەوە، ئەوەی زۆر مکومە بریتیە ئایدیایەکی بنەڕەتییە کە فەرمانڕەوایی فەیلەسوف دیاری دەکاتو دەشتوانرێت بریێتەوە بۆ سەر سۆڵۆن: ئایدیای دادو یەکسانی لەسەر بنەمای جیاوازیی وەك بناغەی دروستی سیستمی سیاسی.

لای ئەفلاتون, وەك چۆن لای سۆلۆنیش هەروابوو، حکومەت بۆ بەرژەوەندی هاولاتییانو هەموو چینە کۆمەلایەتییەکان هاتۆتە کایەوە، پێویستە حکومەت لە نێوانی بەرژەوەندییە بەگژ یەکداچووەکاندا نابژیوان بێت. ئەم هێزی ناوبژیوانییە لە شارە ئایدیاڵەکەی کۆماردا کە فەیلەسوف فەرمانڕەوایی دەکات، تاقیکراوەتەوە. فەیلەسوفان زامنی ئەو ریتمە سیاسییەن کە پەیوەندی دادپەروەرانەی نێوان تاکەکانو چینەکانی ناو شار رێکدەخاتو بەم وتەیە گوزارشتی لێدەکرێت: "هەر کەسە کاری خۆی بکاتو دەست نەبات بۆ ئەوەی هی خۆی نیە (433a-b)". ئەگەر دادپەروەری پەیوەندی هەبێت بە یەکسانییەوە، ئەوا بیرۆکەی یەکسانی، (لە راستیدا لە تێڕوانینی ئەفلاتوندا بیرۆکەکە دادپەروەرییە) بریتیە لە ئینسافو مامەڵەی یەکسانی هەموو هاوشارییەکان و گروپە کۆمەلایەتییەکان.

مەسەلەکە ئەوە نیە ئەفلاتون زانیبێتی دادپەروەری مانای یەکسانی بێت، بەڵکو بە نایەکسانێتییەوەیە، وەك کارل پۆپەر• بۆی چووە. لە شاری ئایدیاڵدا هەموو تاکەکانو گرووپە کۆمەلایەتییەکان دەرفەتی یەکسانیان پێدراوە بۆ ئەوەی کامەران بن، دوای کامەرانی بکەون، بەلام لەسەر حیسابی ئەوانیتر نا. کامەرانی تاکە تایبەتییەکانی خۆیان، هی گروپ و چیینەکان سنوردار کراوە بە پێویستی کامەرانی هەمووان. لای ئەفلاتون کامەرانی هەموو شار، یەکێتییەکی پەتی، یان کامەرانی زۆرترین ژمارە نیە، بەڵکو کامەرانی هەموو هاوشارییەکان لە هارمۆنیای ئاشتییانەو یەکێتی هاوکارانەی هەموو چینە کۆمەلایەتییە جیاجیاکانە. بە پێی پێناسەیەکی باوی دادپەروەری لە لایەنی سایمۆنیدێسەوە، لە کتێبی یەکەمدا،

---

• سێر کارل رایمۆند پۆپەر Popper, Sir Karl Raimund (1902-1994) فەیلەسوفێکی زانستی بەریتانییە لە نەمسا لە دایك بووە, بە تیورییەکەی دەربارەی میتۆدی زانستی و رەخنەگرتنی لە حەتمییەتی مێژوویی ناسراوە. لە ڤیننا لە دایك بووەو لە ساڵی 1928 دا پلەی دکتۆرای لە زانکۆی ڤییەننا وەرگرتووە. کاریگەریی لەسەر تێڕوانینەکانی بازنەی ڤییەننا هەبووە. لە ماوەی نێوان ساڵانی 1937 – 1945 داله زانکۆی کاونتەربری, نیوزیلاند و زانکۆی لەندەن وانەی وتۆتەوە. دیارترین کاری پۆپەر بریتیە لە لۆجیکی دۆزینەوەی زانستیی ـ 1934, تێیدا رەخنەی لەو تێڕوانینە باوە گرتووە کە دەڵێت زانست بەشێوەیەکی بنەڕەتیی بریتیە لە تێخوێندنەوەی سروشت. پێشنیاری پێوانەگەلی تیستکردن و رەتکردنەوەی کردووە لە شەرعییەتی زانستیدا. لە ساڵی 1945 دا کتێبی کۆمەڵگای کراوەی نوسی و داکۆکیی لە دیموکراسی کردو دژی تۆتالیتاریزمی تیورییە سیاسییەکانی ئەفلاتون و مارکس وەستایەوە.

پاشان له کتێبی چوارەمیشدا سەرلەنوێ راڤە دەکرێتەوە، "هەرکەسە کاری خۆی بکات" ئەوا هەر چینێکی کۆمەڵایەتی ئەرکو سوودی دیاریکراوی خۆی پێ دەسپێردرێت. فەرمانڕەوا فەیلەسوفەکان رێزو ئاسودەییەکی قووڵیان پێ دەبڕێت، بەڵام نە سامانو نە شکۆدارییان دەست ناکەوێت، چینی پاسەوانان کە چینی دووهەمی شارن، شکۆداریی سەربازییان هەیە، بەڵام سەروەتو سامانو ئاسودەییان نیە. ئینجا چینی بەرهەمهێنەران دێت، ئەمان کاڵاو کەلوپەل بۆ شار ئامادە دەکەن، پاسەوانان داکۆکی لە هەردوو چینەکەی تر دەکەن، فەیلەسوفان نیکیو چاکەکاریی دەچێنن و بێلایەنانە لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی هەموو هاوشارییەکاندا فەرمانڕەوایی دەکەن. ئەم سێ چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازە، هەموویان پێکەوە هەماهەنگی دەکەن لە پێکەوەنانی سەرمایەیەکی گشتیدا، کە بەهۆی شارەوە بەرژەوەندی هەمووان خزمەتی دەکرێت. بۆیە جیاوازیی کۆمەڵایەتیو ئابوریی بە دەسپێك لە یەکسانێتییەوە، دەبێتە هۆی قازاجی هەمووان لە هەموو پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆیە شتێکی پاساودراوی پەسەندە. لە نیگای ئەفلاتونییانەی کۆماردا، هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئەرکە دەگرنە ئەستۆ کە بۆی گونجاون و بەهۆی بەرژەوەندی سروشتییەوە لەناو یەك تاکە جڤاتدا یەکخراون. بەم مانایە، گەرچی هەمووان جیاوازن، بەڵام هەموویان هاوڕێی یەکترین.

### سیاسەت و رۆح

دەتوانین بڵێین تەواوی ئارگیومێنتی ناو کۆمار لە وەڵامی ئەو بانگەشەیەکدا هاتووە کە نکولی دەکات لەوەی دادپەروەری بەهایەکی گەردونی بەوجۆرە بێت کە لەسەر زاری تراسیماخۆسەوە هاتووە:"دادپەروەری هیچ شتێك نیە جگە لە بەرژەوەندی بەهێزتر". تراسیماخۆس رێژەیەتی ئاکاریی، نکولیکردنی لە هارۆمنیبوونی بەرژەوەندییەکان، لەگەڵ گرفتی دیکەشدا دەخاتە روو، ئەمەش تەحەداکردنێکی راستەقینەی ئەفلاتونە کە بەلای ئەوەوە دادپەروەری بە تەنها بیرۆکەیەکی رێژەیی نیە بە نسیبەتی ئەو یاسایانەوە کە پارت و لایەنە براوەکان دایانڕشتوون. لە یاساکانیشدا گوزارشتێکی هاوشێوە دیسان کراوەتەوە (714c)و وەکو مافی بەهێزترین، براوەی جەنگی سیاسی لێکدراوەتەوە (715a). بەم

لێكدانەوەیە نكولی لە ئاكارێتی كراوەو ماڤ فەرمانڕەواییكردن وەك لە دیالۆگی پیاوە میلییاییەكەی سیوسیدێسدا• هاتووە، یەكسانە بە تواناوە. ئەو بڕیارانەی ئێمە دەربارەی ئاكار و دادپەروەرێتی لە ئەفلاتونەوە وەریان دەگرین سەرپێی نین بەڵكو جەوهەرین (714b). وەڵامی پرسیاری ئەوەی چی راستەو چی هەڵەیە بۆی هەیە وەكو تاك و وەكو جڤاتیش ژیانمان دیاریی بكات. ئەگەر بتوانین ئارگیومێنتی ئەفلاتون دەربارەی دادپەروەری لە كۆماریش و یاساكانیشدا لە یەك رستەدا كورت بكەینەوە، ئەو رستەیە دەڵێت: "دادپەروەری نە ماڤ بەهێزترینەو نە لە بەرژەوەندی بەهێزترینیشدایە، بەڵكو ماڤ باشترینو بەرژەوەندی تەواوی كۆمەڵگایە". باشترین وەك لە كۆماردا روونكراوەتەوە، فەرمانڕەوا فەیلەسوفە پسپۆڕەكانن. ئەوانە داناو نیكن، دوورن لە دووبەرەكیو ئایدیای چاكەی گشتی رێنماییان دەكات، پێویستە لە بەرژەوەندی تەواوی جڤاتدا فەرمانڕەوایی بكەن، بۆ ئەوەی شار لەناوخۆیدا تووشی دووبەرەكیو گیروگرفت نەبێت، بەڵكو هاوڕێیەتی یەكی بخات (كۆمار 462a-b). پاشان لە یاساكاندا، هەرێمی تاكە چاكەكان بە هەرێمی باشترین یاساكان جێی دەگیرێتەوە، ئەوانەی یاساناسی لێزان و بەداد دایانناون (715c-d). لە سەراپای ئەم دیالۆگەدا پرەنسیپی سەرەكی ئەفلاتون ئەوەیە كە چاكەی كۆمەڵگا بریتیە لە

---

• سوسیدیدێس Thucydides (circa 460-c. 400 bc) مێژوونوسێكی یۆنانییە, بە كتێبی مێژووی جەنگی پیلۆپۆنیش ناسراوە, كە خۆی بەشداریی تێدا كردووە. ئەو كتێبە شۆرەتی یەكێك لە گەورەمێژوونوسانی جیهانی دێرینی پێداوە. شێوازە بابەتییەكەی لە نوسیندا, بووەتە جێگەی بایەخدانی مێژوونوسە یۆنانی – رۆمانەكان, وەك پۆلیبیۆس و كاسیۆس. سوسیدیدیس لە نزیكی ئەسینا لە دایك بووەو كوڕی یەكێك لە ئەریستۆكراتە ئەسینایییەكان بووە. لە ساڵی 431 ی پێش زاییندا, جەنگی پیلۆپۆنیشیان لە نێوانی ئەسیناو سپارتەدا هەڵگیرساو ئەم بە چەندان پیلان و نەخشەی كاریگەر بەشداریی كردووە. لە ساڵی 424 دا كرا بە یەكێك لەو ژەنراڵانەی كە سەركردایەتی كشانەوەی یۆنانییەكانیان كرد, لە كەنارەكانی تراخیا, بەڵام سەركەوتوو نەبوو لەوەی لە كاتی پێویستدا بگاتە جێ و بەرگری لە ئەمفیپۆلیس بكات, پێش گەیشتنی ئەوان براسیداسی ژەنراڵی سپارتەیی داگیری كردبوو. لەبەر ئەو سەرنەكەوتنە دوورخرایەوەو نزیكەی بیست ساڵ لە تاراوگە مایەوە. لە دەوروبەری 404 ی پێش زاییندا, لە تاراوگە هێنرایەوە. كتێبە گەورەكەی دەربارەی جەنگی پیلۆپۆنیشیان, باس لە سێ قۆناغی ئەو جەنگە دەكات: كێشەی نێوانی ئەسیناو سپارتە (431 بۆ 421), كە بە كێشەی نیكیاس كۆتایی دێت, واتە هەڵمەتی سیسلییەكان بۆ سەر ئەسینایییەكان (415 بۆ 413) و لە هەڵمەتەكەیاندا نوشوستییان هێنا, پاشان سەرلەنوێ هەڵگیرسانەوەی جەنگ لە نێوانی ئەسیناو سپارتەدا (413 بۆ 404). ئەم بەشەیان تەواو نەكراوەو لە ساڵی 411 دا ڕاوەستاوە.

یەکێتییەکی هارمۆنییانەی رەگەزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان، کە دوو بەهای سەرەکی دەخاتە روو: دانایی و ئازادی (710d). باشترین یاسا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هەموو بەشەکانی شار: دیموکراسییەکان، ئۆلیگارشییەکان، هەروەها ئەریستۆکراسەکان، هەموویان لە دەزگای سیاسیدا نوێنەرایەتی بکرێن: ئەنجومەنی گشتی، ئەنجومەنی هەڵبژێردراو، لەگەڵ ئەنجومەنی باڵادا، بەمەش هەموو چینێکی کۆمەڵایەتی دەتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات. وەلێ هێشتا دیموکراسیزمی گومانگەرا هەر هەست بە حەوانەوە ناکات لەگەڵ پێشنیارەکەی ئەفلاتوندا بۆ گەرەنتی ئەوەی ماف فەرمانڕەوایی کردن بدات بە باشترین، چ تاکەکان بن یاخود یاساکان، تەنانەت لەسەر بنەماکانی رەزامەندبوونێکی ناوەکیش بێت لە لایەنی فەرمانڕەواکراوانەوە. رەنگە ئەو گومانگەرایە باوەڕی وابێت کە هەموو نەرزەیەك دەتوانێت دەسەڵاتی خود ئاراستەکردن پیادە بکات، پێویستیشە دەرفەتی پێبدرێت تا ئەوە بکات. ئەو تاکە ئامادە دەبێت بۆ باجی هەڵەکانی خۆی بداتو بچێتە ژێر باری حاڵەتەکانی نائارامی مەدەنییەوە یان تەنانەت جەنگی سنوردارێش، نەك لە لایەنی کەسێکەوە فەرمانڕەوایی بکرێت کە لاف ئەوە لێدەدات دانایییەکی باڵای هەیە. کەواتە بۆچی دەبێت باشترین دەستوری ئەفلاتون لای دیموکراسی پەسەند بێت؟ بۆ ئەوەی بە تەواوی ئێڕوانینی سیاسییانەی ئەفلاتون روون بکەینەوە، پێویستە مانای "باشترین"زیاتر روون بکرێتەوە.

لە دیالۆگی کورتی ئەڵسابایدێسی یەکەمدا، کە ئیمڕۆ لێکۆڵینەوەی هەندێك لە لێکۆڵەرانو هزرمەندان بە دیالۆگێکی ئەسڵی دایانانێن، بۆیە، گەرچی شۆرەتێکی بەرینیشی هەیە لە نەریتی دێرینی ئەفلاتونیزمدا، سۆکرات لەگەڵ ئەڵسابایدێسدا دەدوێت. بابەتی دەمەتەقێکەیان سیاسیەتە. سیۆسیدێس لە"مێژووی جەنگی پیلۆپۆنیشدا" ئەڵسابایدێس• بە سەرکردەی ئەسینایییەکان دادەنێت و بە پیاوێکی زرنگو وریاو پایەبەرز لەقەڵەمی دەدات, کە بەرپرسی یەکەمە لە هەڵمەتەکەی

• ئەڵسابایدێس Alcibiades (450?-404? bc) سیاسەتمەدارو ژەنراڵێکی ئەسینایییە, کە هەلپەرستی و رەفتاری فریودەرانەی یەکێك بوون لە هۆیەکانی بەزینی ئەسینا لە جەنگی پیلۆپۆنیشدا (431 –404 پ.ن). دوای ئەوەی لەساڵی 447 دا باوکی دەمرێت, پێریکلیسی مامی بەخێوی دەکات, کە سیاسەتمەدارێکی دەرکەوتووی ئەسینا بوو.

ئەسینادا بۆ داگیرکردنی سیسیلی. لەکاتی ئاخاوتنەکەدا تەمەنی بیست ساڵان دەبێت. لە دیالۆگەکەدا، ئەڵسابایدیسی لاوی قۆزی خانەدان تازە خەریکە دەست دەداتە سیاسەتو بۆ یەکەمینجار دەچێتە ناو ئەنجومەنەوە (105a-b). نەخشەی ئەوەی داناوە باسی ئاشتیو جەنگ بۆ ئەسینايیەکان بکات, یاخود بابەتێکی دیکەی ئاوا گرنگ (107d). هیممەتی ئەم پیاوە زۆر نائاساییە. نایەوێت هەر ئەوەندە خۆی ماندوو بکات تا ببێت بە سەرکردەی ئەسینايیەکان، بەڵکو دەیەوێت فەرمانڕەوایی ئەورووپاش و ئاسیاش (105c). دواتر هەمان خەون دەبێت بە خەونی ئەسکەندەری گەورەش. بەهانەی ئەو بۆ فەرمانڕەواییکردن ئەوەیە کە باشترین کەسە. وەلیٚ لە ژێر زەبری لێپرسینەوەکەی سۆکراتدا, روون دەبێتەوە کە ئەڵسابایدیسی لاو نازانێت دادپەروەریو بەرژەوەندی چین، بگرە ناشزانێت چاکە چیەو خانەدانی چیە، هەر ئەوە دەزانێت کە لە رەشەخەڵکەوە فێری بووە (110d-e, 117a). تێڕوانینی ئەو بەرەو جیهان لەسەر تێڕوانینی تاقینەکراوە بۆ جیهان دامەزراوە. وەها دێتە پێشچاو کە خراپترین چەشنی تاکەکەسی نەزان بێت کە لاف ئەوە لێدەدات شتێك دەزانێت، بەڵام نایزانێت. ئەم نەزانییە لە سیاسەتدا هۆی هەڵەو خراپەکارییەکانە (118a). ئەوەی لە دیالۆگەکەدا باس دەکرێت، بریتیە لە دایکبوونی خانەدانانەو ئەدگاری جوان و تەنانەت زرنگیو دەسەڵاتیش، هەموویان بەسەریەکەوە بیٚ زانین بەس نین بۆ ئەوەی ببیت بە فەرمانڕەوا. ئەڵسابایدیسو بەشی زۆری خەڵکیش نەزانن (118b-c). لەگەڵ ئەوەشدا، سۆکرات بەڵێن دەدات بە ئەڵسابایدیس بەوەی رێنمایی بکات تا زاناو هەڵکەوتوو بێتو لەناو یۆنانەکاندا بناسرێت (124b-c). لە رەوتی ئاخاوتنەکەدا، دەردەکەوێت باشترین کەسە، ئەو کەسەیە کە زانینی راستەقینەی هەیە دەربارەی شتە سیاسییەکان، نەك بە تەنها راو بۆچوونی هەبێت دەربارەیان، هەروەها پێویستیشە ئەو کەسە خۆی خاوەنی رۆحێکی جوان بێت، لە نیکیدا کامڵ بێت. متمانەی سەروەتو سامانی جیهان تەنها بەو کەسانە دەکرێت کە "گرفتەکە دەگرنە ئەستۆی خۆیان" (128d)، چاو دەبڕنە ئەوەی یەزدانیو پرشنگدارە"(134d)، ئەوانەی شوێنی رۆحی باڵا دەکەون، یەزدان، کە باشترین ئاوێنەی ئەدگاری خۆیانە (133c) تێدەکۆشن تا دەتوانن رۆحیان جوانو

زەنگین بێت (123e,131d). باشترین حکومەت تەنها لەسەر بنەمای ڕۆحە جوان و باش پەروەردەکراوەکان دادەمەزرێنرێت.

ئەفلاتون لە چەند دیالۆگێکی کەمدا، لە نمونەی فایدۆن، کۆمار، فایدروس، تیماوس، هەروەها یاساکانیشدا، پێڕەوی خۆی لەمەڕ نەمری ڕۆح دەخاتە ڕوو. وەڵامی کۆتایی ئەو بۆ پرسیاری "من کێم؟" بریتی نیە لە "گیانەوەرێکی خۆپەرست" یان "جیاوازێکی سەربەخۆ" وەك لێکۆڵەرە ڕەفتارییەکانی سەدەی بیستەم بە شێوەیەکی زبرو نەکلۆك حەزدەکەن وا بڵێن، بەڵکو "ڕۆحێکی نەمرە، کە بەدکاری گەندەڵی دەکاتو نیکی خاوێنی دەکاتەوە، جەستە تەنها ئامڕازێکی ئەوە (129a-130c)". پێویستە زانینی شارەزایانەی سیاسی، پێویستە تەنها هەر زانین نەبێت دەربارەی شتەکانی دەرەوە، بەڵکو زانینی خودیش بێت. چونکە ئەو کەسەی نەزانە بەرامبەری خودی خۆی، ئەوا نەزانیش دەبێت بەرامبەری ئەوانیتریش‌و شتە سیاسییەکانیش، بۆیە هەرگیز نابێت بە سیاسەتمەدارێکی کارامە (133e). ئەوانەی نەزانن هەڵە دەکەن، لە نەهامەتییەکەوە دەچن بۆ نەهامەتییەکی تر (134a). مێژوو دەبێت بە مامۆستایەکی سەرسەخت‌و دژواری ئەوانە، بەڵام مادام ئەوانە خۆیان ناناسن‌و مومارەسەی نیکی ناکەن، ئەوا فێری هیچ نابن.

بێ بالابوون، بێ بوونی پێوەستێك لەگەڵ بوونی ڕەهادا، کە خوداوەندە، کە پێوانەی ڕاستەقینەی هەموو شتەکانە، مەحاڵە کۆمەڵگا چاکەکەی ئەفلاتون بێتە دی. هەروەها مەحاڵیشە بێ تێڕامانی فەلسەفییانەی بەردەوام لەوەی ئایا ئێمە بەراستی چین. بۆیە وەك لە یاساکاندا خراوەتە ڕوو، هەتا ئازادی ئاوێتەی دانایی نەکرێت، کە بریتیە لەوپەڕی ناسینی خود، ئەوا دیموکراسی فۆرمێکی باشی حکومەت نابێت. دیموکراسییەکی تاقینەکراوەی چاودێرییینەکراو، کە مۆرکی خراپەکاریی‌و لە گرێژەنە دەرچوونی پێوە بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی خودانەناس‌و بێدین بن، وایان لێدەکاتەوە خودی ڕاستەقینەی خۆیانیان بیربچێتەوە، ئەمە لەپلەی دووهەمی زنجیرەی خراپترین ڕژێمەکاندایە کە دوای ئەو ستەمکارییە دێت کە یەك تاکی خراپەکار فەرمانڕەوایەتی دەکات. ئەمە مانای ئەوە نیە ئەفلاتون پشتیوانی لە حکومەتێکی ئاینی دەکات کە لەسەر بناغەی دینداریییەکی بێ ڕەگ‌و ڕیشەی ڕووکەشی‌و ڕیاکارییەکی ئاینی دامەزرابێت. هیچ

بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نیە تا بڵێین ئاوا بیری کردۆتەوە. ئازادی ئاخاوتن، هەبوونی راو بۆچوون‌و گوزارشتلێکردنیان، ئەمانە هەموویان بەهای راستەقینەن لای ئەو، ئینجا سەرباری هەمووشیان دانایی، هەموو ئەمانە لە حکومەتی ئاینیدا قەدەغەن. ئەوە پێویستی بنەڕەتی فەلسەفەیە. لە دینداریی هاکەزاییشدا، وەك چۆن لە بێباوەڕییشدا وایە، هیچ زانینێك بەرامبەری خود نیەو بە تەواوەتی بەرامبەری نەزانن. ئەفلاتون لە کتێبی دووهەمی کۆماردا رەخنە لە باوەڕە ئاینییەکانی ئەسینایییەکان دەگرێت (377d-383c). هەوڵ دەدات پیشانی بدات کە خوداوەند بوونێکی کاملە، پوختەترین‌و درەخشانترینەو هەمیشە هەر یەك شتە، نەمرەو دروستە، ئێمە دەنواڕینە ئەو تا خۆمان بناسین و خاوێن و نیك ببین (585b). خودا، نەك مرۆڤەکان، بریتیە لە پێوانەی سیستمی سیاسی (یاساکان 716c).

## دەسکەوتەکانی ئەفلاتون

دەشێت لە سەرەتادا گەورەترین دەسکەوتی ئەفلاتون لەوەدا ببینین کە، بە دژایەتیکردنی سۆفیستەکان، ویستوویەتی ئەسینا رابچڵەکێنێت‌و بیلەرزێنێت، ئەو ئەسینایەی باوەڕی بە ئاینی دێرینی خۆی نەماوە، داب و نەریت‌و کەلەپوری خۆی پشتگوێ خستووە. مەبەستیشی لەمە ئەوە بووە کە دەشێت تەندروستی شارو ژیارەکە چاك بکرێتەوە: گێڕانەوەی ریتم لە خەڵکیش و لە شاریشدا.

باشترین‌و دروستترین سیستمی سیاسی دەبێتە هۆی یەکێتی کۆمەڵگاو بەشەکانی شار وا لێدەکات دوای کامەرانی بکەون، بەڵام لەسەر حیسابی ئەوانیتر نا. لە کۆماردا خەسڵەتەکانی کۆمەڵگایەکی سیاسی چاك، کۆمەڵگایەکی وەها کە بەشی زۆری خەڵك بڵێن "هی خۆمانە (462c)"، وەسفکراوەو چوار نیکی بۆ دیاریکراوە: دادپەروەری، دانایی، میانڕۆیی، جوامێری. دادپەروەری بریتیە لە یەکسانێتی یان ئینساف کە زامنی مافەکانی هەموو گروپێکی کۆمەڵایەتی بکات‌و جەختیش لەوە بکات کە "هەمووان کاری خۆیان بکەن (433a)". سێ نیکییەکەی دیکەش وەسفی توانست و نیهادی گروپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان دەکەن. دانایی، کە دەشێت وەسفی بکەین بە زانینی گشت، بە زانینی خودو ژیریی سیاسی، بریتیە لە توانستی سەرکردایەتی (428e-429a). جوامێریی تەنها ئازایەتی سەربازییانە

نیە، بەڵکو زیاتر لەسەرەتادا ئازایەتی مەدەنییە: توانای پاراستنی یاساو ڕێسا دروستەکان، داکۆکیکردن لە بەهاکانی هاوڕێیەتیو ئازادی کە کۆمەڵگای چاك دایاندەمەزرێنێت. ئەمە لە ئەسڵا چەشنی پاسەوانەکانە (430b). لە کۆتاییدا میانڕۆیی، بە مانای ئەو سنورکارییانەی دەبنە هۆی ئەوەی ئاشتیو کامەرانی بۆ هەمووان دابین بکەن، ئەمەشیان چەشنی چینە کۆمەڵایەتییەکانە. گوزارشت لە ڕەزامەندی ئاڵوگۆڕا نێوان فەرمانڕەواییکراوانو فەرمانڕەوایان لەوەی کێ فەرمانڕەوایی بکات (431d-432a). ئەم چوار نیکییەی کۆمەڵگای چاك، وەسفی ڕۆحی تاکی جوان پەروەردەکراویش دەکەن. بەشە ئەقڵییەکەی کە داناییە، پێویستە لەپاڵ پەروەردەکردنو ئامۆژگاریکردنی سودمەنددا، لایەنە سۆزییەکەشیان یان ڕۆحییەکەشیان لەبەرچاو بگیرێتو بە مۆزیكو ئاهەنگ پوحتە بکرێن، تا بتوانن کۆنترۆڵی لایەنی ئیرادەو ئارەزوو بکەن (442a). پێویستە ڕۆح لە ژێر سەرکردایەتی هۆشدا خۆی لە چاوچنۆکیو چڵێسیو خەوشە خەتەرناکەکانی دیکە ئازاد بکاتو خۆی بەرەو یەزدانیی ئاڕاستە بکات. بەلای ئەفلاتونەوە ڕزگارکردنی ڕۆح لە خراپە بریتیە لەوپەڕی ئەرکی مرۆڤ لەسەر زەوی. کەس ناتوانێت بەدکاریش بێتو کامەرانیش بێت (480a-c). تەنها تاکێکی ڕۆح ئازاد، کە خاوەنی ڕۆحێکی جوانو باش پەروەردەکراوە، دەتوانێت کامەرانی ڕاستەقینە بەدەست بهێنێت. ئەو وڵاتەی بە پێی پرەنسیپەکانی نیکی دەتوانێت بڵێت من باشترین سیستمی حوکمڕانیم هەیە، وڵاتێکی تەندروستە.

ڕەنگە خوێنەری مۆدێرن وابزانێت ڕەخنەکانی ئەفلاتون لەمەڕ دیموکراسی بەسەر دیموکراسیی لیبراڵی ئیمڕۆدا پیادە نابن. دیموکراسییە لیبراڵەکان تەنها لەسەر ڕەچاوکردنی ئازادیو یەکسانی دانەمەزراون، بەڵکو چەندان ڕەگەزی دیکەشیان تێدایە، وەك سەروەریی یاسا، سیستمی فرە ڕێکخراوەیی، هەڵبژاردنی خولییانە، خزمەتگوزاریی مەدەنی پسپۆڕانە. ئیمڕۆ دیموکراسیزمی خۆراوایی کە بە پێی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ڕێکخراوە، زیاتر لە وێنەیەکی چاککراوی حکومەتی تێکەڵ دەچێت، لەگەڵ پلەیەکی میانڕۆییو شایستەییدا، لەچاو دیموکراسییە ناسەقامگیرو بێ چاودێرییەکەی ئەسینای سەدەی چوارەمی پێش کاتی مۆدێرن، کە تێیدا هەموو کارمەندە حکومییەکان ڕاستەوخۆ بە پێی

میزاجی هەمیشە گۆڕاوی خەڵکییەوە دیاری دەکران. لەگەڵ ئەوەشدا لەبارترین شت لە فەلسەفە سیاسییەکەی ئەفلاتوندا ئاڕاستە ئاکاریی و ڕۆحییەکانی ژیانی سیاسیمان دەهێنێتەوە یاد. ئەو باوەڕی وایە نیکی شادەماری هەموو کۆمەڵگایەکە.

ئەسینایییەکان بەوپەڕی هیممەتەوە، وەك خەڵکی ئەلانتێسی ئەفسانەیی کە لە دایالۆگی کریتیاسدا باس کراون، دووچاری "ئافەتی تەماعکاریی و شانازیی دەسەلات ببوون (121b)". وەك ئەڵسابایدێسی مەست لە سیمپۆزیەمدا، ئەوەی کە "زێڕی دەگۆڕییەوە بە برۆنز"و بەوەش سەلماندی کە لە فێرکردنە سۆکراتییەکان تێنەگەیشتووە، ئەوانیش "روکەشی دەرەوەی جوانی" یان هەڵبژارد، ئەدگاری بریقەداری دەسەلات و سامانی مادی، لەبری ئەوەی "شتە راستەقینەکە" هەڵبگرنەوە، واتە کەماڵ (سیمپۆزیەم 218e). ئیتر ئەوان بە شێوەیەکی بەرچاو کەوتنە هەڵەوە، چونکە نازدارترین شکۆفەی گرانبەهایان لەدەست دەدا، بەڵام ئەوانەی کە ناتوانن ژیانی کامەرانی راستەقینە ببینن، ئەوانە بە رووکەش زیباو خۆشبەختن (کریتیاس 121b). ئەوانە رۆحە نیکەکانی خۆیانیان دەدۆڕاند، کە بەهۆی ئەوەوە شایستەی ئەوە بوون وەکو نەتەوەیەکی مەزن بناسرێنەوە. خۆپەرستی و چاوچنۆکی و هەڵپەکردن دایانگرتبوونەوە، بۆیە چەمکی سیستمی نیکیان بەهەدەردا. خێرخواهی و ئارەزووی چاکەکردنیان رەوییەوە. ئەفلاتون دەڵێت "مرۆڤ و شار وەکو یەك وان (کۆمار 577d)". مرۆڤ بە بێ رۆح پووچە. شارانی بێ نیکی گەندەڵن. رەنگە ئەوانەی ناتوانن بە روونی ببینن، شکۆدارو سەرکەوتوو دیار بن، بەڵام ئەو بریقەیە تەنها رووکاری دەرەوەیە. ئەفلاتون دەڵێت، تێڕامان لە جیهانی سیاسی دەرەوە بە روونی و جوانی، درککردنە بەوەی پەنهانەو بەرچاو نیە، واتە رۆح. دەڵێت پێویستە مرۆ خۆی بناسێت، مرۆڤەکان رۆحگەلێکی سەربەخۆی جیاوازی نەمرن. بە زۆریی خۆپەرستن، بەڵام ئەو رەگەزە یەزدانییانەی تێیاندا هەیە وایان لێدەکات زیاتر بن لەوەی تەنها ئاژەڵ بن. هاوڕێیەتی، ئازادی، دادپەروەری، دانایی، جوامێری، میانڕۆیی کلیلی پێناسەکردنی کۆمەڵگای چاکن کە لەسەر بنەمای نیکی دامەزراوە، پێویستە لە گوناهەو خراپەو شەڕو شۆڕو تاقمچێتی بەدووربێت و بەدوور بگیرێت. بۆ چێژوەرگرتن لە کامەرانی راستەقینە، پێویستە مرۆڤ نیك بێت و خودای لەبیر بێت، خوداش بوونی رەهایە. دەتوانین بەرهەمی

ئەفلاتون وەك فەیلەسوفێکی سیاسی لەوەدا ببینین کە پێی وایە دەشێت بونیادێکی زانین هەبێت بەهۆیەوە چارەسەرکردنی گیروگرفتە سیاسییەکان شیاو بێت، چونکە دووبەرەکی و گەندەڵبوونی ئاکار، لەتوانایاندا هەیە هەرەس بە شار بهێنن. پێڕەوی هارمۆنیای نێوانی بەرژەوەندییەکانو بە ئینسافی وەکو بنەماکانی باشترین سیستمی سیاسی، دەستوری ئاوێتە، سەروەریی یاسا، جیاکاریی نێوانی فۆرمە چاكو خراپەکانی حکومەت، دانایی پراکتیکیو سەرکردەی لە جۆری باشو لێهاتوو، لەگەڵ گرنگی نیکبوونو هەوڵدان بەرەو بەرزی بردنی سیاسەت, ئەمانە ئەو ئایدیا سیاسییانەن کە دەتوانین بە دروستی بیانگەڕێنینەوە بۆ ئەفلاتون. ئەو بیرۆکانە کاریگەریی زۆریان هەبووە لەسەر بیریارە سیاسییەکانی دوای خۆی.

www.pertwk.com

# ئەفلاتون و دایالۆگەکانی

ریچارد کراوت

www.pertwk.com

ئەفلاتون بە هەموو پێوانەیەك یەكێكە لە هەرە پرشنگدارترین نوسەرەكانی هزری خۆراوایی‌و یەكێكیشە لە هەرە كاریگەرترینیان، بە هەژمونترین نوسەریشە لە مێژووی فەلسەفەدا. هاوشارییەكی ئەسینایی بووەو پایەی كۆمەڵایەتی بەرز بووە، لە كارەكانی خۆیدا كارامەیی‌و شارەزایی خۆی لە روداوە سیاسییەكان‌و جوڵانەوە هزرییەكانی سەردەمی خۆی پیشان دەدات، بەڵام ئەو پرسیارانەی ئەو بەرزیان دەكاتەوە زۆر قووڵن‌و ئەو ستراتیژانەی ئەو بەكاریان دەهێنێت بۆ مشتوماڵكردنی ئەو پرسیارانە ئەوەندە پێشنیاریی‌و مژدەبەخشن كە خوێنەرە رۆشنبیرەكانی نزیكەی هەموو سەردەمەكان بە رێگایەك لە رێگاكان كەوتونەتە ژێر كاریگەریی ئەفلاتونەوە، بگرە لە هەموو چاخێكدا، كۆمەڵێك فەیلەسوف هەبوون لە چەند روویەكی گرنگەوە خۆیان بە ئەفلاتونی لەقەڵەمداوە. ئەفلاتون یەكەمین بیریار یان نوسەر نیە كە پێویست بكات وشەی فەیلەسوف بدەینە پاڵی. بەڵام ئەو زۆر خودئاگایانە زانیویەتی كە دەبێت چۆن چۆنی دەست ببەین بۆ فەلسەفە، هەروەها ئامانج‌و ئارەزووەكانیشی چین، ئەو شەپۆلە هزرییەكانی وەرچەرخاندو خۆی جڵەویانی گرتە دەست‌و بابەتی فەلسەفەی گۆڕی بۆ لێكۆڵینەوەو تاقیكردنەوەی سیستماتیكییانەی مەسەلە ئێتیكی، سیاسی, میتافیزیی، ئەپستمۆلۆژییەكان، بە خۆی‌و میتۆدێكی تایبەتییەوە لێنان وردبۆوە "دەشێت بە داهێنانی خۆی لەقەڵەم بدرێت". لە مێژووی فەلسەفەدا كەم كەسی دیكە دەتوانن لێی نزیك ببنەوەو شان بدەن لە شانی: لەوانەیە تەنها كەسانی وەك ئەرەستۆ (كە لای خۆی خوێندوویەتی)، ئەكوینی•، كانت•، بە هاوشان و هاوپلەی ئەو دابنرێن.

---

• سانت تۆماسی ئەكوینی *Aquinas, Saint Thomas (1225-1274)* هەندێكجار بە ناوی دكتۆری ئینگلیزیی یان میری تۆزەرانەوە بانگ كراوە. لە رۆكاسیكای ئیتالیا لە دایك بووە. لە ماوەی نێوان سالآنی 1268 ـ 1272 لە پاریس وانەی وتۆتەوە. كارەكانی كاریگەرییەكی زۆریان لەسەر فەلسەفەی سكولاستی هەبووەو یەكێكیشە لە سەركردەكانی كەنیسەی رۆمان كاسۆلیك. لە دیارترین كارەكانی لێكدانەوەكانی بۆ كارەكانی ئەرەستۆ, " یەزدانگەرایی" كە مردن رێگەی نەدا تەواوی بكات, هەروەها "نیشانە فریشتەییانەكە", كە یەكێكە لە كارە هەرە كاریگەرەكانی لە سەدەی سیازدە, لەم كارەدا مەسەلەی پەیوەندیی نێوان ئایین و یەزدانگەرایی, ئیمان و عەقڵ دەخاتە روو. نوسینەكانی زنجیرە زتاری وشك و روون و بێ رووتوشن, بەڵگە لایەنگیرەكانی تێزەكەی و بەڵگە دژەكانی دەخاتە روو, پاشان دەكەوێتە هەڵوەشاندنەوەی بەهانەكانی دژەكانی. هەموو كارەكانی لەسەر دوو بنەما دامەزراون: ئاینی مەسیحی و فەلسەفەی ئەرەستۆ.

## 1. پێڕەوی سێنتەریی ئەفلاتون

زۆرکەس هزری ئەفلاتون دەدەنە پاڵی چەند پێڕەوێکی ناوەندی کە لە نوسینەکانیدا خراونەتە روو: ئەو جیهانەی بۆ هەستەکانمان دەردەکەوێت بە شێوەیەك لە شێوەکان فریودەرەو پڕە لە هەڵە، بەڵام جیهانێکی کامڵتر و راستەقینەتر هەیە، کە ئەو شتانەی لێیە کە پێیان دەوترێت (فۆرمەکان یان ئایدیاکان)، ئەوانە نەمرن، نەگۆڕن، بە مانایەك لە ماناکان شێوەی بەهەشتییانەی بونیادو کاراکتەری جیهانن. لەناو گرنگترینی ئەو بابەتانەدا (وەك لەمەودوا وایان پێ دەڵێین، چونکە ئەوانە لەناو کاتو شوێندا نیشتەجێ نین) **چاکی، جوانی، یەکسانی، مەزنی، هاوشێوەیی، یەکێتی، بوون، چوونیەکی، جیاوازی، گۆڕان، نەگۆڕیی**. (زۆرجار ئەوانەی دەربارەی ئەفلاتون دەنوسن، ئەم زاراوانە، بە پیتی گەورە دەنوسن، بۆ ئەوەی سەرنج رابکێشن بەرەو حاڵەتە تایبەتییەکانیان، بەوەی فۆرمن یان ئایدیان). بنەڕەتیترین جیاکاریی لە فەلسەفەکەی ئەفلاتوندا، لە نێوانی ئەو هەموو بابەتە چاودێریکراوانەدایە کە وەك جوان (چاك، دادپەروەر، یەککگرتوو، یەکسان، گەورە) دەردەکەون، لەگەڵ ئەو بابەتانەی تێیاندا جوانییەکە (چاکی، دادپەروەری، یەکێتی) راستەقینەیان تێدایە، کە ئەوشتە جوانانەی (چاك، دادپەروەر، یەککگرتوو، یەکسان، گەورە)ن لەوانەوە ناوو خەسڵەتەکانی خۆیان

---

• ئەمانوێل کانت Kant, Immanuel (1724-1804) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، بەڕای زۆر لەبیریاران مەزنترین فەیلەسوفە لەسەردەمی مۆدێرندا. دەرچووی زانکۆی کینگسبورگەو فیزیاو ماتماتیکی خوێندووە، پاشان بۆ ماوەی پازدە ساڵ دەرسی وتۆتەوە. سەرەتا زانست و فیزیای دەوتەوە، پاشان وردە وردە وانەکانی فراوان کردەوەو، زوربەی لقەکانی فەلسەفەشی گرتەوە. لەمیانەی نوسین و وانەکانییەوە شۆرەتێکی باشی پەیدا کردووە، بەڵام هەتا ساڵی 1770 کورسی ئوستادێتیی لەزانکۆ بەدەست نەهێناوە، کە دەبێت بەپرۆفیسۆری لۆجیك و میتافیزیا، ماوەی بیستوحەوت ساڵی دواتر لەسەر وانەوتنەوەی ناو زانکۆ بەردەوام بووە. وانە نا - ئاینییەکانی کانت، کە زیاتر لەسەر عەقڵانییەت دامەزرابوون، نەك سروش یان وەحیی ئاینیی، تووشی چەند قەیرانێکیان کرد لەگەڵ حکومەتەکەی پروسیاداو، لەساڵی 1792دا، پادشا فرەدریکی دووەم فەرمانی پێدەکات کە نابێت دەربارەی بابەتە ئاینییەکان وانە بڵێتەوە یان بنوسێت. کانت بۆ ماوەی پێنج ساڵ گوێڕایەڵی ئەم فەرمانە دەبێت، دوای ئەوە پادشا دەمرێت، بۆیە دیسان تێهەڵدەچێتەوە. ساڵێك دوای خانەنشین بوونی ، واتە لەساڵی 1798دا، پوختەی بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ ئاین بەچاپ دەگەیەنێت.. لەساڵی 1781دا کتێبە رەخنەگرتن لەعەقڵی پەتی *Critique of Pure Reason* بەچاپ دەگەیەنێت، کە بەگرنگترین کتێبی ئەو دەژمێردرێت.

بەدەست دەهێنن. نزیکەی هەموو کارێکی سەرەکی ئەفلاتون، بە شێوەیەك لە شێوەکان پێوەستە بەم جیاکارییەوە یان پشتی پێدەبەستێت. زۆربەی ئەو کارانە بەرەنجامە ئێتیکی یان پراکتیکییەکانی ئەندێشەکردنی واقیع بەم رێگا ئاڵۆسکاوە نمایش دەکەن. دەبێت بەهاکانمان بە جیهانی مەزنتری فۆرمەکان لە سەنگ بدەین‌و لە جیهانی مادی قوتاریان بکەین. پێویستە دان بەوەدا بنێین کە رۆح شتێکی جیاوازە لە جەستە – هەر بۆیەشە بۆ کارابوونی خۆی پشت بو بوونی جەستە نابەستێت. ئەو کاتەی نەبەستراوەتەوە بە هیچ شتێکی ماددییەوە، دەتوانێت زۆر بە ئاسانی بگاتە جیهانی فۆرمەکان‌و لە سروشتیان حاڵی ببێت. لە چەند کارێکی کەمی ئەفلاتوندا، پێمان وتراوە هەمیشە رۆح کاتێك لە جەستە جیادەبێتەوە، توانای بیرهاتنەوەی ئەوەی دەبێت کە لە فۆرمەکانەوە وەری گرتووە (بە شێوەیەکی تایبەتی بڕوانە مینۆن)، هەروەها ئەو ژیانانەی ئێمە دەیانگوزەرێنین تا رادەیەك بریتین لە سزا یان پاداشتی ئەو کارانەی لە بوونێکی پێشووترماندا کردوومانە (بڕوانە لاپەڕەکانی کۆتایی کۆمار). بەڵام لە گەلێك نوسینی ئەفلاتوندا، پێ لەسەر ئەوە داگیراوە یان گریمانە کراوە کە فەیلەسوفە راستەقینەکان، ئەوانەی دەزانن چەند گرنگە کە یەك (ئەو تاقە شتەی کە چاکییە، یان نیکییە، یاخود ئازایەتییە) جیابکەنەوە لە فرە (ئەو هەموو شتە زۆرانەی پێیان دەوترێت چاك، نیك، ئازا)، ئەوا دەگەنە پایەیەك کە لە رووی ئێتیکییەوە بڵند دەبن بەسەر مرۆڤی ناڕۆشندا، هۆکەشی ئەو پلە بەرزەی تێڕوانینەکانیانە. بۆ تێگەیشتنی ئەوەی کام شتانە چاکن‌و بۆچی چاکن (هەروەها ئەگەر ئێمە بایەخ بەمجۆرە پرسیارانە نەدەین، چۆن دەتوانین چاك ببین؟) ئەوا پێویستە لە فۆرمی چاکە بکۆڵینەوە.

## 2. مەتەڵی ئەفلاتون

گەرچی ئەو پێشنیارانە زۆرجار لە لایەنی خوێنەرانی ئەفلاتونەوە کراون‌و بەشێکی زۆری کرۆکی فەلسەفەی ئەفلاتونیش پێکدەهێنن، بەڵام گەلێك لەوانەی زۆر پێی سەرسام بوون و زۆرێك لە خوێندکارە وریاکانیش ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە دەتوانرێت بەشێکی کەم لە نوسینەکانی ئەفلاتون وەك خەرمانێك پێشنیاری وشك‌و برینگسەیریان بکرێت. زۆرجار نوسینەکانی ئەفلاتون دەبنە مایەی نارەحەتی‌و

دۆشدامان، ئەویش بەهۆی ئەو پێڕەوانەوە کە پێشنیاریان دەکەن بۆ ئەوەی سەرنجمان رابکێشن. بۆ نمونە، هەندێجار فۆرمەکان وەکو گریمانە وەسفکراون (بۆ نمونە لە فایدۆندا). بەشێوەیەکی تایبەتی فۆرمی چاکە وەکو شتێکی تەژم وەسفکراوە کە سروشتی راستەقینەی سرك و لەدەست دەرچووبێت و بگرە هێشتاش نەزانرابێت (کۆمار). زۆرجار مەتەڵ دەخرێتە روو "بێ ئەوەی وەڵامی گونجاویان بدرێتەوە" دەربارەی چۆن دەتوانرێت فۆرمێك لە فۆرمەکان بناسین و باسیشیان بکەین بێ ئەوەی بکەوینە ناو ناکۆکییەوە (پارمنیدێس)، یان دەربارەی ئەوەی زانینی شتێك چیە (سیاتیتۆس) یان ناونانی شتێك (کراتیلۆس). کاتێك ئەفلاتون بەراورد دەکەین لەگەڵ چەند فەیلەسوفێکی دیکەدا کە زۆرجار لەگەڵ ئەواندا دەپۆلێنرێت (بۆ نمونە ئەرەستۆ و ئەکوینی و کانت) دەتوانین بڵێین ئەم زۆر داهێنەرترو سیستماتیکیترو فریودەرانەتریشەو لەوانیش بزێوترو گەمەبازترە. بۆیە بەهرەداریی ئەو وەکو نوسەرو وەکو ئەفرێنەری کاراکتەرە زۆر دیارەکان و داڕشتنە دراماتیکییەکەشی، وامان لێدەکەن کە بڵێین ئەو ئەو نوسەرە ئایدیالەیە کە پێویستە لێوەی دەسبکەین بە ناسینی فەلسەفە. خوێنەرانی ئەفلاتون سیستمێکی تۆکمەیان لەبەردەستدا نیە تا بە تەواوەتی لێی حاڵی بن و چیتر پێویستیان بە روونکردنەوەی زیاتر نەبێت، لەبری ئەوە زۆرجار ئەوەی لە ئەفلاتونەوە دەستمان دەکەوێت چەند ئایدیاو بیرۆکەیەکی سەرەکیین لەگەڵ زنجیرەیەك پێشنیارو گیروگرفتدا دەربارەی ئەوەی چۆن ئەو ئایدیایانە چۆن دەخرێنە بەرپرسیارو چۆن وەگەڕ دەخرێن. خوێنەرانی دیالۆگە ئەفلاتونییەکان کێشکراون بۆ ئەوەی خۆیان بیر بۆ خۆیان بکەنەوە دەربارەی ئەو مەسەلەیەی بەرزکراوەتەوە، ئەمە ئەگەر بیانەوێت فێری ئەوە بن کە دیالۆگەکە خۆی دەربارەیان چی دەڵێت. بۆیە زۆرێك لە کارەکانی ئەفلاتون مانایەکی بەهێز دەدەن بە خوێنەرانیان بەوەی فەلسەفە بابەتێکی تەواونەکراوە (لەوانەشە هەرگیز تەواو نەکرێت)، دەبێت ئەمانیش بەشداریی تێدا بکەن. هەموو کارەکانی ئەفلاتون بەشێوەیەك لە شێوەکان مەبەستیان لەوەیە کارێکی زیاتر بۆ خوێنەر جێبهێڵن، وەلێ لەناویاندا ئەمانە بە راشکاویی ئەم وتەیە بەسەریاندا دەچەسپێت: یوتیفرۆن، لاخیس، خارمیدێس, یوسیدێمۆس، سیاتیتۆس، پارمنیدێس.

www.pertwk.com

## 3. دیالۆگ.. شوێن.. کاراکتەر

خەسڵەتێکی دیکەش لە نوسینەکانی ئەفلاتوندا هەیە کە وای لێدەکات لەناو گەورە فەیلەسوفاندا بپۆلێنرێتو هەستی ئەوەمان لە لا دروست بکات وەك ئەدیبێکیش بۆی بڕوانین. نزیکەی هەموو ئەو شتانەی نوسیونی شێوەی دیالۆگیان هەیە (تەنها یەك ئاوارتەی بەرچاو هەیە: داکۆکی، کە ڕەنگە وتاری داکۆکیکردنی سۆکرات بێت، وشەی ئەپۆلۆجیای یۆنانی مانای "داکۆکی" دەگەیەنێت- لە ساڵی 399 دا بەشێوەیەکی یاسایی تۆمەت درایە پاڵی و بە گوناهباریش ناسێنرا بە تاوانی بێدینی. وەلێ تەنانەت لەوێشدا سۆکرات لە یەکێك لە ساتەکاندا دەبێت بە کاراکتەرێکی فەلسەفیو بە پرسیار میلیتۆسی• تۆمەتبارکەری دادەگرێتەوەو وەڵامی ئامادەبووانیش دەداتەوە. لەپاڵ ئەمەشدا ئەفلاتون سێزدە نامەی لێ جێماوە، بەڵام هەندێك لە لێکۆڵەران وەك نوسینی ڕەسەنی ئەقلاتون لە قەڵەمیان نادەن یان هەندێکیان بەهی ئەو دانانێن. زۆربەی ئەو نامانە دەرەنجامی سیاسەتکردنەکەیەتی لە سیراکیۆسا کە شارێکی قەرەباڵەغی یۆنانەو دەکەوێتە ناوچەی سێسیلییەوەو ستەمکاران فەرمانڕەواییان کردووە.

ئێمە لە تویێی ژانری ئەدەبی دراماوە ئاشناییمان لەگەڵ فۆرمی دیالۆگدا هەیە. بەڵام دیالۆگەکانی ئەفلاتون هەوڵ نادەن بە مەبەستی گێڕانەوەی چیرۆك جیهانێکی ئەندێشەیی بخوڵقێنن، وەك زۆرێك لە دراماکان وادەکەن، هەروەها جیهانێکی ئەفسانەییش نمایش ناکەن، وەك چۆن ئەسخیلیۆس[1] و سۆفۆکلێسو یۆرپیدێس

---

• میلیتۆسی تراژیدینوس لە دادگادا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی سۆکرات دەوەستێتەوە، زۆرێك لە تۆژەران پێیان وایە میلیتۆس داردەستی ئانیتۆسی سیاسەتمەدار بووە. بە پێی ئەو ئاماژانەی لە داکۆکیدا هەن، دەردەکەوێت میلیتۆس دوای ئەوەی سوێندی خواردووە ڕاستی بڵێت، دوو تۆمەتی سەرەکی ئاڕاستەی سۆکرات کردووە: باوەڕنەبوون بە خوداکانی شارو داهێنانی خودای تایبەتی بۆ خۆی، هەروەها گەندەڵکردنی لاوان. لە یوتیفرۆندا، لەسەر زاری سۆکراتەوە وەسفێکی میلیتۆس کراوە بەوەی لاوەو لووتێکی تیژی هەیەو قژی خاوەو درێژەو ڕدێنی بە ناڕێکی هاتووە، پێشتریش سۆکرات نەیناسیوە. دایۆژینێسی لایرتۆسی نوسیویەتی "دوای بە مەرگ سپاردنی سۆکرات" ئەسینایییەکان هەستیان بە خەم و پەژارەیەکی زۆر کردو لە داخانا میلیتۆسیان شاربەدەر کرد.

[1] **ئەسخیلیۆس** Aeschylus (525?-456 BC) درامانوسێکی یۆنانییە, یەکەمینی سێ شاعیرە تراجیدییەکەی ئەسینایە, کەدوانەکەی تر سۆفۆکلێس و یۆرپیدسن. ئەسخیلیۆس بەباوکی

گەورە تراژیدیکار وادەکەن. هەموو دایالۆگەکانی ئەفلاتونیش لە فۆرمی درامادا نین: لە زۆربەیاندا یەك تاکە قسەکەر ئەو روداوانە دەگێڕێتەوە کە خۆی بەشداریی تێدا کردوون. ئەوانە دەمەتەقێی فەلسەفییانەن، هەندێجار وشەی "دیبەیت" بۆیان زۆر گونجاوە، کە لە نێوانی گرووپێکی بچووکی قسەکەراندا روودەدات، کە دەتوانین زۆربەیان وەکو کەسێتی مێژوویی بناسینەوە، بە زۆرییش بە وەسفکردنی شوێنی ئاخاوتنەکان دەستپێدەکەن "سەردانێك بۆ بەندیخانە، بۆ ماڵی پیاوێکی دەوڵەمەند، ئاهەنگێکی مەی خواردنەوە، فێستیڤاڵێکی ئاینی، سەردانی وەرزشگا، پیاسەیەك لە دەرەوەی شورای شار، پیاسەیەکی درێژ لە رۆژێکی گەرمدا. کاراکتەرەکان وەکو گرووپێك وێنەیەکی روونی جیهانێکی کۆمەڵایەتییان دەنەخشاند، قسەو باسی نێوان قسەکەرەکان تێکەڵەیەکە لە گۆڕینەوەی هزرو ئاخاوتنی ئاساییش. هەرچۆنێك بێت, زۆرێك لە قسەکەرەکانی ناو دایالۆگەکانی ئەفلاتون خەڵکی دیار و دەرکەوتوو بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە ئەوەشی بۆ زیاد بکەین کە هەندێك لە قسەکەرەکان خەڵکی نەناسراو بوون‌و هیچ شتێکی ئەوتۆ دەربارەیان نەزانراوە. بۆ نمونە لە سۆفیست‌و سیاسەتمەداردا، میوانێك لە شاری ئیلیای باشوری ئیتالیاوە هاتووەو دەمەتەقێکان بەڕێوە دەبات. لە یاساکاندا، ئاخاوتنەکە لە نێوانی پیاوێکی ناو نەهێنراوی ئەسینایی‌و دوو کاراکتەری دیکەی ناسراو، یەکێکیان لە کریتەوەو ئەوەی تریشیان لە سپارتەوە هاتوون‌و قسە دەکەن. ئەفلاتون لە زۆربەی دایالۆگەکانیدا نەك هەر هەوڵ دەدات خوێنەر رابکێشێتە ناو ئاخاوتنەکانەوە، بەڵکو وەسفی ژینگەو بارودۆخەکانیش بە وردی دەکات، هەروەها رەخنە لە شێوازو چۆنێتی ژیانی تایبەتی قسەکەرەکانیشی دەگرێت. هەندێك لەو دایالۆگانەی کە ئەمەیان زۆر پێوە دیارە، پرۆتاگۆراس، گۆرگیاس، هیپیاسی گەورە، یوسیدیمۆس‌و سیمپۆزیەمن.

---

تراجیدیای یۆنان دادەنرێت. لە ئیلیوسیسی نزیکی ئەسینا لەدایك بووە. لەجەنگی ماراسۆندا دژی فارسەکان بەشداریی کردووە. دەڵێن نزیکەی نەوەد شانۆیی نوسیوە, بەڵام تەنیا حەوت دانەیان ماونەتەوە, ناونیشانی هەشتا دانەی تریشیان زانراوە.

### 4. سۆكرات

قسەكەرێك هەیە كە لە نزیكەی هەموو دیالۆگەكانی ئەفلاتوندا قسە دەكات، بەڵام بە تەواویی لە یاساكاندا بزرە، سەرچاوە دێرینەكان پێمان دەڵێن یاساكان یەكێكە لە كارەكانی كۆتایی تەمەنی ئەفلاتون. ئەو قسەكەرەش سۆكراتە. سۆكراتیش وەك زۆرینەی ئەو كەسانەی لە دیالۆگەكاندا دەردەكەون داهێنراوی ئەفلاتون نیە: سۆكراتێكی راستەقینە هەبووە. ئەفلاتون تاكە نوسەر نەبووە كە كاریگەرێتی كەسێتی سۆكرات وای لێكردووە وەك یەكێك لە كاراكتەرە دراماتیكییەكانی خۆی وێنای بكات. سۆكرات كاراكتەرێكی سەرەكی كۆمیدیای هەورەكانی ئەریستۆفانیشە. زینۆفۆنیش كە مێژوونوس و سەركردەیەكی سەربازیی بووە، ئەویش وەكو ئەوفلاتون تێكستێكی داكۆكی سۆكراتی تۆمار كردووە، هەروەها چەند كارێكی تریشی هەیە كە تێیاندا سۆكرات وەك قسەكەرێكی بنەڕەتی دەردەكەوێت. لەوەش زیاتر چەند بڕگەو پەرەگرافێكی پەرتو بڵاو ماونەتەوە كە هاوچەرخەكانی سۆكرات تۆماریان كردووە (ئەسخینیاس، ئەنتیسینێس، یولیدێس، فایدۆن) ، مانای ئەوەن سۆكرات لەگەڵ خەڵكیدا دەمەتەقێی كردووە. بۆیە، كاتێك ئەفلاتون ئەو دیالۆگانەی نووسی كە سۆكرات وەك قسەكەرێكی بنەڕەتی پیشان دەدەن، ئەوا لە لایەكەوە سەرسام بووە بە ژیانی سۆكراتو لە لایەكی تریشەوە بەشداریی كردووە لە دیبەیتێكی ئەدەبییانەی زیندوودا دەربارەی كەسێتی سۆكرات لەو مشتومڕە هزرییانەدا كە كردوونی. پۆرترێتە كۆمیدییەكەی ئەریستۆفان بۆ سۆكرات رەخنەیەكی گاڵتەجاڕانەشەو وەك فیگەرێكی هزرییانەی پێشەنگی سالآنی (420 ەكانی پێش زایین) سۆكرات پیشان دەدات.. ئێمە لە ئەفلاتونو زینۆفۆن و نوسەرەكانی تریشەوە (لە 390 ەكان و دواتریشدا) دەربارەی "گوتاری سۆكراتییانە" (ئەرەستۆ ئەم ناوەی لێناوە) نەزكێكی زۆر بەهادار وەردەگرین.

گومان لەوەدا نیە كە سۆكرات جۆرە كەسێتییەكی مێژوویی بووەو كاری كردۆتە ئەوانەی ناسیویانە، یان دەربارەی شتیان زانیوەو بووەتە هۆی كاردانەوەیەكی بەرچاو. بەڵام تەنها ئەو پۆرترێتانەی ئەریستۆفانو زینۆفۆنو ئەفلاتون كێشاویانە،

بیٚ نوقسانی ماونەتەوە، بۆیەشە ئەوانەن کە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دروستکردنی تێڕوانینی ئێمەدا لەمەڕ سۆکرات. بێشك هەورەکان کەمترین بەهای هەیە لە دیاریکردنی چۆنێتی میزاجی فەلسەفییانەی سۆکراتدا: خۆشی نەیویستووە کارێکی فەلسەفییانە بێت، لەگەڵ دەوەشدا چەند هێڵێکی ناوازەی کاراکتەری سۆکرات دەکێشێت، چونکە بەشی زۆری ئەم کارە بریتیە لە هێرشێکی توند بۆسەر شێوازێك لە فەیلەسوف کە: قژی درێژ کردۆتەوە، خۆی ناشوات، مشتومڕکەڕێکی نائاکارییانەیەو بە دیاردەیەکی تەژمو پەنهان، نەك وەسفی وردی سۆکرات خۆی بکات. وەسفکردنەکەی زینۆفۆن سەبارەت بە سۆکرات، گەرچی زیاتر بەرامەیەکی مێژوویانەی هەیە (دەشێت بەهاکەی لەمەدا بێت) بەڵام وردبینیو زرنگی فەلسەفییانەی تێدا نیەو وەك ئەوەی ئەفلاتون قووڵ نیە. هەرچۆنێك بێت، زینۆفۆن خۆی بە فەیلەسوفێکی دیار لە قەڵەم نادات، کاتێك کارە سۆکراتییەکانی ئەو دەخوێنینەوە، بەرەوڕووی ئەقڵێکی فەلسەفییانەی مەزن نابینەوە، بەڵام کە ئەفلاتون دەخوێنینەوە, هەست بەمە دەکەین. ئێمە دیالۆگە سۆکراتییەکانی ئەفلاتون دەخێنینەوە، چونکە (وەك ئەفلاتون خۆشی ویستوویەتی وا بین) گرنگی دەدەین بەوەی سۆکرات کیٚ بووەو چی ویستووە، بەڵام تەنانەت ئەگەر ئارەزوویەکی کەمیشمان هەبێت یان هەر نەمانبێت بۆ زانینی شتێك دەربارەی سۆکراتی مێژوویی، هەر دەمانەوێت ئەفلاتون بخوێنینەوە، بەکردنی ئەمەش رووبەڕووی نوسەرێك دەبینەوە کە سیمایەکی فەلسەفییانەی زۆر درەوشاوەی هەیە. گومان لەوەدا نیە کە ئەو بەشێوەیەك لە شێوەکان شێوازەکەی سۆکراتی خواستۆتەوە، بۆیە ئاسان نیە بتوانین هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوانی ئەوو مامۆستاکەیدا بکێشین (لە بەشی 12 دا زیاتر باس لەمە دەکەین). بەڵام هەمووان بەشێوەیەکی بەربڵاو کۆکن لەسەر ئەوەی ئەفلاتون بە تەنها نوسەرەوەی وشەکانی سۆکرات نیە (وەك چۆن زینۆفۆنو نوسەرە سۆکراتییەکانی تریش وا نین). نابێت بەکارهێنانی فیگەرێك کە ناوی سۆکراتە لەو هەموو دیالۆگەدا بەو مانایە وەربگیرێت کە ئەفلاتون تەنها ئەو وانانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە مامۆستاکەیەوە فێریان بووە.

### 5. ناڕاستەوخۆیی ئەفلاتوون

پێویستە ئەوەمان لە بیر بێت کە سۆکرات لە هەر هەموو کارەکانی ئەفلاتوندا دەرناکەوێت. لە یاساکاندا بوونی نیە، هەروەها لە چەند دایالۆگێکی دیکەی وەك (سۆفیست، سیاسەتمەدار، تیماوس) یشدا رۆڵێکی بچووك و لاوەکی هەیە، لەکاتێکدا هەندێك فیگەری دیکە باڵ دەکێشن بەسەر گفتوگۆکاندا، یان تەنانەت وەك لە تیماوس و کریتیاسدا دەیبینین، لە نێوانی خۆیاندا گوتاری درێژو درەوشاوەی خۆیان دەخەنە روو. دایالۆگەکانی ئەفلاتون فۆرمێکی ئەدەبییانەی چەقبەستوویان نیە، چونکە نەك تەنها هەر بابەتەکانی هەمەجۆرن، نەك هەر قسەکەرەکانی دەگۆڕێن، بەڵکو شێوازی پرسیارکردن و وڵامدانەوەی ناو دایالۆگێك هەرگیز لە هی دایالۆگێکی تر ناچێت. بۆ نمونە (سیمپۆزیەم زنجیرەیەك ئاخاوتنە، داکۆکی و مێنیکسینۆس و پرۆتاگۆراس و کریتۆن و فایدروس و تیماوس و کریتیاسیش ئاخاوتنی درێژیان تێدایە، بەڵام رەنگە یەکێك پرسیارێکی ماقووڵ بکات و بڵێت ئایا دەشێت ناوی دایالۆگ بۆ ئەم کارانە بەتەواویی دروست بێت). وەلیٚ سەرەڕای ئەمەش، ئەفلاتون بەردەوام فۆرمی دایالۆگ پێڕەو دەکات (زاراوەیەکی باوەو بەشی خۆشی ماقووڵی تێدایە، گەرچی پێشمان وانیە یەکێتییەکی نەگۆڕاو بگرێتەوە) بۆ مەبەستەکەشی دەگونجێت. شتێکی بەرچاوە کە بە درێژایی کارکردنی وەك نوسەر، هەرگیز خۆی نەداوە لەو شێوازە نوسینەی لە سەردەمی خۆیدا زۆر باو بووەو دواتریش بووە بە مۆدێلی ستانداردی نوسینی فەلسەفی: ئەفلاتون هەرگیز نەبوو بە نوسەری تێزی فەلسەفی، گەرچی نوسینی تێزەکانیش (بۆ نمونە دەربارەی رەوانبێژی، پزیشکی، ئەندازە) لەناو پێشینەکانی و هاوچەرخەکانیشیدا باو بووە. (نزیکترین ئاوارتەی بەردەستمان لەم ئەم گشتاندنە، نامەی حەوتەمە، پارچە نوسینێکی کورتەو تێیدا ئەفلاتون خۆی تەرخان دەکات بۆ چەند خاڵێکی فەلسەفی - لە هەمانکاتیشدا پێدادەگرێت لەسەر ئەوەی هیچ فەیلەسوفێك دەربارەی بابەتی لەوە قووڵتر نانوسێت. بەڵام وەك لەسەرەوە تێبینیکرا، مەسەلەی رەسەنایەتی نامەکانی ئەفلاتون گیروگازی زۆری تێدایە، هەرچۆنێك بێت، نوسەری نامەی حەوتەم، ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەری نوسینی کتێبی فەلسەفی. ئەفلاتون ئەمەی

نوسیبێت یان نا، ناتوانرێت بە تێزێکی فەلسەفی دابنرێت، نوسەرەکەشی نەیویستووە وا لەقەڵەم بدرێت). ئیتر لە هەموو نوسینەکانیدا، جگە لە نامەکان، ئەگەر هەرکامێکیان رەسەن بێت، هەرگیز راستەوخۆو بە دەنگی خۆی قسە بۆ بیستەرەکانی ناکات. راشکاوانە بدوێین، ئەو خۆی جەخت لە هیچ شتێکی ناو دایالۆگەکان ناکات، بەڵکو ئەوە هاوئاخاوتنەکانی ناو دایالۆگەکانێتی کە هەموو سەلماندن، گومانکردن، پرسیارکردن، ئارگیومێنتکردن.. هتد لەبری ئەو دەکەن. ئەو ویستبێتی هەرچییەك بە ئێمە بڵێت، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووە.

### 6. ئایا دەتوانین هزری ئەفلاتون بناسینەوە؟

ئەم خاسییەتەی کارەکانی ئەفلاتون پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێت دەربارەی ئەوەی دەبێت چۆن بخوێندرێنەوە، ئەمەش ناکۆکیو مشتومڕێکی زۆری دروست کردووە لە نێوانی ئەوانەدا کە لەو نوسینانەیان کۆڵیوەتەوە. مادام ئەو خۆی لە هیچ دایالۆگێکیدا جەخت لە هیچ شتێك ناکات، ئایا دەتوانین لەسەر زەمینەیەکی پتەو رابوەستینو پێڕەوێکی فەلسەفی بدەینە پاڵی ئەو (وەك موخالیفێك بە یەکێك لە کاراکتەرەکانی خۆی؟) ئایا ئەو خۆی هیچ بۆچوونێکی فەلسەفییانەی هەبووە، ئایا ئێمە دەتوانین ئەو بۆچوونانە بدۆزینەوەو بزانین کامانەن؟ ئایا ئێمە بۆمان هەیە باس لە فەلسەفەی ئەفلاتون بکەین؟ یان، ئەگەر هەندێك لە بۆچوونەکان بدەینە پاڵی ئەفلاتون خۆی، ئایا غەدر لەو رۆحە ناکەین کە دەبێت دایالۆگەکانی پێ بخوێندرێتەوە؟ ئایا مەبەستی ئەو لەوەی نەیویستووە وەکو نوسەری تێز رووبکاتە خوێنەرانی، بۆ ئەوە بووە هانی خوێنەرەکان نەدات تا بپرسن ئایا نوسەرەکە خۆی باوەڕی بە چییە، بەڵکو دنەیان بدات بایەخ بدەن بە دروستیو نادروستی ئەوەی کاراکتەرەکان دەیڵێن؟ ئایا ئەمەیە هۆی ئەوەی دایالۆگی نوسیوە؟ ئەگەر ئەمە هۆیەکە نەبێت، کەواتە مەبەستی چی بووە لەوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆتر روونەکاتە بیستەرەکانی؟

چەند پرسیارێکی گرنگی تریش هەن دەربارەی شێوەی تایبەتی دایالۆگەکانی، بۆ نمونە: بۆچی لە زۆربەیاندا سۆکرات رۆڵێکی ئەوەندە دیاری هەیە، هەروەها بۆچی لە هەندێکی تریاندا سۆکرات رۆڵێکی بچووکی هەیە یان هەر نیەتی؟

هەر ئەوەندەی ئەم پرسیارانە بەرزکرانەوەو درك بە قورسیو گرانیشیاندا کرا, ئیتر کێش دەبین بەرەو خوێندنەوەی کارەکانی ئەفلاتونو لێکۆڵینەوەشیان، بەڵام بە ستراتیژێکی زۆر ورياو گوماناوییەوە. نەك خۆمان ببەستینەوە بە گریمانەیەکی دیاریکراوەوە دەربارەی ئەوەی ئەو دەیەوێت بە خوێنەرانی بگەیەنێت، بەڵکو هەڵوێستێکی بێلایەنانە وەربگرین دەربارەی مەبەستەکانی، خۆمان سنوردار بکەین بەوەی تەنها دەربارەی ئەو بدوێین کە لە ڕێگای کەسێتییە شانۆییەکانیەوە وتراوە. بۆ نمونە ناتوانین بەهەڵەدا بچین ئەگەر تێبینی بکەین کە لە کۆماردا، سۆکرات ئارگیومێنت لەسەر ئەوە دەکات کە دادپەروەری ئەوەیە هەر بەشێکی دەرون کاری خۆی بکات. بەهەمان شێوە ئەوەش دروستە کە ئاماژە بکەین بۆ ئەوەی کە قسەکەرە بنەڕەتییەکانی تری ناو ئەو کارە، گلاوکۆن و ئەدیمانتۆس ئەو ئارگیومێنتە پەسەند دەکەن کە سۆکرات بۆ پێناسەکردنی دادپەروەری پێشکەشی دەکات. لەوانەیە پێویست نەکات زیاتر بڵێین - بۆ نمونە بڵێین ئەفلاتون رازییە لەسەر ئەوەی دەبێت چۆن پێناسەی دادپەروەری بکرێت، یان ئەفلاتون خۆشی ئەو ئارگیومێنتانەی پەسەندە کە سۆکرات بۆ پشتگیریکردنی ئەم پێناسەیە پێشکەشیان دەکات. هەروەها رەنگە ئێمە هەمان دەستبۆبردنی کزرگەراییانە• پەسەند بکەین کە لە هەموو کارەکانی ئەفلاتوندا هەیە. دواجار، ئەوە گرنگە بزانین کاتێك ئەوانەی نوسیوە چی بە مێشکیدا هاتووە – بۆمان دەربکەوێت ئایا ئەو خۆی ئەو ئایدیایانەی پەسەندە کە لەسەر زاری کاراکتەرەکانییەوە دەیانڵێت، ئایا ئەوانە "فەلسەفەکەی ئەفلاتون پێکدەهێنن؟" ئایا پێویست دەکات ئێمە کارەکانی ئەو بخوێنینەوە لەبەر ئەو بەها فەلسەفییەی هەیانە، نەك وەکو ئامرازێك تا بەکاری بهێنین بۆ ئەوەی بچینە ناو هزری نوسەرەکەیانەوە؟ ئێمە دەزانین کاراکتەرەکانی ئەفلاتون چی دەڵێن – جا ئایا ئەمە هەموو ئەوە نیە کە پێویستیمان پێیەتی، بۆ مەبەستی ئەوەی بەشێوەیەکی فەلسەفییانە دەست ببەین بۆ کارەکانی؟

---

• کزرگەرایی reductionism ەشیکردنەوەی شتێك بۆ چەند رەگەزێکی سادەتر یاخود بۆ سیستمێکی رێکوپێك, بەتایبەتی بەمەبەستی روونکردنەوەو تێگەیشتنی. واتە سادەکردنەوەی شتێکی ئاڵۆز. ئەم زاراوەیە لە بیری ئاینییشدا بەکاردێت بۆ ئەو تێڕوانینەی کە هەموو شتەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ یەك تاکە هۆی رەسەن, یان چەند هۆیەکی کەم.

www.pertwk.com

بەڵام راستی ئەوەی ئێمە دەزانین کە کاراکتەرەکانی چی دەڵێن پیشانمان نادات نوسەری ئەم کارانە هەوڵ دەدات چی بە خوێنەرانی بڵێت، هەر ئەوەندە تێدەگەین کە کاراکتەرەکانی وتوویانە. هەروەها نابێت ئەم راستییە حاشاهەڵنەگرەشمان بیربچێت: ئەوە ئەفلاتونە، نەك تەنها کەسێتییە دراماتیکیەکەی کە دەگاتە لای خوێنەرو هەوڵ دەدات بەهۆی کارە ئەدەبییەکانی خۆیەوە کاربکاتە سەر بۆچوونەکانی و کردەوەکانی. کاتێك پرسیار دەکەین ئارگیومێنتێك کە لە کارەکانی ئەفلاتوندا لە لایەنی کاراکتەرێکەوە هێنراوەتە پێشەوە، ئایا وەها بیخوێنینەوە کە هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئێمە بە دەرنجامەکەی قایل بکات، یان باشتر وایە وەها بیخوێنینەوە کە دەری دەخات ئەو قسەکەرە چەند گەمژەیە، ئێمە پرسیار دەکەین دەربارەی ئەوەی ئەفلاتون (نەك کاراکتەرەکانی) لە توێی ئەو نوسینانەوە کە دەیخاتە بەر سەرنجمان، دەیەوێت بەرەو کوێمان ببات و باوەڕ بەچی بکەین. ئێمە پێوستیمان بەوەیە کارەکە خۆی لێکبدەینەوە بۆ ئەوەی بۆمان دەربکەوێت کە ئەو یان ئەفلاتونی نوسەری چی دەڵێت. بە هەمانشێوە، چۆن باش لە وشەیەك تێبگەین وشەیەك کە چەند مانایەکی جیاجیای هەیە، پرسیار دەکەین ئەفلاتون ویستوویەتی لە توێی ئەو قسەکەرەوە کە ئەو وشەیەی بەکارهێناوە، دەیەوێت چیمان پیٚ بڵێت. نابێت گریمانەی ئەوە بکەین کە دەتوانین گەلێك بەهای فەلسەفی لە کارەکانی ئەفلاتونەوە هەڵبگۆزین، ئەمە ئەگەر گویٚ نەدەینە هیچ بیرۆکەیەك دەربارەی ئەوەی ئەو دەیەوێت ئێمە ئەو قسانەی لە قسەکەرانییەوە دەیبیستین، چۆنی بەکاربهێنین. بیرتیژیی و چەسپاویی هزری ئەفلاتونی، ئەوەی هاوئاخاوتنەکانی زرنگانە دەری دەبڕن دوو شتی لێك جویٚ نین، بەڵکو یەك کارن، ئەگەر ئێمە نەپرسین ئایا هاوگفتوگۆکانی مەبەستیان لەوەی دەیڵێن چیە، هەروەها دایالۆگەکەش خۆی دەیەوێت چی بخاتە روو ، ئەوا هیچ سوودێك لە خوێندنەوەی دایالۆگەکانی وەرناگرین.

لەوەش زیاتر، دایالۆگەکان چەند خەسڵەتێکیان هەیە، کە دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین ئەفلاتون وەك هۆکارێك بەکاری هێناون بۆ قایلکردنی خوێنەرەکانی بە چەند ئەگەرێکی دیاریکراو - بۆ نمونە، بەوەی چەندان فۆرم هەن، رۆح شتێکی مادیی نیە، زانین تەنها لە رێگای لێکۆڵینەوەی فۆرمەکانەوە بەدەست دەهێنرێت، وە

هەروەها. دواجار بۆچی ئەفلاتون گەلێك كاری وەهای نوسیوە كە تێیاندا یەك كاراكتەر باڵ دەكێشێت بەسەر ئاخاوتنەكاندا (بۆ نمونە: فایدۆن، سیمپۆزیەم، كۆمار، فایدروس، سیاتیتۆس، سۆفیست، سیاسەتمەدار، تیماوس، فیلیبۆس، یاساكان) ئەو كاراكتەرەش بە زۆریی (نەك هەموو جارێك) سۆكراتە، سەرەنجامیش قسەكەرەكانی تر قایل دەكات (ئەویش دوای ئەوەی لە سەرەتادا بەرگریی دەكەن) بەوەی بە پێی ئەو ئارگیومێنتانەی دەیكەن، چەند دەرەنجامێك پەسەند بكەن یان رەت بكەنەوە؟ تاقە رێگای شیاو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ئەوەیە بڵێین ئەفلاتون ئەو دیالۆگانەی وەها رێكخستووە ببن بە هۆكارگەلێك‌و بەهۆیانەوە بیستەرانی بهەژێنێت تا خۆیان كاردانەوەیان هەبێت‌و ئەو ئارگیومێنت‌و دەرەنجامانە پەسەند بكەن كە قسەكەری سەرەكی دەیانخاتە روو. (شتێكی بەرچاوە لە یاساكاندا قسەكەری بنەڕەتی – میوانێكی ناو نەهێنراوی ئەسینایی بۆ ئەوە دەچێت كە پێویستە یاساكان پێشەكییان هەبێت‌و لەو پێشەكییەدا بنەما فەلسەفییەكانیان دەربخرێت‌و هەتا ئەوپەڕی توانا روون بكرێنەوە. قسەكەرە باڵادەستەكەی ئەفلاتون بە درێژی بەهای فەرهەنگییانەی تێكستە نوسراوەكان روون دەكاتەوە. پێشەكییەكان دەتوانن هەموو هاوشارییەكان رۆشن بكەنەوەو فێریان بكەن، ئەفلاتونیش بە دڵنیایی پێی وابووە چەشنەكانی دیكەی تێكستی نوسراو، بۆ نمونە دیالۆگەكانی خۆی، ئەوانیش دەتوانن رۆڵێكی فەرهەنگییانە بگێڕن.

ئەمە مانای ئەوە نیە ئەفلاتون پێیوابووبێت خوێنەرەكانی بە سادەیی بە هۆی خوێندنەوەو لێكۆڵینەوەی كارەكانی ئەوەوە، ئیتر دانا دەبن. بە پێچەوانەوە، زیاتر واپێدەچێت ویستبێتی هەموو كارەكانی یاریدەدەر بن بۆ دەمەتەقێی فەلسەفییانە: لە یەكێك لە كارەكانیدا، سۆكرات خوێنەرانی ئاگادار دەكاتەوە لەوەی نابێت بە تەواویی پشت بە كتێبەكان ببەستن یاخود بە بەتەواویی بە دروست وەریان بگرن. سۆكرات دەڵێت، كتێبەكان باشترین هۆكارن بۆ بزواندنی یادەوەریی خوێنەران دەربارەی ئەو مشتومڕانەی كردوویانە (فایدروس 274e-276d). لەم دەمەتەقێكردنە رووبەڕووانەدا لەگەڵ كەسێكی زیرەكدا، هەڵوێست وەردەگیرێت، ئارگیومێنت دەكرێت، دەرەنجامیش بەدەستدەهێنرێت. لەم پەرەگرافەی فایدروسدا،

دەردەکەوێت نوسینەکانی ئەفلاتون لە پێناوی ئەو ئارگیومێنتانەدا نوسراون کە لە خۆیاندا هەڵیانگرتووە.

## 7. سۆکرات وەك قسەکەرێکی باڵادەست

ئەگەر وادابنێین ئەفلاتون لە زۆرێك لە کارەکانیدا هەوڵ دەدات وامان لێبکات ئەو دەرەنجامانە پەسەند بکەین کە هاوئاخاوتنە بنەڕەتییەکانی پێیان دەگەن (یاخود قایلمان بکات بە بەدرۆخستنەوەی دژەکانیان)، ئەوا دەتوانین بە ئاسانی ئەوە لێکبدەینەوە کە بۆچی لە زۆربەی دایالۆگەکانیدا سۆکراتی وەك قسەکەرێکی بە هەژموون وەرگرتووە. لەناو ئەو جەماوەردا کە ئەفلاتون بۆی نوسیون گەلێك لەوانە هەیە کە بە سۆکرات سەرسام بوون. ئەوانە هەر پێشوەخت ئامادە بوون بۆ ئەوەی وا بیربکەنەوە کەسێکی وەك سۆکرات خاوەنی هەموو زرنگیو زیرەکییە هزرییەکان بووەو کەسێکی ئاکاریی بووە لەناو مێژوودا (بە تایبەتی ئەفلاتون هەوڵو تەقەللایەکی زۆر دەدات تا ژیانێکی نزیك لە راستەقینە ببەخشێت بە سۆکراتەکەی خۆیو ئەو خەسڵەتانەی داوەتە پاڵی کە سۆکرات پێیان ناسرابوو. ئەو خەرمانەیەی دەوری کاراکتەری ئەو کەسەی داوە کە بەناوی سۆکراتەوە ناسراوە، دەبێتە هۆی ئەوەی وشەکانی لە دایالۆگەکاندا هێزێکی زۆر قایلکەرانەیان هەبێت. لەوەش زیاتر، رەنگە ئەفلاتون زۆر هەستی بە قەرزاری کردبێت بەرامبەری سۆکرات لە رووی زۆربەی تەکنیكو ئایدیا فەلسەفییەکانییەوە، ئەمەش هۆیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی رۆڵێکی بە هەژموونی بداتیٚ لە کارەکانیدا. (لە بەشی 12 زیاتر لەسەر ئەمە دەڕۆین).

بێگومان، گەلێك رێگای ئەندێشەکراوی تریش هەن بۆ روونکردنەوەی ئەوەی بۆچی ئەفلاتون سۆکراتی وەك قسەکەری بنەڕەتی بەکارهێناوە. بۆ نمونە، دەتوانین بڵێین ئەفلاتون هەوڵیداوە شۆرەتی سۆکراتی مێژوویی روون بکاتەوە، ئەویش بەوەی زنجیرەیەك کار بنوسێتو تێیاندا فیگەری سۆکرات بەکاربهێنێت بەو شێوەیەی دەتوانێت حەشامێکی ساویلکەی خۆشباوەڕ قایل بکات تا چەند دەرەنجامێکی پڕووپووچی فریودەرانە پەسەند بکەن. بەڵام هەر کەسێك کارەکانی ئەفلاتون بخوێنێتەوە، خێرا بۆی دەردەکەوێت ئەو بۆچوونە زۆر نابەجێیە. ئەفلاتون دەیتوانی خۆی چەند کارێك بنوسێتو تێیاندا روونی بکاتەوە کە ئارگیومێنتەکانی

سۆكرات بێكەڵكن‌و هاوئاخاوتنەكانیشی گەمژەن ئەگەر پەسەندیان بكەن. بەڵام لە چەندان كاری وەكو مینۆن‌و فایدۆن‌و كۆمارو فایدروسدا، گەلێك ئاماژە هەیە كە ئیشارەت بۆ ئاڕاستەی پێچەوانە دەكەن. هەروەها لە داكۆكیشدا سەرسامبوونی زۆری ئەفلاتون بە سۆكرات ئاشكرا دیارە. هەموو سەرگەرمی‌و تامەزرۆكردنێك بۆ خوێنەر ئامادەكراوە تا باوەڕ بەوە بهێنێت هۆی سەركەوتنی سۆكرات لە قایلكردنی هاوئاخاوتنەكانیدا (لەو جارانەدا كە سەركەوتوو بووە) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئارگیومێنتەكانی بەهێزن. بە گوزارشتێكی تر، خوێنەر لە لایەنی نوسەرەوە سەرپشككراوە بۆ پەسەندكردنی ئارگیومێنتەكان، ئەگەر بەشێوەیەكی یەكلاییكەرەوەش نەبێت ئەوا لانیكەم وەك ئەوەی زۆر كەمەندكێشن‌و شایستەی بایەخدانی وریاو زرنگانەن. كاتێك دایالۆگەكان بەم رێگایە لێكدەدەینەوە، ناتوانین لەو راستییە خۆمان بدزینەوە كە چووینەتە ناو هزری ئەفلاتونەوە، ئیتر بیری ئەو هەڵدەسنگێنین‌و ئەو ئارگیومێنتانە شەن‌و كەو دەكەین كە قسەكەرەكانی رووبەڕووی یەكترییان دەكەنەوە.

## 8. پێوەستی نێوانی دایالۆگەكان

هۆیەكی دیكەش هەیە بۆ سەرگەرمیمان بۆ گریمانەكردن دەربارەی مەبەست‌و باوەڕی ئەفلاتون، تەنها ئەوە نیە خۆمان ببەستینەوە بە وردبوونەوە لەوەی كاراكتەرەكانی چ جۆرە كەسانێكن‌و چی بە یەكتریی دەڵێن. كاتێك دەست دەدەینە لێكۆڵینەوەیەكی جدییانەی ئەفلاتون، لەوە تێبپەڕین كە تەنها یەكێك لە كارەكانی بخوێنینەوە، ئەوا بێشك رووبەڕووی پرسیاری ئەوە دەبینەوە كە چۆن ئەو كارەی ئێستا بە دەستمانەوەیە ببەستینەوە بە كارەكانی دیكەی ئەفلاتونەوە. پێویستە دان بەوەدا بنێین كە زۆربەی دایالۆگەكان سەرەتایەكی رەوانیان هەیە لە دیاریكردنی شوێن‌و قسەكەرەكانیشدا: بەشێوەیەكی تایبەتی، هەموو جارێك سۆكرات رووبەڕووی كۆمەڵێك مەردووم دەبێتەوە، زۆربەشیان جارێكی تر لە هیچ كارێكی دیكەی ئەفلاتوندا دەرناكەونەوە، بۆیە، وەكو نوسەرێك، پێوستی بەوەیە هەندێك زانیاریی دەربارەی كاراكتەرەكان‌و ژینگەی كۆمەڵایەتییان بدات بە خوێنەر. بەڵام زۆرجار هاوئاخاوتنەكانی ئەفلاتون قسەی وەها دەكەن كە ئەگەر خوێنەران كارێك

یان چەند کارێکی دیکەی ئەفلاتونیان نەخوێندبێتەوە، زەحمەتە لێی تێبگەن. بۆ نمونە، لە فایدۆندا (73a-b) سۆکرات دەڵێت یەکێك لە ئارگیومێنتەکانی نەمری رۆح لەو راستییەوە هاتووە کە کاتێك خەڵکی چەشنە پرسیارێك دەکەن، هەروەها هەندێك هێڵکاریی دەخرێتە بەردەستیان، بەجۆرێك وەڵام دەدەنەوە کە پیشانی دەدات ئەوانە راستەوخۆ لە هێڵکارییەکانەوە یاخود لەو زانیارییانەوە فێری نەبوون کە لە پرسیارەکەدا پێیان دراوە، بەڵکو زانیارییەکانیان لە ناخی خۆیانەوە دەهێنن. ئەم سەرنجە بۆ بیستەرێك کە پێشتر مینۆنی نەخوێندبێتەوە بایەخێکی ئەوتۆی نیە. چەند لاپەڕەیەك دواتر، سۆکرات بە هاوئاخاوتنەکانی دەڵێت ئارگیومێنتی ئەو دەربارەی زانینی بەراییمان لەمەڕ خودی یەکسانی (فۆرمی یەکسانی) بۆ فۆرمەکانی دیکەش پیادە دەبێت ، بۆ جوان، چاك، داد، دینداریو ئەو شتانەی تریش کە لە پرسیارو وەڵامەکانی ئەواندا هەیە (75d). ئەم گێڕانەوەیە بۆ پرسینو وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بۆ خوێنەرێك باش قابیلی تێگەیشتن نیە کە هێشتا دەستی نەبردووە بۆ زنجیرەیەك دیالۆگی تر کە تێیاندا سۆکرات پرسیاری فۆرمەکان لە هاوئاخاوتنەکانی دەکات، وەك (س) چیە؟ "یوتیفرۆن: دینداریی چیە؟، لاخیس: ئازایەتی چیە؟, خارمیدێس: میانڕۆیی چیە؟ هیپیاسی گەورە: جوانی چیە؟". بێشك، ئەفلاتون گریمانە دەکات خوێنەرانی فایدۆن ئەو چەند کارەی تریشیان خوێندۆتەوە، بۆیە ئارگیومێنتەکەی ئێستاو هەموو ئەو وانانەش هەرس دەکەن کە لەوانیترەوە فێریان بوون. لە هەندێك لە نوسینەکانیدا، کاراکتەرەکان یەکسەر دەچنەوە سەر تەواوکردنی دەمەتەقێی رۆژێکی پێشووتریان، یان دەچنەوە سەر گفتوگۆیەك کە بەو نزیکانە کردوویانە: بەمەش ئەفلاتون ئاماژەمان بۆ دەکات کە پێویستە سیاتیتۆسو سۆفیستو پۆلیتیکۆس یەك لەدوای یەك بخوێنینەوە، بە هەمانشێوە، لە سەرەتای تیماوسدا دەمانباتەوە بۆ کۆمار، ئەفلاتون رێنمایی خوێنەرەکانی دەکات بۆ ئەوەی بگەڕێن بۆ هەندێك پێوەستی لە نێوانی ئەو دووکارەدا.

ئەم سیمایانەی دیالۆگەکان ئاگاداریی ئەفلاتونمان بۆ دەردەخەن لەوەی ناتوانرێت هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوانی نوسینەکانیدا بکێشرێت. ئایدیای نوێمان پێ دەناسێنێتو گرفتی تازەتر دەهێنێتە پێشەوە، بەڵام چاوەڕێی ئەوەش لە

خوێنەرەکانی دەکات خۆیان ئاشنا بکەن بەو دەمەتەقێیانەی لە لایەنی قسەکەرانی دیالۆگەکانی تریشەوە کراون، تەنانەت ئەو کاتەش کە جێگاگۆڕکێ لە نێوانی قسەکەرەکانیشدا هەیە (مینۆن لە فایدۆندا دووبارە نابێتەوە، تیماوس لە نێوانی هاوئاخاوتنەکانی کۆماردا نەبووە). بۆچی کاراکتەرە بە هەژمونەکانی ئەفلاتون (سۆکراتو میوانە ئیلییاییەکە) لە دیالۆگێکەوە بۆ یەکێکی تر دووبارە جەخت لەسەر هەمان کۆمەڵە خاڵ دەکەنەوەو لەسەر ئەو ئایدیایانەوە بینای خۆیان دەکەن کە لە جارەکانی پێشووتردا بونیاتنراون؟ ئەگەر دیالۆگەکان تەنها بۆ هەژاندنی هزر، تەنها بۆ مەشقکردنی بیر دانرابن، ئەوا پێویست ناکات پێناسی کاراکتەرە سەرەکییەکانی بکات لە پێڕەوێکی بەردەوامی هەمیشە روو لە پێشکەوتندا. بۆ نمونە، لە ژمارەیەکی زۆری دیالۆگەکاندا، سۆکرات بەردەوام دەڵێتو دەڵێتەوە فۆرمەکان هەن، باشترین لێکدانەوە بۆ ئەم بەردەوامێتییە ئەوەیە گریمانە بکەین ئەفلاتون پێشنیاری ئەم پێڕەوە دەکات بۆ خوێنەرەکانی. لەوەش زیاتر، کاتێك سۆکرات لادەبرێتو میوانە ئیلییاییەکە دەخرێتە جێگای (لە سۆفیستو پۆلیتیکۆسدا) بوونی فۆرمەکان هەر وەك گەرەنتی وەردەگیرێت، میوانەکە رەخنە دەگرێت لە هەموو چەمککارییەك بۆ واقیع کە ئەو بابەتە نامادییانەی وەك رۆحو چەمکەکانی تێدا نەبێت. بە گوزارشتێکی تر، میوانە ئیلییاییەکە، پشتیوانی لە میتافیزیایەك دەکات کە لە زۆر رووەوە لەومیتافیزیایە دەچێت کە سۆکرات داکۆکی لێکردووە. دیسانەوە، باشترین لێکدانەوە بۆ ئەم بەردەوامیدانە ئەوەیە ئەفلاتون هەردوو کاراکتەرەکە بەکاردەهێنێت (سۆکراتو میوانە ئیلییاییەکە) بۆ نمایشکردنو داکۆکیکردن لە پێڕەوێك کە خۆی پێی پەسەندەو دەیەوێت خوێنەرەکانیشی پەسەندی بکەن.

### 9. ئایا ئەفلاتون بۆچوونی خۆی دەربارەی فۆرمەکان دەگۆڕێت؟

ئەم رێگایەی خوێندنەوەی دیالۆگەکانی ئەفلاتون، پێشوەخت گریمانەی ئەوە ناکات کە ئەفلاتون هەرگیز بیری خۆی دەربارەی هیچ شتێك ناگۆڕێت – واتە هەر کامێك لە قسەکەرە سەرەکییەکانی لە دیالۆگێکدا شتێکیان پەسەند کردبێت، ئیتر بەردەوام دەبن لەسەر پێشگریمانەکردن یان سەلماندنی لە شوێنی تردا بێ ئەوەی

دەسکاریی بکات. لە راستیدا، لەسەر بنەمای خوێندنەوەی خۆمان بۆ دیالۆگەکان، بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئەفلاتون ویستویەتی لە دیالۆگێکدا شتێك ساغ بکاتەوە یان رەتی بکاتەوە، کە کاراکتەرێکی سەرەکی تر لە شوێنێکی تردا وتویەتی، مەسەلەیەکی قورس و دیالەکتیکانەیە. یەکێك لە هەرە پڕ کێشەترین و فریودەرترین پرسیارەکان دەربارەی مامەڵەکردنی فۆرمەکان، ئەوەیە ئایا ئەو چۆن دەگاتە ئەو باوەڕەی کە ئەو نیهادە پەتییانە قابیلی ئەوەن لەبەردەمی رەخنەدا هەرەس بهێنن، ئەگەر وابێت، ئایا چاککاریی دەکات لە هیچ گریمانەیەکی دیکەدا دەربارەیان. یان پەرە دەدات بە وێنەیەکی پرشنگدارتر بۆیان کە بواری دەدەن وەڵامی رەخنەکان بداتەوە. لە پارمنیدێسدا، هاوئاخاوتنی بنەڕەتی (سۆکرات نا، چونکە لێرەدا ئەو وەك فەیلەسوفێکی لاوی مژدەبەخش پێشکەشکراوە کە پێویستی بە مەشقی زیاترە، بەڵکو کەسێکی پێش سۆکراتی لە ئیلییاوە کە دیالۆگەکە بەناوییەوە ناونراوە، پارمنیدێس) فۆرمەکان دەداتە بەر رەخنەی وێرانکەر، پاشان رەزامەندی وەردەگرێت بۆ دەسبەکاربوون لەسەر لێکۆڵینەوەی سروشتی یەکدانەیی کە هیچ پەیوەندییەکی ئاشکرای نیە بە رەخنەکانییەوە دەربارەی فۆرمەکان. ئایا گفتوگۆی یەکدانەیی (زنجیرەیەکی پەرێشان لە ناکۆکیە، یان لانیکەم پێشنیارێکە کە بە رووکەش ناکۆك دیارە) بە شێوەیەك لە شێوەکان یاریدەمان دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەی دەربارەی فۆرمەکان سەری هەڵداوە؟ ئەمە دیوێکی خوێندنەوەی دیالۆگەکەیە. ئەگەر بەم دیوەدا بیخوێنینەوە، ئایا ئەوە پیشانی دەدات کە ئەفلاتون رای گۆڕیوە بەرامبەری هەندێك لە ئایدیاکانی خۆی دەربارەی ئەو فۆرمانەی لە دیالۆگەکانی پێشووتردا بایەخی پێدابوون؟ ئایا دەتوانین دیالۆگێك بدۆزینەوە کە تێیدا بە شێوەیەکی نوێ مامەڵەی فۆرمەکان کرابێت، ئایا ئەمەش شێوازێکی بیرکردنەوەیە لە فۆرمەکان کە هێواش هێواش لە گریمانەکاندا روون دەبێتەوە دەربارەی ئەو فۆرمانەی پارمێنیدێس رەخنەیان لێدەگرێت؟ وەڵامەکەی ئاسان نیە. بەڵام ئێمە ناتوانین ئەم مەسەلەیە وەك شتێك وەربگرین کە شایستەی تێڕامان بێت، هەتا گریمانەی ئەوە نەکەین کە لە پشتی دیالۆگەکەوە هزرێك هەیەو ئەو نوسینانە وەکو رێگایەك بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە راستی، هەروەها ئەو راستییەش بهێنێتە بەرچاوی ئەوانیتر. تیماوس (قسەکەری سەرەکی

ناو ئەو دایالۆگەی بە ناوی خۆیەوە ناونراوە) هەروەها میوانە ئیلییاییەکەی ناو سۆفیستو پۆلیتیکۆس باسی فۆرمەکان دەکەن بەو شێوەیەی پێشووتر سۆکرات لە فایدۆن و کۆماردا بە رەوانی باسیان دەکات، ئەوا تەنها یەك لێکدانەوە هەیە بۆ ئەم تەباییە: ئەفلاتون باوەڕی وایە شێوازی ئاخاوتنیان دەربارەی فۆرمەکان دروستە، یاخود لانیکەم بەهێزترین و پشتیوانیلێکراوترین بۆچوونە. ئەگەر لە لایەکی ترەوە، بۆمان دەرکەوت تیماوس یان میوانە ئیلییاییەکە باسی فۆرمەکان بە شێوەیەك دەکات کە لەگەڵ ئەو شێوازەدا هارمۆنی نیە کە سۆکرات دەربارەی ئەو بابەتە پەتییانە هەیەتی لەو دایالۆگانەدا کە سۆکرات رۆڵی سێنتەریی هەیە وەك بەڕێوەبەرو ئاڕاستەکەری ئاخاوتنەکان. ئەوا باشترین و قایلکەرترین لێکدانەوە بۆ ئەم ناتەباییانە ئەوەیە ئەفلاتون دەربارەی سروشتی ئەم نیهادانە بیری خۆی گۆڕیوە. ئەوە مەحاڵە گریمانە بکەین کە ئەفلاتون خۆی هیچ باوەڕێکی ئەوتۆی بە فۆرمەکان نەبووە، تەنها هەر ئەوەندە ویستوویەتی مەشقی ئەقڵییانە بە خوێنەرانی بکات بەوەی دایالۆگەکان بە شێوەیەکی وەها دابڕێژێت کە تێیاندا کاراکتەرە سەرەکییەکان بە شێوەیەکی ئاوا ناساز دەربارەی ئەو بابەتانە بدوێن.

## 10. ئایا ئەفلاتون بیری خۆی دەربارەی سیاسەت دەگۆڕێت؟

هەمان خاڵ، ئەوەی پێویستە ئێمە وەها دایالۆگەکان ببینین کە بەرهەمی یەك ئەقڵن، یەك فەیلەسوف، واتە رەنگە ئەوەشیان بێت کە هزری خۆی دەگۆڕێت – دەشێت ئەمە بە پێوەستی لەگەڵ کارەکانی ئەفلاتوندا بکرێت.

جێی خۆیەتی بەوە دەستپێبکەین کە، ئەفلاتون لەپاڵ شتەکانی تردا، فەیلەسوفێکی سیاسیشە. چونکە لە چەند نوسینێکی خۆیدا (بە تایبەتی فایدۆن) ئارەزووی ئەوە دەخاتە روو کە ئاڵو والایی پەیوەندییە رووکەشییەکانی نێوانی خەڵکە ئاساییەکان خۆی بدزێتەوە (بە هەماشێوەش دزێویی جیهانی بەرهەست دەخاتە روو، کە جوانییەکەی لە بەرامبەری فۆرمەکاندا زۆر کاڵو کرچە). لەبەر ئەمە، زۆر ئاسان بووە بۆ ئەفلاتون بە تەواویی پشت بکاتە جیهانی واقیعو خوو بداتە لێکۆڵینەوەی پرسیارە تیۆرییەکان. هەندێك لە کارەکانی "پارمێنیدێس دیارترین نمونەیە" وەها خۆیان نمایش دەکەن ئەو پرسیارانە ورد بکەنەوە کە

پێدەچێت هیچ پەیوەندییەکیان بە ژیانی کردەییەوە نەبێت. بەڵام ئەوەش ئاشکرایە بەشێکی کەمی کارەکانی سەر بەم شێوازەن. تەنانەت پرسیارە زۆر پەتییەکانی ناو سۆفیست دەربارەی سروشتی بوونو نەبوون، دواجار لەناو گەڕانێکدان بەدوای پێناسەکردنی گوتاری سۆفیستیدا، بۆیە ئەو پرسیارە دەخەنە بیرمانەوە ئایا پێویستە سۆکرات وەکو سۆفیست بپۆلێنرێت، یان بە واتایەکی تر ئایا دەبێت سۆفیستەکان ببێزرێنرێنو پشتگوێ بخرێن. هەرچۆنێك بێت، سەرەڕای ئەو هەموو هاوسۆزییەی ئەفلاتون هەیەتی بۆ ئارەزووی دەسبەرداربوونی جەستەو گوزەران کردن لە جیهانێکی نامادییدا، بەڵام وزەیەکی زۆر تەرخان دەکات بۆ تێگەیشتنی ئەو جیهانەی تێیدا دەژین، بۆ هەڵسەنگاندنو نرخاندنو پێشخستنی ئەو جوانییە سنوردارەی هەیەتی.

نرخاندنی جوانی ناپوختەی جیهانی بەرهەست لە تیماوسدا، بەشێکە لە هەوڵی لە قاڵبدانی واقیع بە شێوەی فۆرمەکان، بە بەکارهێنانی ڕێو شوێنە ئەندازەییە سادەکانو پەیوەندییە ژمێرەییەکان وەك پایەکانی بیناکردن. ئارەزووی گۆڕینی پەیوەندییە مرۆییەکان لە گەلێك کاری ئەودا خراوەتە ڕوو. لە داکۆکیدا، خودی سۆکرات، وەکو پیاوێك نمایش کراوە کە سەری نەگەیشتۆتە ناو هەورەکان (ئەو بەشەی هەورەکان کە تێیدا ئەریستۆفان تاوانباری دەکات). ئەو نایەوێت لە ژیانی ڕۆژانە هەڵبێت، بەڵکو دەیەوێت چاکتری بکات. لە گۆرگیاسدا خۆی وەکو تاقە کەسی ئەسینا پیشان دەدات کە هەوڵیداوە هونەری ڕاستەقینەی سیاسەت بدۆزێتەوە.

بە هەمانشێوە، سۆکراتی ناو کۆمار بەشێکی بەرچاوی دەمەتەقێکە تەرخان دەکات بۆ ڕەخنەگرتن لە دام و دەزگا کۆمەڵایەتییە ئاساییەکان "خێزان، موڵکایەتی تایبەتی، فەرمانڕەوایی زۆرینە". ئەو مۆتیڤەی لە پشتی نوسینی ئەم دایالۆگەوەیە بریتیە لە ئارەزووی گۆڕانی (یان هەرهیچ نەبێت پێشخستنی) ژیانی سیاسی، نەك هەڵاتن لێی (گەرچی دان بەوەشدا نراوە کە ئارەزووی هەڵاتن لێی، ئارەزوویەکی خانەدانە: باشترین چەشنی فەرمانڕەوایان وایان پێ باشە لە جیهانی یەزدانی رابمێنن بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی شار بکەن. ئەگەر هیچ گومانێکی دیکەمان هەبێت لەوەی ئەفلاتون بایەخ بە جیهانی پراکتیکی دەدات، ئەوا هێندە بەسە ڕوو بکەینە

یاساکان. ئەم کارە زۆر بە درێژیی باسی شێوازی دەنگدان، سزادان، پەروەردە، یاسادانان دەکات، لەگەڵ سەهوکردنی بەرپرسە گشتییەکان تەنها لە لایەنی کەسێکەوە روودەدات کە دەیەوێت شتێك بکات بۆ پێشخستنی ئەو ژیانەی ئێمە لەم جیهانە بەرهەستو ناکاملەدا دەیگوزەرێنین. دەتوانین بەڵگەی زیاتریش دەربارەی بایەخدانی ئەفلاتون  بە مەسەلە پراکتیکییەکان لە نامەکانییەوە هەڵبگۆزین، ئەگەر بە رەسەن هی ئەو بن. لە زۆرینەی ئەو نامانەدا، خۆی وا پیشاندەدات کە بایەخێکی زۆر دەدات بە پەروەردەکردنی دایۆنیسیۆسی دووهەمی فەرمانڕەوای سیراکیۆسا (بە یاریدەی دیۆنی هاوڕێی) و لەویشەوە سیاسەتی شارەکە ریفۆرم بکات.

وەك چۆن پێویستە هەموو هەوڵێك بۆ تێگەیشتنی تێڕوانینی ئەفلاتون دەربارەی فۆرمەکان ببەسترێتەوە بە پرسیاری ئەوەی ئایا لەگەڵ تێپەرینی کاتدا پێشخراون یان گۆڕانکارییان تێدا کراوە، بەهەمانشێوە کاتێك وەکو فەیلەسوفێکی سیاسی دەیخوێنینەوە، پێویستە گرنگی بدەین بە ئەو شێمانەیەی وای لێکردووە تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت. بۆ نمونە، بە خوێندنەوەیەکی سەرپێییانەی کۆمار، دەبینین ئەفلاتون زۆر دژی فەرمانڕەوایی زۆرینەیە. سۆکرات بە هاوئاخاوتنەکانی دەڵێت تاکە سیاسەتی شیاو کە پێویست بکات خۆیانی پێوە خەریك بکەن، بریتیە لە رژێمێکی دژە بە دیموکراسی، بە باشی پارادایمو دەستورەکەشیان بۆ دیاری دەکات.. لە یاساکانیشدا، میوانە ئەسینایییەکە پێشنیاری چوارچێوەیەکی بە درێژیی باسکراوی کارایی بۆ شارێك دیاریی دەکات کە تێیدا نافەیلەسوفەکان (ئەو خەڵکانەی هەرگیز فۆرمەکانیان نەبیستووە، مەشقیشیان پێنەدراوە بۆ ئەوەی لێیان تێبگەن) دەسەڵاتی فەرمانڕەواییکردنیان پێ دراوە. ئەفلاتون کاتێکی ئەوەندە زۆری تەرخان نەدەکرد بۆ دروستکردنی ئەم کارە درێژو پڕ لە وردەکارییە، ئایا ئەو لەو بڕوایەدا نەبووە کە بەخوڵقاندنی جڤاتێکی سیاسی وەها کە لە لایەنی ئەوانەوە فەرمانڕەوایی بکرێت کە لە رووی فەلسەفییەوە رۆشن نەبوونەتەوە، پڕۆژەیەکە شایستەی بایەخپێدانی خوێنەرانی بێت. ئایا ئەفلاتون هزری خۆتی گۆڕیوە؟ ئایا سەرلەنوێ ئەو بۆچوونە نێگەتیڤەی مشتومالکردۆتەوە کە پێشتر دەربارەی ئەوانە هەیبووە کە ئاشنای فەلسەفە نین؟ ئایا ئەو سەرەتا وا بیری کردۆتەوە کە ریفۆرمی شارەکانی یۆنان، بە هەموو ناتەواوییەکانیانەوە، کات بەفیڕۆدانە، بەڵام دواتر

بڕیاری داوە کە شایانی ئەوەن بایەخێکی زیاتریان پێبدرێت؟ (ئەگەر وا بێت, چی وای لێکرد رای بگۆڕێت؟) دەشێت وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە تەنها ئەوکاتە پاساوی هەبێت کە بە وردی گرنگی دەدەین بەوەی هاوئاخاوتنەکانی دەیڵێن. بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی زۆر ناقایلکەرانە دەبێت ئەگەر گریمانە بکەین کە ئەم پرسیارە روو لە پەرەسەندنانە، پێویست ناکات بەرز بکرێنەوە، لە زەمینەی کۆمارو یاساکاندا کە هەریەکەی کۆمەڵێك کاراکتەری تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە ئەو دوو کارە ناتوانن لەگەڵ یەکترییدا ناکۆك بن. بە پێی ئەم گریمانەیە (کە پێویستە رەتی بکەینەوە) لەبەر ئەوەی ئەوە سۆکراتە نەك ئەفلاتون کە لە کۆماردا رەخنە لە دیموکراسی دەگرێت، هەروەها ئەوە میوانە ئەسینایییەکەیە نەك ئەفلاتون کە لە یاساکاندا باس لە قازانجەکانی فەرمانڕەوایی زۆرینە دەکات، ئیتر هیچ شێمانەیەك نامێنێتەوە تا ئەو دوو دایالۆگە لەتەك یەکدا ناکۆك‌و ناتەبا بن. لە دژی ئەم گریمانەیە، دەڵێین: مادام هەریەکە لە کۆمارو یاساکان کاری ئەفلاتونن‌و دەیەوێت خوێنەرانی بەرەو چەند دەرەنجامێك ببات، بەوەی وایان لێبکات لە چەند ئارگیومێنتێك ورد ببنەوە "ئەو دوو دایالۆگە لەوە بەدەر نین کە بەهۆی بەکارهێنانی هاوئاخاوتنەکانەوە ئەم خەسڵەتانەیان وەرگرتبێت" ئەوە هەڵهاتن دەبێت لە بەرپرسیاتێمان وەکو خوێنەر و قوتابی ئەفلاتون ئەگەر پرسیار نەکەین ئایا ئەوەی یەکێکیان داکۆکی لێدەکات هاوتای ئەوەیە کە ئەوەی تریان داکۆکی لێدەکات. ئەگەر بە نەرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئەوا دەبێت شتێك روون بکەینەوە: چی بووە هۆی ئەم گۆڕانکارییە؟ بە پێچەوانەوە، ئەگەر دەرەنجامی ئەوە بکەین کە هەردووکارەکە هاوشانی یەکترین، ئەوا پێویستە ئەوە روون بکەینەوە کە بۆچی ئەو ناتەباییەی بە رووکەش تێیاندا هەیە دروست نیە.

## 11. سۆکراتی مێژوویی: دایالۆگەکانی سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی

گەلێك لێکۆڵیاری هاوچەرخ پێیان کاتێك ئەفلاتون دەستی کرد بەکاری خۆی وەك نوسەرێکی فەلسەفی، لەپاڵ داکۆکییەکەی سۆکراتدا، ژمارەیەك دایالۆگی ئێتیکییانەی کورتیشی نوسی کە شتێکی کەم یان هەر هیچ شتێکی وایان تێدا نیە لە پێڕەوێکی فەلسەفییانە بچێت، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی تەرخانن بۆ ئەوەی

پیشانی بدەن چۆن سۆکرات ئارەزووی هاوئاخاتنەکانی بزواندووەو پاڵی پێوە ناون بۆ ئەوەی بزانن ناتوانن پێناسەیەکی قایلکەرانە بۆ ئەو زاراوە ئێتیکییانە پێشکەش بکەن کە بەکاریان دەهێنن، یاخود ئارگیومێنتی قایلکەرانە دەربارەی بۆچوونە ئاکارییەکانی خۆیان پێشکەش بکەن. بە پێی ئەم ریزکردنەی دیالۆگەکان لە ریتمێکی کرۆنۆلۆژییانەدا "کە بەشێوەیەکی تایبەتی بە ناوی جۆرجی ڤلاستۆڤەوە ناسراوە" (بەتایبەتی بڕوانە کتێبەکەی ئەو: سۆکرات: فەیلەسوفێکی مەتەلاویی و ئاکاریی، نەسکی دووهەمو سێهەم) ئەوا ئەفلاتون لەم قۆناغەی کارەکەیدا ویستویەتی نوسینەکانی خۆی بەکاربهێنێت بە مەبەستی پاراستنی یادەوەریی سۆکراتو روونکردنەوەی بڵندیی پاڵەوانەکەی خۆی، ئەویش بەشێوەیەکی زۆر لێوەشاوەو بە جدییەتێکی ئاکارییەوە بۆ هەموو هاوچەرخەکانی خۆی – بەشێوەیەکی تایبەتی ئەوانەی کە لاف ئەوەیان لێداوە پسپۆڕ بن لە مەسەلە ئاینیو سیاسیو ئاکارییەکاندا. ئەم کاتیگۆرییەی دیالۆگەکانی سەرەتا (هەندێجار پێشیان دەوترێت دیالۆگە سۆکراتییەکان) ئەم دیالۆگانەی تێدا ریز کراوە: خارمیدێس، کریتۆن، یوسیدێمۆس، یوتیفرۆن، گۆرگیاس، هیپیاسی گەورە، هیپیاسی بچووک، ئایۆن، لاخیس، لیسیس و پرۆتاگۆراس (هەندێك لێکۆڵیار پێیان وایە کە دەتوانین بڵێین لە ماوەی سەرەتای ئەفلاتوندا، کان لەم دیالۆگانە پێش ئەوانیتر کەوتوون، بۆ نمونە هەندێجار دەوترێت پرۆتاگۆراسو گۆرگیاس، بۆ نمونە، هی دواترن، چونکە درێژترنو لە رووی فەلسەفییەوە ئاڵۆزترن. هەندێ دیالۆگی تریش، بۆ نمونە، خارمیدێس و لیسیس.. لەناو دیالۆگەکانی سەرەتادا نین، چونکە لەمانەدا سۆکرات رۆڵێکی کاراتری هەیە لە پێشخستنی رەوتی دیالۆگەکەدا، ئەمەش چونکە زیاتر ئایدیای خۆی خستۆتە ناویان). بە بەراورد لەگەڵ چەندان دیالۆگی تری ئەفلاتوندا، ئەم کارە سۆکراتییانە، تێڕامانی میتافیزییانە، ئەپستمۆلۆژییانە، یان میتۆدۆلۆژییانەیان کەمتر تێدایە، بۆیە باشتر لەگەل ئەو وەسفەدا دەسازێن کە سۆکرات لە داکۆکیدا بۆ خۆی دەکات: ئەو پیاوەی دەسبەرداری لێکۆڵینەوەی مەسەلە زۆر نێودارەکان دەبێت (ئەوانەی لەناو ئاسمانو لە ژێر زەویدان) بۆ پیاوە داناترەکان، هەموو لێکۆڵینەوەکانی خۆی تەرخان دەکات بۆ پرسیاری ئەوەی دەبێت مرۆڤ چۆن ژیانی خۆی بگوزەرێنێت. ئەرەستۆ وەسفی سۆکرات وەك کەسێك

دەکات کە بایەخدانەکانی تەرخانبوون بۆ یەك تاقە لقی فەلسەفە "جیهانی ئێتیکەکان، هەروەها دەشڵێت ئەو خووی کردنی پرسیاری پێناسەی هەبووە ئەو پرسیارانەی خۆشی نەیزانیوە وەڵامیان بداتەوە (میتافیزیك 987b1، بەدرۆخستنەوە سۆفیستەکان 183b7). ئەم گەواهییە قورساییەکی زیاتر دەدات بەو گریمانە پەسەندکراوەی کە ئەو گروپەی دایالۆگەکان "ئەوەی پێشتر لەسەرەوە پێی وترا کارەکانی سەرەتا" کە تێیدا ئەفلاتون فۆرمی دایالۆگی بەکارهێناوە وەکو ڕێگایەك بۆ وێنەکێشانی چالاکییە فەلسەفییەکانی سۆکراتی مێژوویی (گەرچی بێگومان ڕەنگە مەبەستی دیکەش بەکاری هێنابن – بۆ نمونە بۆ پێشنیارکردن و خستەرووی ئەو ناڕەحەتییە فەلسەفییانەی ئەوان بەرزیان کردۆتەوە).

وەلیٚ بە پێی ئەم گریمانە کرۆنۆلۆژییە، لە ساتێك لە ساتەکاندا ئەفلاتون دەستی کرد بە بەکارهێنانی کارەکانی خۆی بۆ پێشخستنی چەند ئایدیایەك کە زیاتر هی خۆی بوون نەك هی سۆکرات، گەرچی بەردەوامیش بوو لەسەر بەکارهێنانی ناوی سۆکرات بۆ ئەو قسەکەرەی کە ئارگیومێنت لەسەر ئایدیا نوێیەکان دەکاتو ئەوانیتر قایل دەکات. ئێستا ئەو قسەکەرەی ناوی سۆکراتە، وردە وردە دەکشێتە دواوەو دەسبەرداری سۆکراتی مێژوویی دەبێت: ئەو تێڕوانینی دیکەی هەیە دەربارەی میتۆدۆلۆژیایەك کە پێویستە فەیلەسوفەکان بەکاری بهێنن (میتۆدۆلۆژیایەك کە لە ماتماتیکەوە خواستراوە)، ئارگیومێنت دەکات دەربارەی نەمرێتی ڕۆحو بوونو گرنگێتی فۆرمەکانی جوانی، دادپەروەریو هی تریش. (بە پێچەوانەوە، لە داکۆکیدا سۆکرات دەڵێت کەس نازانێت دوای ئەوەی دەمرین چی ڕوودەدات). زۆرجار وتراوە فایدۆن ئەو دایالۆگەیە کە تێیدا ئەفلاتون بۆ یەکەمجار خۆی وەکو فەیلەسوفێك پێشکەش دەکات و زۆر لە ئایدیاکانی مامۆستاکەی دوور دەکەوێتەوە (هەروەها لە مینۆندا دەسترەنگینییەکی میتۆدۆلۆژییانەی نوێ دەبینین لەگەڵ بایەخدانێکی زیاتر بە زانینی ماتماتیکی دەبینین). بە تەواوکردنی هەموو ئەو دایالۆگانەی بە پێی ئەم گریمانەیە بە سەرەتا دامانناون، ئیتر ئەفلاتون پانتایی بابەتەکانی بەرین دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە نوسینەکانیدا دەربکەون، چیتر خۆی نابەستێتەوە بە ئێتیکەوەو نایکات بە سێنتەری بیرکردنەوەی خۆی. لەم کارانەی ماوەی ناوەڕاستدا "بۆ نمونە لە فایدۆن، کراتیلۆس، سیمپۆزیەم، کۆمارو

www.pertwk.com
فايدروسدا" گۆڕنكاریی هەیە لە پێڕەویش‌و لە هەوادارییشدا. چیتر تیشك ناخرێتە سەر رزگاركردنی خودی خۆمان لە ئایدیا هەڵەكان‌و خودفریودان، بە پێچەوانەوە، داوامان لێدەكرێت (گەرچی بەشێوەیەكی گریمانەییش بێت) بە شێویەكی رادیكاڵانەی نویێ درك بە خۆمان بكەین (ئێستا دابەشدەبێت بۆ سێ بەش)، جیهانەكەمان، یان راستر، دوو جیهانەكەمان‌و پێویستیمان بۆ دانوساندن كردن لە نێوانیاندا. دواجار پێناسەی گرنگترینی نیكییەكان لە كۆماردا پێشنیار كراون (لە دایالۆگەكانی سەرەتادا لێكۆڵینەوەو بەدوادا گەڕانیان سەركەوتوو نەبوو): كتێبی یەكەمی ئەم دایالۆگە بریتیە لە پۆرترێتی ئەوەی چۆن سۆكرات بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێت، باقی دایالۆگەكەش پیشانی دەدات كە چۆن ئەفلاتون ئایدیای نوێ‌و ئامڕزای نوێ دەدۆزێتەوە بۆ تەواوكردنی ئەو پرۆژەیەی مامۆستاكەی نەیتوانی تەواوی بكات. ئەفلاتون بەردەوام دەبێت لەسەر بەكارهێنانی فیگەرێك كە ناوی سۆكراتە، هەر وەك قسەكەری سەرەكیش دەیهێلێتەوە، بەم رێگایە هەستێكی بەردەوامی دەخولقێنێت لە نێوانی میتۆدەكان‌و گۆشەنیگاكان‌و ئایدیاكانی سۆكراتی مێژوویی‌و ئەو سۆكراتە نوێیەدا كە ئێستا بووە بە هۆكارێك بۆ گەیاندنی تێڕوانینە فەلسەفییەكانی خۆی. لەمەشدا دان دەنێت بەو قەرزە رۆشنبیرییەدا كە لەسەرشانێتی بەرامبەری مامۆستاكەی، هەروەها ئەو پیاوە بۆ مەبەستی خۆی بەكاردەهێنێت كە داناترین كەسی سەردەمی خۆی بووە.

ئەم گریمانەیە دەربارەی كرۆنۆلۆژیای نوسینەكانی ئەفلاتون دیویێكی تریشی هەیە: ئەم گریمانەیە كارەكانی ئەفلاتون لە هیچكام لەو دوو كاتیگۆرییەدا ناپۆلێنێت، دایالۆگەكانی سەرەتا یان دایالۆگە سۆكراتییەكان، هەروەها باقی ئەوانیتریش، بەڵام بەكەڵكی ئەوە دێت لە جیهانی ئەوەی دابەشكردنێكی سێ لایەنە بۆ دایالۆگەكان بكەین وەك سەرەتاو ناوەڕاست‌و كۆتایی. ئەمە چونكە بە پێی گەواهینامە دێرینەكان، بووە بە گریمانەیەكی زۆر پەسەند كراو كە یاساكان یەكێكە لە كارەكانی كۆتایی ئەفلاتونن لەوەش زیاتر ئەم دایالۆگە نزیكی‌و پێوەستییەكی زۆر شێوازییانەی بە گروپێكی بچووكی ئەوانیترەوە هەیە: سۆفیست، سیاسەتمەدار، تیماوس، كریتیاس‌و فیلیبۆسیش. بەشێوەیەكی گشتی ئەم پێنج دایالۆگەو یاساكان بە دوایین كاری ئەفلاتون لە قەڵەم دەدرێن، چونكە ئەوانە گەلێك

شتی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، کاتێك کەسێك ئەو خەسڵەتە شێوازییە دیاریکراوانە دەبژێرێت کە تەنها لای خوێنەرە یۆنانییەکانی ئەفلاتون روونە، زیاتر لە هەرکارێکی دیکەی ئەفلاتون (پێداچوونەوەی کۆمپیوتەرییانە یاریدەی داوین بۆ ناسینەوەی ئەو خەسڵەتە شێوازییانە، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا تاك و تەرا گرووپی وا هەبوون کە ئەو خەسڵەتانەیان ناسیوەتەوە).

ئەوە شتێکی روون نیە کە ئایا یەك دانە پێوەستی یان زیاتر هەیە لە نێوانی ئەم گرووپە شەش دیالۆگییەدا "واتە، ئایا ئەو فەلسەفەیەی تێیاندایە زۆر جیاوازن لەوەی لەناو دیالۆگەکانی تردا هەیە. ئەفلاتون هیچ شتێك ناکات بۆ هاندانی خوێنەر بۆ بینینی ئەو کارانە وەك پێکهاتەیەکی جیاواز و ناوازە لە بیرکردنەوەیدا. بە پێچەوانەوە، سۆفیست دەبەستێتەوە بە سیاتیتۆسەوە (دەمەتەقێکان لە نێوانی کاستێکی زۆر هاوشێوەی قسەکەرەکاندایەو لە ماوەی نزیك لێکیشدا روودەدەن) کە زۆر جیاواز نیە لە پەیوەندی نێوانی سۆفیستو سیاسەتمەدار. سۆفیست لە لاپەڕەکانی سەرەتایدا، ئاماژەی تێدایە بۆ گەڕانەوە بۆ ئاخاوتنەکانی پارمنیدێس، رەنگە ئەفلاتون لەم ئاماژەکردنەدا کە پیشانی خوێنەرانی دەدات ویستبێتی وایان لێبکات ئەو وانانە لە سۆفیستەوە فێربن کە لە پارمێنیدێسەوە هاتوون. بە هەمانشێوە، تیماوس بە بیرهێنانەوەی هەندێك لە پێڕەوە بنەڕەتییەکانی کۆمار دەستپێدەکات. بێگومان دەتوانرێت ئارگومێنت لەسەر ئەوە بکرێت کە ئەگەر بڕوانینە پشتەوەی ئەم رێکخستنە، دەبینین گۆڕانکاریی بنەڕەتییانەی فەلسەفییانە لە شەش دیالۆگەکەدا هەن، کە وایان لێدەکات وەك گرووپێك لەوانەی پێش خۆیان جیاواز بن. بەڵام هیچ هامرایییەك لەگۆڕێ نیە سەبارەت بەوەی کە دەبێت بەم شێوەیە بخوێنرێنەوە. چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە لە ناواخنی هەموو کارەکانی ئەفلاتون. کەواتە گەرچی ئەوە بەشێوەیەکی بەرین پەسەند کراوە کە ئەو شەش دیالۆگەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا سەر بە ماوەی کۆتایی ئەفلاتونن، ئەوا هێشتا رێکەوتنێکی ئەوتۆ لە نێوانی قوتابییەکانی ئەفلاتوندا نیە لەسەر ئەوەی ئەو شەش دیالۆگە قۆناغێکی تایبەتیو جیا پێکدەهێنن لە پەرەسەندنی فەلسەفییانەی ئەفلاتوندا.

له راستیدا، ئەوە مەسەلەیەکی گرفتاوییمان دەهێنێتەوە یاد، لەمەڕ ئەوەی ئایا دابەشکردنی دایالۆگەکانی ئەفلاتون بۆ سیٚ ماوەی سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی، شتێکی سوودمەندە بۆ تێگەیشتنی هزری ئەو. بێشك ئەوە شتێکی یەکجار ناقایلکەرانە دەبێت ئەگەر گریمانە بکەین نوسەرێتی ئەفلاتون بە کاری ئاڵۆزی وەکو یاساکانو پارمنیدێس یان کۆمار دەستی پێکردووە. لەبەر رۆشنایی گریمانە بەربڵاو پەسەندکراوەکاندا دەربارەی ئەوەی زۆرینەی هزرە فەلسەفییەکان گەشە دەکەن، ئەوە رێی تێدەچێت کاتێك ئەفلاتون دەستی کردووە بە نوسینی کارە فەلسەفییەکانی، هەندێك لە دایالۆگە کورتو ئاسانەکانی نوسیبێت: لاخیس یان کریتۆن، یاخود ئایۆن (بۆ نمونە). بە هەماشێوە داکۆکیش ئاجێندایەکی فەلسەفییانەی ئاڵۆز یان پێشگریمانەیەکی وەهای تێدا نیە تا گریمانەی ئەوە بکەین لەسەرەتای دەسبەکاربوونی ئەفلاتوندا نەنوسراوە. ئەگەر واش بێت، ئەوا هۆیەکی باشی وەهامان لەبەردەستدا نیە تا ئەو گریمانەیە رەتبکەینەوە کە ئەفلاتون بەشی زۆری خۆی تەرخان کردووە بۆ نوسینی ئەو جۆرە دایالۆگانەو لە هەمانکاتیشدا، کاتێك چۆتە ساڵەوە دیسان گەڕاوەتەوە سەریان: لە لایەکی تریشەوە، کارە پێشەکیکارەکان، ئەوانەی مەبەستی بەراییان بریتیە لەوەی گرانیو ناڕەحەتی ئەو گرفتە فەلسەفییانە پیشانی خوێنەران بدەن کە بە رووکەش سانا دیارن، بەوەش رزگاریان بکات لە خۆڕانانو بیروبۆچوونی هەڵە، هەروەها لە سەرێکی تریشەوە، ئەو کارانە پڕن لە جەوهەری چەندان تیوریی فەلسەڤ کە ئارگیومێنتکردنی وردو تۆکمە پشتیوانییان لێدەکەن. لەوەش زیاتر، دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ چەندان تایبەتمەندێتی گەلێك لە دایالۆگە سۆکراتییەکان کە پاساوی ئەوە دەداتەوە لە کاتیگۆریی دواتردا دایان بنێین، تەنانەت ئەگەر ئارگیومێنتکردنەکە بایەخ نەدات بە میتافیزیك یان میتۆدۆلۆژیا یاخود هانایان نەبردبێتە بەر ماتماتیك "گۆرگیاس، پرۆتاگۆراس، لیسیس، یوسیدایمۆس، هیپپیاسی گەورە" لەوانەن.

ئەفلاتون روونی دەکاتەوە کە پێویستە هەردوو پرۆسێسەکە، یەك بەدوای ئەوەی تردا، بەشێك بن لە پەروەردەکردنی فەلسەفییانەی مرۆ. یەکێك لە قووڵترین قەناعەتە میتۆدۆلۆژییەکانی لە (مینۆن، سیاتیتۆس، سۆفیست) دا جەختی لەسەر کراوە، بریتیە لەوەی: بۆ ئەوەی پێشکەوتنێکی هزریی بەدەست بهێنین، پێویستە بزانین کە

زانین لە ڕێگای وەرگرتنی ساردو سڕەوە لەوانیترەوە بەدەست ناهێنرێت: بە پێچەوانەوە، پێویستە لە تویێی گێروگرفتەکانەوە ڕێگای خۆمان بدۆزینەوەو ئەو قازانجە هەڵبسەنگێنین کە لە ڕێگای بەشەڕدانی تیورییەکانەوە بە هزرێکی سەربەخۆ دەستمان دەکەوێت. بەمپێیەش هەندێك لە دیالۆگەکانی بەشێوەیەکی بەرایی شتێکن بۆ تێکشکاندنی لەخۆڕازیبوونی خوێنەرەکانی، هەربۆیەشە ئەوە شتێکی بنەڕەتییە کە کۆتاییان بە دەرەنجامی ئەرێ دێت، هەندێکی تریشیان بریتین لە بەشداریکردن لە بونیاتنانی تیوریيدا، هەربۆیەشە ئەو کەسانە باش هەرسی دەکەن کە پێشتر قۆناغی یەکەمی پێشکەوتنی فەلسەفییان بڕیوە. پێویستە گریمانەی ئەوە نەکەین ئەفلاتون دیالۆگە ڕێخۆشکەرەکانی لە سەرەتای پیشەکەیدا نوسیوە. وەك چۆن دەشێت بەو جۆرە پڕۆژەیە دەستی دابێتە نوسین, لەوانەشە لە قۆناغەکانی کۆتاییدا گەڕابێتەوە بۆ نوسینی ئەو کارە نەرێیانە، لە هەمان کاتدا کە خەریکی داڕشتنی دیالۆگە تیوریی دروستکەرەکانی بووە. بۆ نمونە، گەرچی بەشێوەیەکی بەربڵاو گریمانەکراوە کە هەردوو یوسیدیمۆس‌و خارمیدێس لە دیالۆگەکانی سەرەتان، لەوانەیە لە هەمان کاتی سیمپۆزیەم‌و کۆماردا نوسرابن، بەشێوەیەکی گشتی وا گریمانە دەکرێت ئەمان سەر بە ماوەی ناوەڕاست‌و بگرە لەوانەیە دواتریش بن.

بێگومان، هەندێك لە کارەکان بەشێوەیەکی بەرین بەو جۆرە لەقەڵەمدراون. بەڵام ئەوە پرسیارێکی کراوەیە کە بپرسین کامانەیان وان‌و چەندیشیان وەهان. هەرچۆنێك بێت، ئاشکرایە ئەفلاتون بەردەوامبووە لەسەر نوسین بە شێوازێکی سۆکراتییانەی ئەرێ، تەنانەت دوای ئەوەش کە زۆر لە قۆناغی یەکەمی نوسین دوور کەوتۆتەوە: لە سیاتیتۆسدا سۆکرات بەشێوەیەك پیشان دەدات کە تەنانەت زیاتریش سوورە لەسەر نەزانی خۆی لە سۆکراتەکەی ناو دیالۆگە کورتترەکان و بیّ گرێ‌و گۆڵە فەلسەفییەکان، ئەوانەی بەشێوەیەکی ماقووڵ بە دیالۆگەکانی سەرەتا لەقەڵەمدراون. سیاتیتۆسیش وەکو گەلێك لە کارەکانی سەرەتا دەگەڕێت‌و دەپشکنێت، بەڵام وەڵامی پرسیاری "ئەمە چیە؟" ی پیّ نادرێتەوە، کە بێڕەحمانە چنگ لەسەر شان دوای کەوتووە: "زانین چیە؟". بە هەمانشێوە پارمنیدێس گەرچی بە دڵنیاییی یەکێك نیە لە کارەکانی سەرەتا، بەڵام کارێکە کە ئامانجی بنەڕەتی

بریتیه له سەراسیمەکردنی خوێنەر بە چەند ئارگیومێنتێك کە دەگەتە چەند دەرەنجامێکی ناتەبا، کاریگەریی بنەڕەتی لەسەر خوێنەر هاوشێوەی کاریگەریی ئەو دایالۆگانەیە (کە زۆربەیان گۆمانیان تێدا نیە کە هی سەرەتان) کە دەگەن بە دەرەنجامی نەرێ. ئەفلاتون ئەم شێوازە پەروەردەییە بەکاردەهێنێت بۆ جوڵاندنی خوێنەر بە ئامادەکردنی ئارگیومێنتە دژەکانو هێشتنەوەی ناتەباییەکە بەچارەسەرنەکراویی "لە پرۆتاگۆراسیشدا (زۆر جار بە دایالۆگی سەرەتا لەقەڵەمدراوە) هەروا دەکات.

کەواتە ئەوە روونە کە تەنانەت دوای ئەوەی لە قۆناغی سەرەتای بیرکردنەوەی خۆی دووریش کەوتۆتەوە، بەردەوام دەبێت لەسەر خۆخەریککردن بە پڕۆژەی نوسینی کاری وەهاوە کە ئامانجی بنچینەییان بریتیە لە خستنەڕووی ناڕەحەتییە چارەسەرنەکراوەکان. (هەروەها رێك وەك ئەوەی کە پێویستە ئەو راستییە سەرسوڕهێنەرە بسەلمێنین کە چەند ناکۆکییەکی تیۆرییانەی راستەقینە لە کارە ئێتیکییەکاندا هەیە، ئەوانەی کە ئەوەندە ئاسانن کە بە هی سەرەتا دابنرێن، ئایۆن بۆ نمونە، جەخت لە تیۆرییەکی سروشی هۆنراوەنوسین دەکات، کریتۆنیش ئەو مەرجانە ریز دەکات کە بە پێی ئەوانە هاونیشتمانییەك ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە کە گوێڕایەڵی فەرمانی مەدەنی بێت. هیچیان کۆتاییان بە نوشوستی نایەت).

ئەگەر بەهانەی خۆمانمان هەبێت بۆ ئەوەی قسەکانی سۆکرات لە داکۆکیدا وەك بەڵگەیەکی پشتپێبەستراو وەربگرین دەربارەی ئەوەی سۆکراتی مێژوویی چۆن بووە، ئەوا هەرچییەك لە کارەکانی دیکەی ئەفلاتوندا ببینینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین بەشێك لە قسەکانی هی سۆکراتن. ئەگەر ئاوا تێبگەین، سۆکرات ئاکاریی بووە (ئەفلاتون وا نیە) بەڵام میتافیزیست یان ئەپستمۆلۆژیست یاخود کۆزمۆلۆجیست نیە. ئەمە لەگەڵ گەواهییەکەی ئەرەستۆدا فیت دێتەوە، شێوازەکەی ئەفلاتونیش لە هەڵبژاردنی قسەکەرێکی بە هەژموندا بۆ دایالۆگەکانی، پشتیوانییەکی زیاتر دەبەخشێت بەم رێگایەی جیاکارییکردن لە نێوانی خۆی و سۆکراتدا. ژمارەی ئەو دایالۆگانەی تێیاندا سۆکرات باڵادەستەو بەشێوەیەکی لێهاتووانە پێڕەوە فەلسەفییەکان دەخاتە روو، بەشێوەیەکی بەرچاو کەمە: فایدۆن، کۆمار، فایدروس، هەروەها فیلیبۆس. هەمووشیان مەسەلە ئاکارییەکان باڵیان بەسەردا کێشاون: ئایا

له مردن بترسین، چۆن دادپەروەر بین، کێمان خۆش بوێت، شوێن و جێگای چێژ. بەشێوەیەکی بەرچاو ئەفلاتون وا بیر دەکاتەوە دەگونجێت سۆکرات بکات بە قسەکەری سەرەکی ناو دیالۆگێك کە پڕە لە ناواخنی ئەرێ، ئەو بابەتانەی لەو کارەدا خراونەتە روو، بەشێوەیەکی بەرایی کاریان بە ژیانی ئێتیکییانەی تاك هەیەو هیچی تر. (سیما سیاسییەکانی کۆمار بەشێوەیەکی بەرچاو لە خزمەتی پرسیارە گەورەترەکەدان، ئایا پێویستە هەموو تاکێك، بێ گوێندان بەو رەوشەی تێیدایە، دادپەروەر بێت). کاتێك ئەو پێڕەوانەی کە ئەو حەزی دەکرد بە شێوەیەکی سیستماتیکییانە ببن بە پێشەکییەکی میتافیزیکییانە، بادەداتەوە بۆ سەر میوانە ئیلیاییەکە (سۆفیست، سیاسەتمەدار)، ئەوانە دەبن بە مەسەلەیەکی کۆسمۆلۆژییانە. لە تیماوسدا, دەبن بە یاساناس، لە یاساکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەر میوانێك لە ئەسیناوە (ئەوکاتەش سۆکرات بە تەواویی کورت دەکاتەوە). ئەفلاتون پیشانمان دەدات کە: گەرچی لە بەشی زۆری تێڕوانینە ئێتیکییەکانیدا قەرزاری سۆکراتە، هەروەها لە میتۆدەکەشیدا بۆ سۆراخکردنی رادەی خۆنمایشکردنی هزرییانەی قسەکەرەکانی بەوەی بیانخاتە ناو ناکۆکییەوە. ئەو پێی وایە کە نابێت لەسەر دەمی مامۆستاکەیەوە هەموو مەسەلە ئۆنتۆلۆژییەکان، یان کۆزمۆلۆژییەکان، یان بیرۆکە سیاسییەکان بخاتە روو، چونکە سۆکرات خۆی لەوە پاراستووە کە ئەوەندە بە هەژموون بێت. رەنگە ئەمە بەشێکی لێکدانەوەی ئەوە بێت کە بۆچی لە یاساکاندا قسەکانی سۆکراتی خستۆتە سەر دەمی کەسێکی ئەسینایی تا ئەو تیۆرییە بگێڕێتەوە کە لە کریتۆندا خراوەتە روو، کە دەگاتە دەرەنجامی ئەوەی کە هەڵاتنی لە زیندان شتێکی نادادپەروەرانە دەبوو. لەوانەیە ئەفلاتون لەو خاڵەدا کە قسەکەرەکان دەچنە ناو دیالۆگەکەوە، ئاماژە بکات بۆ ئەوەی کە هیچ شتێك لەوەی لێرەدا دەوترێت، بەهیچ شێوەیەك لە ئاخاوتنی سۆکراتەوە نەهێنراوە یاخود سروشی لێوەرنەگیراوە.

وەك چۆن دەبێت ئەو ئایدیایە رەت بکەینەوە کە دەڵێت دەبێت لەسەرەتای دەسبەکاربوونی زوویدا ئەفلاتون بڕیاری دابێت، کە چیتر چەشنێکی دیاریکراوی دیالۆگ نەنوسێت (نەرێ، وێرانکەر، سەرەتایی) بەڵکو تەنها کاری وەها بنوسێت کە بە روونی تیۆریی بینا دەکەن، ئینجا دەبێت بشپرسین ئایا ئەو بە قۆناغێکی

سەرەتاییدا تێپەڕیوە کە تێیدا خۆی لەوە بواردبێت کە ئایدیا تایبەتییەکانی خۆی بخاتە ناو کارەکانییەوە (ئەمە ئەگەر لەو کاتەدا خاوەنی ئایدیای خۆی بووبێت)، لەبری ئەوە ڕۆڵی نیگارکێشێکی دڵسۆز بینیبێت و وێنەی ژیان و هزری سۆکراتی بۆ خوێنەرانی کێشابێت.. ئەوە شتێکی واقیعییانە نیە گریمانە بکەین کەسێکی ڕەسەن و خوڵقێنەری وەك ئەفلاتون، کە ڕێی تێدەچێت لە دەوروبەری تەمەنی سی ساڵیدا دەستی کردبێت بە نوسینی دیالۆگ (کاتێك سۆکرات ڕەوانەی مەرگ کرا، تەمەنی ئەفلاتون بیست و هەشت ساڵێك دەبوو) ئیتر دەستی کردبێت بە نوسین بێ ئەوەی خۆی خاوەنی هیچ ئایدیایەك بێت، یان ئەو ئایدیایانەی لا هەبووبێت، بەڵام بڕیاری دابێت بۆ ماوەیەك سەرکوتیان بکات، تا ئەو کاتەی ڕێگە بە خۆی دەدات بیر بۆ خۆی بکاتەوە. (چی وای لێدەکات بڕیاری وەها بدات؟) دەبێت لەبری ئەم قسەیە مامەڵە لەگەڵ ڕەوت و جووڵەی دیالۆگەکاندا بکەین، تەنانەت ئەوانەش کە دەشێت هی سەرەتا بن، هەمووشیان بە داهێنانی ئەفلاتون لەقەڵەم بدەین – گومان لەوەدا نیە کە لە ژێر کاردانەوەی ئەفلاتوندا بەرامبەری بیرۆکە سەرەکییەکانی سۆکراتدا نوسراون، ئەوانەی لە داکۆکیدا دەریان دەبڕێت. ئەو وتارە پیشانی دەدات، بۆ نمونە، کە ئەو جۆرە ئایندارێتییەی کە سۆکرات پێڕەوی لێدەکرد ئاسایی نەبوو، دەشیا ببێتە هۆی سوکایەتیکردن یان بەدحاڵیبوون. ئەوە شتێکی قایلکەرانە نیە کە گریمانە بکەین ئەفلاتون بە سانایی ئەو ئایدیایەی دروستکردووە کە گوایە سۆکرات شوێنی نیشانەیەکی یەزدانی کەوتووە. بەڵام ئەی دەربارەی ئەو هەموو ڕەوتە جیاجیا فەلسەفییانەی کە لە یوتیفرۆندا پێیان دەگەین، کە تێیدا سۆکرات بە شێوەیەکی سەرنەکەوتووانە هەوڵ دەدات لەوە تێبگات کە ئینداریی چیە؟ ئێمە هیچ هۆیەکی باشمان بەدەستەوە نیە تا بیر لەوە بکەینەوە ئەفلاتون لە نوسینی ئەم کارەدا زیاتر ڕۆڵی تۆمارکەرێکی بینیوە، یان شتێکی لەم بابەتە (لێرەو لەوێ وشەیەکی گۆڕیبێت، بەڵام بەشی زۆری نوسینەکە بریتی بێت لە گێڕانەوەی ئەوەی بیستوویەتی کە سۆکرات لەکاتی بەڕێوەبوونیدا بەرەو دادگا وتوویەتی). زیاتر ئەوە ڕێی تێدەچێت کە ئەفلاتون، سەرسام بووبێت بە بۆچوونی نائاساییانەی سۆکرات دەربارەی ئینداریی، هاتبێت لای خۆیەوە پەرەی دابێت بە زنجیرەیەك پرسیارو وەڵام کە بەشێوەیەك داڕێژراون تا پیشانی خوێنەرانی بدات کە چەند زەحمەتە

بگەینە تێگەیشتنێك لەو گۆشە نیگا سێنتەریەی کە هاوشارییەکانی ئەوسای سۆکرات پشتیان پێ بەستبوو بۆ تاوانبارکردن و کوشتنی. ڕەنگە بیرۆکەی گرنگیی گەڕان و پشکنین بەدوای پێناسەکاندا لە ئەسڵا بیرۆکەیەکی سۆکراتی بووبێت (دواتریش ئەرەستۆ، ئەمە دەداتە پاڵی سۆکرات). بەڵام پێچە بەدەورەو هاتن و چوونەکانی ئارگیومێنتەکەی ناو یوتیفرۆن و ئەو دایالۆگانەی تریش کە بەدوای پێناسەکردندا وێڵن، ئەمانە زیاتر ڕێیان تێدەچێت کە بەرهەمی هزری ئەفلاتون بن نەك چەند دەمەتەقێیەك بن بەراستی ڕوویاندابێت.

## 12. بۆچی دایالۆگ؟

هەروەها ئەوەش شتێکی ڕاستەقینە نیە گریمانە بکەین کاتێك ئەفلاتون لە نوسیندا دەسبەکاربوو، بڕیارێکی هوشیارانەی داوە بەوەی هەموو ئەو شتانەی دەیاننوسێت بۆ ئەوەن کە خەڵکی ئاسایی و خوێندنەوەی گشتی بگونجێن (بە ئاوارتەکردنی داکۆکی) هەمووشیان دایالۆگ بن. ئەگەر پرسیارەکە بریتی بێت لە "بۆچی ئەفلاتون دایالۆگی نوسیوە؟" کە گەلێك لە خوێنەرەکانی دەیانەوێت بیکەن، ئەوا پێشگریمانەی ئەوەی لە ساتێك لە ساتەکاندا بڕیارێکی وای دابێت و ئیتر لەسەری ڕۆیشتبێت، شتێکی قایلکەر نیە. باشتر وایە پرسیارەکە ورد بکەینەوە بۆ چەند بەشێکی بچووکتر، باشتر وایە بپرسین: "بۆچی ئەفلاتون ئەم کارەی لە شێوەی دایالۆگدا نوسیوە "بۆ نمونە پرۆتاگۆراس یان کۆمار یاخود خوان یان یاساکان"، هەروەها ئەوەی تریان (تۆ بڵێ تیماوس) کە زیاتر وتارێکی درێژی پرشنگداری ڕەوانبێژانەیە؟" لەبری ئەوەی بپرسین بۆچی پێڕەویی لە شێوازی دایالۆگ کردووە.

باشترین ڕێگا بۆ خەملاندنی ئەوەی بۆچی ئەفلاتون لە کارەکانی خۆیدا شێوازی دایالۆگی پەسەند کردووە، ئەوەیە بپرسین: ئەگەر یەکێك هەوڵ بدات ئەم بێنەو بەرانە لە نوسینەکان بکاتەوەو کەسێتییە قسەکەرەکان لە نیشانەو وەسفە کۆمەڵایەتییەکانیان دابڕنێت و کارەکە بەشێوەیەك بنوسێتەوە وەك ئەوەی ڕاستەوخۆ لە دەمی نوسەرەوە دێتە دەرەوە، چیمان لەکیس دەچێت؟ ئەمە پرسیارێکە کە زۆرجار وەڵامدانەوەی ئاسانە، وەلێ دەشێت وەڵامەکە لە دایالۆگێکەوە بۆ یەکێکی تر بگۆڕێت. بە هەڵگرتنەوەی ئەم ستراتیژە، نابێت لەو

شێمانەیە خۆمان بدزینەوە کە هەندێك لە هۆیەکانی ئەفلاتون بۆ نوسینی ئەم یان ئەو کارە لە شێوەی دایالۆگدا بۆ هەموو کارەکانی شیاون، لەوانەیە یەکێك لەو هۆیانە، ئەوەندەی ئێمە بۆی بچین، بۆ لە هەموو حاڵەتەکانی تریشدا ئامادەیی هەبێت. بۆ نمونە بەکارهێنانی کاراکتەرو دەمەتەقیٚ بوار دەدات گیان ببەخشێت بە کارەکەی، سەرنجی خوێنەرەکانی کێش بکات، بەوەش بگاتە جەماوەرێکی بەرینتر. بەشێك لە هۆی ئەو بەرفراوانیو بەرینییەی خوێنرانەوەی کارەکانی ئەفلاتون بریتیە لە ئەنجامی داڕشتنە دراماتیکییەکەی کارەکانی. تەنانەت هەندێك تێزی وەك تیماوسو یاساکانیش کە لە پەخشانەوە نزیکن، بەهۆی ئەو مۆرکە مشتومڕییەی تێیاندایە دەخوێنرێنەوە. لەوەش زیاتر، فۆرمی دایالۆگ بوار دەدات پرسیارە فێرکارییەکانی ئەفلاتون (چۆن دەشێت فێر ببین؟ باشترین ڕێگای فێربوون چیە؟ لە چ جۆرە کەسانێکەوە دەتوانین فێر بین؟) سەرنجڕاکێش بن و نەك تەنها ناواخنی نوسینەکانی بەڵکو شێوازەکانیشیان کێشمان بکات. تەنانەت لە یاساکانیشدا، ئەم جۆرە پرسیارانە لە هزری ئەفلاتون بەدوور نین، چونکە لە شێوەی دایالۆگدا باس لەوە دەکات کە چۆن هاوشارییانی ئەسینا، سپارتە، کریت لە ڕێگای هەڵگرتنەوەی دامودەزگا سیاسییەکانی یەکترییو پێشخستنیانەوە، دەتوانن لە یەکترییەوە فێر بین.

ئەفلاتون لە هەندێك کاریدا، بە راشکاویی یەکێك لە ئامانجەکانی ئەوەیە هەستێکی سەرسامبوونی مەتەڵئامێز لە نێوانی خوێنەرانیدا بخولقێنێت، شێوازی دایالۆگیشی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە. رەنگە پارمێنیدێس یەکێك بێت لە روونترین نمونەکانی کاری لەم چەشنە، چونکە لێرەدا ئەفلاتون، بە زنجیرەیەك مەتەڵی هەڵنەهێنراو، بە چەندان ناکۆکیی بەرچاو، بەشێوەیەکی زۆر بێڕەحمانە چڕوچاوی خوێنەرانی دەڕوشێنێتو دەستەپاچەیان دەکات. وەلیٚ چەند کارێکی دیکەشی هەمان خەسڵەتیان تێدایە، بەڵام بە پلەیەکی نزمتر: بۆ نمونە، پرۆتاگۆراس (ئایا نیکی فێردەکرێت؟) هیپیاسی بچووك (ئایا خراپەکاریی نائاگایانە باشترە یان خراپەکاریی بە ئارەزوو؟) هەروەها چەند بەشێکی مینۆنیش (ئایا هەندێك کەس بە هۆی سروشی یەزدانییەوە نیکن؟). ڕێك وەك چۆن کەسێك کە لە ئاخاوتنێکدا رووبەڕووی سۆکرات دەبێتەوە، جارجارە دەحەپەسێتو نازانێت ئایا ئەوەی

دەیڵێت مەبەستێتی (یاخود ئایا بە ئەنقەست بەشێوەیەکی ئایرۆنییانە دەدوێت)، بۆیە هەندێجار ئەفلاتون شێوازی دیالۆگ بەکاردەهێنێت بۆ خولقاندنی هەستێکی هاوشێوەی نا ئارامی لە خوێنەرەکانیدا، دەربارەی ئەوەی مەبەستی بووەو دەشبێت ئێمە لەو ئارگیومێنتەی بەردەستمانەوە بەچی بگەین. بەڵام سۆکرات هەمیشە بە شێوەیەکی ئایرۆنییانە قسە ناکات، بە هەمانشێوەش دیالۆگەکانی ئەفلاتون هەمیشە نایانەوێت هەستێکی دەستەپاچەیی دروست بکات دەربارەی ئەوەی دەبێت دەربارەی بابەتی دەمەتەقێکە بیری لێ بکەینەوە. هیچ یاسایەکی میکانیکی لەگۆڕێ نیە بۆ دۆزینەوەی ئەوەی کامەیە باشترین ڕێگای خوێندنەوەی یەکێك لە دیالۆگەکان، هەروەها هیچ ستراتیژێکی ڕاڤەکەریش لە ئارادا نیە کە بە باشی بەسەر هەموو کارەکانیدا پیادە ببێت. ئەگەر دان بە هەمەچەشنیو جیایی شێوازەکانی نوسینی دیالۆگەکاندا بنێینو بە پێی ئەوان شێوەی خوێندنەوەی خۆمان دیاریی بکەین، ئەوا لە خوێندنەوەی خۆمانەوە باشتر لە کارەکانی ئەفلاتون تێدەگەینو سوودی زیاتریان لێ وەردەگرین. نەك بێین یەك تاقە خەملاندن بۆ هەموو کارەکانی بکەینو بیر لەوە بکەینەوە کە دەبوو لێرەدا چی بکردایە (لەبەر ئەوەی لە شوێنێکی تردا شتێکی ئاوای کردووە) ، پێویستە وەها بڕوانینە هەر دیالۆگێك کە خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی. ڕەنگە ئەمە باشترین کاردانەوەی ئێمە بێت بەرامبەری هونەرمەندی و دەستڕەنگینی فەلسەفەکەی.

# سەرچاوەو ژێدەرەکان


- Cooper, John M., ed. Plato: *Complete Works*. Hackett, 1997.

**General Overviews**

- Bobonich, Christopher. *Plato's Utopia Recast: His Later Ethics and Politics*. Oxford University Press, 2002.
- Fine, Gail, ed. *Plato 1: Metaphysics and Epistemology*. Oxford University Press. 1999.
- Fine, Gail, ed. *Plato 2: Ethics, Politics, Religion, and the Soul*. Oxford University Press. 1999.
- Guthrie, W.K.C.. *A History of Greek Philosophy*. Vols. 4 and 5. Cambridge University Press, 1975, 1978.
- Irwin, Terence. *Plato's Ethics*. Oxford University Press, 1995.
- Kraut, Richard, ed. *The Cambridge Companion to Plato*. Cambridge University Press, 1992.
- McCabe, Mary Margaret. *Plato's Individuals*. Princeton University Press, 1994.
- Nails, Debra. *The People of Plato: A Prosopography of Plato and Other Socratics*. Hackett, 2002. (An encyclopedia of information about the characters in all of the dialogues.)
- Rowe, Christopher & Malcolm Schofield, eds. *Greek and Roman Political Thought*. Cambridge University Press, 2000. (Contains 7 introductory essays by 7 hands on Socratic and Platonic political thought.)
- Silverman, Allan. *The Dialectic of Essence: A Study of Plato's Metaphysics*. Princeton University Press, 2002.
- Vlastos, Gregory. *Studies in Greek Philosophy*, Vol. 2: *Socrates, Plato, and Their Tradition*. Ed. by Daniel W. Graham. Princeton University Press, 1995.
- White, Nicholas P. *Plato on Knowledge and Reality*. Hackett, 1976.

**Socrates**

- Brickhouse, Thomas C. & Nicholas D. Smith. *Plato's Socrates*. Oxford University Press. 1994.
- Guthrie, W.K.C. *Socrates*. Cambridge University Press. 1971.
- Vander Waerdt, Paul. A. (ed.) *The Socratic Movement*. Cornell University Press, 1994.
- Vlastos, Gregory. *Socrates: Ironist and Moral Philosopher*. Cambridge University Press, 1991.

**Interpretive Strategies**

• Blondell, Ruby. *The Play of Character in Plato's Dialogues*. Cambridge University Press, 2002.
• Frede, Michael. "Plato's Arguments and the Dialogue Form." In *Oxford Studies in Ancient Philosophy*. Supplementary Volume 1992. Oxford University Press, 1992, pp. 201-220.
• Griswold, Charles L., ed.. *Platonic Writings, Platonic Readings*. Routledge, 1988.
• Kahn, Charles H. *Plato and the Socratic Dialogue*: *The Philosophical Use of a Literary Form*. Cambridge University Press, 1996.
• Nails, Debra. *Agora, Academy, and the Conduct of Philosophy*. Kluwer Academic Publishers. 1995.
• Press, Gerald A., ed. *Who Speaks for Plato? Studies in Platonic Anonymity*. Rowman & Littlefield, 2000.
• Sayre, Kenneth. *Plato's Literary Garden*. University of Notre Dame Press, 1995.

**Chronology of the Dialogues**

• Brandwood, Leonard. *The Chronology of Plato's Dialogues*. Cambridge University Press, 1990.
• Ledger, Gerald R. *Re-Counting Plato: A Computer Analysis of Plato's Style*. Oxford University Press, 1989.
• Thesleff, Holger. *Studies in Platonic Chronology*. Commentationes Humanarum Litterarum 70. Helsinki: Societas Scientiarum Fennica. 1982.
• Young, Charles M. "Plato and Computer Dating." *Oxford Studies in Ancient Philosophy* 12 (1994), pp. 227-250.

Copyright © 2004
*rkraut1@northwestern.edu*

www.pertwk.com

# بڵاوکراوەکانی وەرگێڕ

| ز ناوی کتێب | نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|
| 1. خوان | ئەفلاتون | 1999 |
| 2. هەڵسەنگاندنی شێوازی دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2000 |
| 3. ئایندەی وەهم | فرۆید | 2000 |
| 4. جیهانی میشیل فۆکۆ | فرانسوا دۆس و .. | 2001 |
| 5. دەوڵەت, کۆمەڵگای مەدەنی | فالح عەبدولجەبار | 2001 |
| 6. ئاین و کەسێتی | دانیاڵ ڵ. پاڵس | 2002 |
| 7. پۆزش | ئەفلاتون | 2002 |
| 8. روناکبیر و دەسەڵات | محەمەد ئەلشێخ | 2002 |
| 9. پێکەنین و بیرچوونەوە | میلان کۆندێرا | 2003 |
| 10.فەلسەفەی خۆراوایی | ئینکارتا | 2003 |
| 11.لێکدانەوەی خەونەکان | فرۆید | 2003 |
| 12.لەگەڵ ئەقڵی خۆراوایی ( لەگەڵ ئازاد بەرزنجی) | کۆمەڵێك دیمانە | 2004 |
| 13. ئیرهاب.. دیموکراسی.. (لەگەڵ چەند نوسەرێك) | چۆمسکی | 2004 |
| 14. دەرونشیکاریی و ئەو | جەی ئێف دۆنسێل | 2005 |
| 15. تیرۆریزم | یروس هۆفمان | 2005 |

## پرۆژەی تێکستە فەلسەفییەکان

| | | |
|---|---|---|
| 1. فایدۆن | ئەفلاتون | 2003 |
| 2. گۆرگیاس | ئەفلاتون | 2004 |
| 3. یوتیفرۆن, داکۆکی, کریتۆن | ئەفلاتون | 2004 |
| 4. پرۆتاگۆراس و ئایۆن | ئەفلاتون | 2004 |